# شەش مانگ زیندانی

بریتییە لە دەلاقەیك

## بەسەر دۆزەخی زیندانەکانی بەعسەوە

دکتۆر

حەسەن پێنجوێنی

چاپی دووەم

٢٠١٧ -١٤٣٨

**بسم الله الرحمن الرحيم**

" أَحَسِبَ النَّاسُ أَنْ يُتْرَكُوا أَنْ يَقُولُوا: آمَنَّا، وَهُمْ لا يُفْتَنُونَ؟ وَلَقَدْ فَتَنَّا الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ، فَلَيَعْلَمَنَّ اللَّهُ الَّذِينَ صَدَقُوا، وَلَيَعْلَمَنَّ الْكَاذِبِينَ. أَمْ حَسِبَ الَّذِينَ يَعْمَلُونَ السَّيِّئَاتِ أَنْ يَسْبِقُونَا؟ سَاءَ مَا يَحْكُمُونَ. مَنْ كَانَ يَرْجُو لِقَاءَ اللَّهِ فَإِنَّ أَجَلَ اللَّهِ لآتٍ، وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ" سورة **العنكبوت**/2- 5.

"أَيَحْسَبُ الإِنسَانُ أَنْ يُتْرَكَ سُدًى؟" سورة القيامة/36.


**ناوی کتێب: شەش مانگ زیندانی .**

**نووســـەر: حەسەن پێنجوێنی.**

**تـــــیراژ:** 3000 .

**چاپی(2): 1438 کۆچی - 2017 زاینی.**

**چاپخانە: ناوەندی سـارا – سلێمانی**

بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان.

## پێشەکی چاپی دووەم:

خوێنەری بەڕێز! ئەم بابەتە وەسیقەیەکی زیندووە، وەك شایەتحاڵێك لەسەر ئەوبارو دۆخەی کوردستان و خەڵکی کوردی تیا دەژیا لە سایەی دەسەڵاتی حیزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستدا. لەساڵی ٢٠٠٦بە ژمارەیەکی سنوردار چاپی یەکەمی کرا..

لەم چاپی دووەمەیدا هیچی نوێمان نەخستۆتە سەر چاپی یەکەم، جگە لەناو و ژمارەی ئەو برایانەی فەرمانی کوشتنیان دەرچوو، ئەوانەش کە بۆ هەمیشەیی و پانزە ساڵ، و دەساڵ و پێنج ساڵ، حوکمیان بەسەرا درا..

ئەوەش وەبیرتان دێنمەوە کەلەم نووسینەدا ئەوشتانەم باسکردووە کە بەچاوی خۆم دیومە، یا بەگوێی خۆم لەوانەم بیستوە کەلە زیندانا پێکەوە بووین، و بۆی گێڕاومەتەوە. لەم نووسینەدا وەك ڕووداوێکی مێژوویی ڕووت باسەکەم پێشکەش کردووە، زۆر خۆم لە ئەندێشەو خەیاڵ دوور خستۆتەوە، بۆ

ئەوەی ئەم رووداوە مێژووییی و بەسەرهاتە واقیعیانە لەگەڵ خەیاڵ و ئەندێشەدا ئاوێتە نەبن..

هیوادارم سوودی بۆ خوشك وبرایانی هاوزمانم هەبێ، و وورەی کەم وورەکان بەرزبکاتەوە، و تین وگوڕێکیش بێ بۆ وورە دارەکان، هەمیشە ئەم ئایەتەمان لەپێش چاو بێت کە دەفەرموێ: " وَمَا لَنَا أَلَّا نَتَوَكَّلَ عَلَى اللَّهِ وَقَدْ هَدَانَا سُبُلَنَا، وَلَنَصبِرَنَّ عَلَىٰ مَا آذَيْتُمُونَا، وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُتَوَكِّلُونَ" [1] واتە: لەگەڵ ئەوەدا کە پەروەردگار بۆ هەموو رێیەکی چاك وبەسوود رێنوێنی کردوین، ئیتر چۆن پشتی پێ نەبەستین؟! و بەدڵنیاییەوە لەبەرامبەر سزاو ئازاری ئێوەشدا خۆ دەگرین و ناڕوخێین، دەبا ئەوانەش کە پشتیوانیان پێویستە هەر پشت بەخوا ببەستن..

سلێمانی – کوردستانی عیراق

٢٠١٧ _ ١٤٣٨

---

[1]- سورة إبراهيم/ 12.

## پێشەكی چاپی یەكەم:

خوێنەری بەڕێز! ئێمەی موسڵمان باوەڕمان وایە: لەم بوونەوەرەدا هیچ شتێك بێ بەرنامە و مەبەست نییە، و هەرچیش روودەدات بەپێی ئەو بەرنامەیە دێتە دی. "كُلُّ شَيْءٍ عِنْدَهُ بِمِقْدَارٍ"[2] وە هەروەها پێمان وایە هەر رووداوێ دەرزێ یا چەند دەرزێكی تیایە. وە هەربەسەرهاتێ پەندێ یا زیاتری لێ وەردەگیرێ.

ئەوەتە خودای باڵادەست لەبارەی باس وبەسەرهاتی پێغەمەرانی پێشین و نەتەوەكانیانەوە دەفەرموێ: بێگومان خاوەن دڵانی ژیر لەبەسەرهاتیانا پەند وەردەگرن " لَقَدْ كَانَ فِي قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ لِأُولِي الْأَلْبَابِ "[3] وە هەروەها رووەدكاتە پێغەممەر صلی الله علیه وسلم دەفەرموێ: بەسەرهاتیان بۆ باس بكە بەڵكو بیر بكەنەوە" فَاقْصُصِ الْقَصَصَ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ "[4] جێی خۆیەتی ئێمەش هەر

---

2- سورة الرعد/8.
3- سورة يوسف/115.
4- سورة الأعراف/176.

باس وبەسەرهاتێکمان بیست دەرزی لێ فێرببین و پەندی لێ وەربگرین.

ئەم بڕگەیەی ژیانی منیش کە {شەش مانگی زیندانییە} پڕیەتی لەرووداوی چڕو پڕ و سەیرو سەمەرەو دڵتەزێن و خەمهێنەر، هەندێکاتیش دڵخۆشکەر و پێکەنین هێنەر، لەناو دوو توێ یاندا پەندێکی زۆر خۆیان مەڵاس داوە، و دەرزێکی زۆریش خۆیان حەشار داوە..

بۆ نموونە: لەکاتی گێژەڵوکەدا دەبینیت داری قەبە و گەورە و زل  بە زەویدا دەکەوێت، و بەڕەگ و ریشەوە دێتە دەر و تلێر دەبێتەوە، کەچی نەمامی ساوای خەڵف ناسك جێگیرو پایەدار دەبێت، و لەجێی خۆیا نا بزوێت، و وەك خۆی دەمێنێتەوە.. یا کەسانێك دەبینی لە رواڵەتا دوژمنن، کەچی لە زەمینەی واقیعدا چەندەها کاری جوامێرانەیان لێ دەوەشێتەوە و پیاوەتی گەورەت لەتەکا ئەکەن!!

یا لەلایەن دوژمنەوە چیها کەرەسەی نزم و پەست بۆ رووخاندنی ورەی تۆی مرۆڤ بەکار دەهێنرێ!!

چۆن هاوەڵەکەت بەزۆر دێنێ و دەبێ لەبەرچاوتدا بڵێت: من هەمو شتێکم گوتووە، وتۆیش چی دەزانی بیڵێ!! تا داخ بەدڵتا بچێت و باوەڕ ومتمانە لەنێوانتاندا نەمێنێ، و تۆیش چی

دەزانی بیڵێیت!!

چۆن کەسانێك بێ ئاگایانە قسەدەکەن وئەنجامی ئەوقسانەیان لێك نادەنەوە!! ئەوقسەیەش بەحسابی خۆی لە خۆشەویستیدا کردوویەتی، چۆن دەبێتە دوژمنایەتییەکی گەورە!!

هەندێ کەس لەکاتی ئاسایش و خۆشیدا چۆن خۆیان گیف دەکەنەوە و بە منەتەوە پێ بەسەر زەوییدا دەنێن، کەچی لەکاتی تەنگانەدا دەبنە قەزم وگرگن و لە بەردەست دوژمندا خۆیان زەلیل و رسوا دەکەن!!

چۆن  کەسانێك بەهۆی دەورو بەری درماویی (مَوْبُوء)ەوە خۆیان لێ دەگۆڕێ و بەحساب لەخوا یاخی دەبن، و واپیشان دەدەن کەباوەڕیان هەرنییەو خوایش ناناسن، و هەوڵی کافرکردنی خەڵکی تریش دەدەن!! بەڵام هەرلەگەڵ کەوتنە تەنگانەوە و مووچیان گیری خوارد، چۆن هانا بۆ خوا دەبەن و لێی دەپاڕێنەوە و یادی دەکەن و دەیپەرستن!! پێشتر ئامادە نەبوون گوێ بۆ باسی ئیسلام بگرن!! کەچی ئێستا زۆر بە تامەزرۆییەوە هەموو گیانیان دەکەنە گوێ بۆ بیستنی ئەو باسە.!!

هەروەها بۆمان روون دەبێتەوە کە ئارامی و خۆگری چ بەرهەمێکی گەورەی هەیە؟! و رووخان و وورە بەردانیش چ

**زیانێکی گەورە، ئەوسا لەواتای ئەو داخوازییە قورئانییە حاڵی دەبین کە دەفەرموێ: خۆگربن بێگومان خوا لەتەك خۆگراندایە.. " وَاصْبِرُوا إِنَّ اللَّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ "** [5]**.و چەندەها شتی تریش.**

**ئەوی شایانی باسە نووسینەکەم ئەو شتانەیە کە بەچاوی خۆم دیومە، یا بەگوێی خۆم لەوانەم بیستوە کەلە زیندانا پێکەوە بووین و بۆی گێڕاومەتەوە. لەم نووسینەدا وەك ڕووداوێکی مێژوویی رووت باسەکەم پێشکەش کردووە، تا ئەندازەیەکی زۆر خۆم لە ئەندێشەو خەیاڵ دوور خستۆتەوە، بۆ ئەوەی ئەم رووداوە مێژوویی و بەسەرهاتە واقیعیانە لەگەڵ خەیاڵ و ئەندێشەدا تێکەڵ نەبن..**

**هیوادارم سوودی بۆ خوشك وبرایانی هاو زمانم هەبێ، و وورەی بێ وورەکانی پێ بەرزببێتەوە، و تین و هێزێکیش بێ بۆ وورەدارەکان، داواکارم خوا صەبرو خۆگری زۆرمان پێ ببەخشێت تا لەبەرامبەر ئازارو سزای دوژمنانی خواو خەڵکی خواوە نەڕووخێین، وپێکەوە ئەم ئایەتە قورئانییە بخوێنینەوە کەدەفەرموێ:** " وَمَا لَنَا أَلاَّ نَتَوَكَّلَ عَلَى اللَّهِ وَقَدْ هَدَانَا سُبُلَنَا وَلَنَصْبِرَنَّ عَلَى مَا آذَيْتُمُونَا، وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلْ

---

5- سورة الأنفال/46.

الْمُتَوَكِّلُونَ."(6) واتە: لەگەڵ ئەوەدا کە پەروەردگارمان بۆ هەموو ڕێیەکی چاك وبەسوود ڕێنوێنی کردوین، ئیتر چۆن پشتی پێ نەبەستین؟! و بەدڵنیاییەوە لەبەرامبەر سزاو ئازاری ئێوەشدا خۆ دەگرین و ناڕوخێین، دەبا ئەوانەش کە پشتیوانیان پێویستە هەر پشت بەخوا ببەستن..

پاش ئەوەی کە بۆ جاری دووەم فەرمانی گرتنم لەلایەن ڕژێمەوە دەرچوو، و هەڵهاتین ودێهاتی کوردستانیش هیچی نەمابوو، ناچار بەرەو کوردستانی ئێران ڕۆیشتین، و لە شاری پاوە یەك دوو مانگێك ماینەوە، لەوکاتەدا مامۆستا صلاح الدین تەشریفیان هێناو پاش باس و خواسێك داوای لێ کردم کە بەسەرهاتی زیندانەکەم بنووسمەوە، و وەك وەسیقە و داکۆمێنتێك بمێنێتەوە، منیش لەسەر داوای بەڕێزیان نووسیمەوە، ولەو کاتەدا مەلا محمدی کەلاری دوکانی فتوکۆپی هەبوو، نوسخەیەکم لێ کۆپی کرد، مەلا محمد یش گوتی: ئەگەر ئیجازە بدەیت دەمەوێ نوسخەیەکیش بۆخۆم کۆپی بکەم، گوتم: باشە بەمەرجێ هەرلای خۆت بێ، و بۆخوت بێ و بەس، نووسخە ئەصلییەکەم پێشکەش بەمامۆستا صلاح الدین کرد، ونوسخەیەکیشم بۆخۆم دانا، لەدواییدا بیرم کردەوە ئەم وڵاتانە جێی متمانە نین، و لەوانەیە زروفێکی

---

6- سورة إبراهيم/ 12.

تایبەت بێت بەسەرا و تێدا بچیٚ، لەبەر ئەوە نوسخەکەی خۆمم بەپۆستا بۆ مامۆستا موحسین جوامێر نارد لە سوید، و گوتم: با بەئەمانەت لای بەڕێزتان بێت تا کاتیٚ داوای دەکەم. خوا پاداشتی بداتەوە ئەویش بۆی هەڵگرتم.

لەبەهاری 2002دا ڕۆیشتمەوە بۆ کوردستان و هەواڵی ئەو نوسخەیەم لەمامۆستا پرسی کە لەپاوە پێشکەشم کردبوو، گوتیان: نەماوە. کاتیٚ گەڕامەوە لەئەڵمانیاوە تەلەفونم بۆ مامۆستا موحسین کرد ئەویش بۆی ناردمەوە.

ئەمە بەسەرهاتی ئەم دەسخەتەبوو، ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە بخرێتە ناو کەمپیوتەر و بەردەست خوێنەرانەوە، تا وەك وەسیقەیەك بمێنێتەوە و شایەتێکی زیندووبیٚ لەسەر بارو دۆخی ئەو سەردەمەی عیراق و بەتایبەتیش کوردستان لە سایەی ڕژێمی بەعسی سۆشیالیستدا..

د. حەسەنی پێنجوێنی.

سلێمانی- کوردستانی عیراق

٢٠١٧/٢/٢

## چۆن دەستگیر کرام؟

ئێوارە وەختە بوو، لارە سێبەر هاتبوەوە و زۆری نەمابوو شەو بەچارشێوە رەشەکە یەوە پرچی زێرینی خۆر داپۆشێ، زستان لەهەرەتی لاویەتیدا بوو، هەوا زۆر ساردبوو، رۆژی سێ شەممە 1/13/ 1987 بوو، لەتەك دوومیوانی خۆشەویستمدا کاك جەزاو کاك دلێر دانیشتبووین. دایان لەزەنگی دەرگاو منیش رۆیشتم بۆم کردنەوە، دیتم پیاوێکی کورتەبالآی رووخۆش و زمان شیرین، لەگەلٚ پیاوێکی چاو زەقی مۆنی، سمێلٚ بابڕ، لە بەردەرگا وەستاون، زمان شیرینەکەیان گوتی: ئەمەیە مالٚ مامۆستا حەسەنی پێنجوێنی؟

گوتم: بەلٚێ.

گوتی: جەنابت مامۆستایت؟

گوتم: بەلٚێ.

گوتی: هەولٚت داوە نازانم بۆ مەسەلەی دامەزراندنەوە یا تەقاعودی؟

گوتم: بەلٚێ.

گوتی: دەی منیان بەشوێنتا ناردووە، تا بێیت بۆ ئەوێ و چەند پرسیارێکت لێ بکەن و بگەڕێیتەوە، گوتم: دەی فەرموو دابنیشن و پشوویەك بدەن..

گوتیان: نەخێر دەڕۆین پەلەمانە..

گوتم: باشە ئێوە بڕۆن، من بەیانی دێم..

گوتی: ئاخر نابێ..

گوتم: بۆچ؟

گوتی: چونکە فەرمانی گەڕانەوەکەت لە دیوانی سەرەك کۆمارییەوە هاتووە، ئەمان دەیانەوێ زۆر بەخێرایی وەڵامەکەی بدەنەوە.. تەنیا چەند پرسیارێکت لێ دەکەن و خێرا دەگەڕێیتەوە..

گوتم: برا! درەنگە و با بەیانی بێ..

گوتی: برا! شەرەفم نەبێ چەند پرسیارێکت لێ دەکەن و دەگەڕێیتەوە، ئەوەش بزانە چونکە ئەمرەکە ئەمری بەغدایە زۆر مەبەستیانە کارەکەت زوو جێبەجێ بکرێت!! باوەڕت هەبێ ئەمڕۆ بەڕێوە بەری ئاسایشی ناوشار چوارجار ناردوویەتی بەشوێنمدا..تا تۆ بدۆزمەوەو خێرا کارەکەت جێبەجێ بکرێ، فەرموو خێرا خۆت گورج بکەرەوە، با بڕۆین.. شەرەفم نەبێ!! هەر ئێستا دێیتەوە..

بەڵێ منیش چوومە ژوورەوە و خۆمم گورج کردەوە، و بەبرادەرەکانم گوت: شتێکی وا هەیە، ئێوە راتان چییە؟

کاك دلێر گوتی: من پێم وایە نەڕۆیت باشە، چونکە ئەو پیاوە

لەهەولێر گیراوە، لەوانەیە ناوی تۆی هێنابێ، خۆ ئەگەر بڵێیت: تەنیا مەرحەبایی لەنێوانماندا هەبووە، هەر دەتگرن ودەتبەن، نەوەکو ناوی تۆی دابێ مەڕۆ، وا دەزانم نەڕۆیت باشترە..

کاك جەزایش گوتی: ئەوپیاوە من دەیناسم، ئەوە کوێخای بەعسە، هەزار و یەك درۆت بۆ بکات بەلایەوە گرنگ نییە، منیش پێم وایە نەچیت باشترە، ئەتوانی لەدەرگای پشتەوە دەربچیت و تاتۆ دەردەچیت من دەڕۆم بەقسە مەشغوولیان دەکەم.

لەم کاتەدا حسەینی برام هات و گوتی: ئەوە چییە؟

مەسەلەکەم بۆ گێڕایەوەو گوتم: تۆ ڕات چییە؟

گوتی: ئەسڵن مەترسە و تەنیا بۆ گەڕانەوەو دامەزراندنەوەتە و هیچی تر.

گوتم: ئاخر چوار ڕۆژ لەمەوبەر لەهەولێرەوە برادەرێکم هەواڵی بۆ هێنام کە دکتۆر عیصام ڕاوی گیراوە، و لەوانەیە لەژێر ئەشکەنجەو سزادا ناوی تۆبڵێ، ئاگات لەخۆت بێت..

حسەین گوتی: برا وەڵلاهی مەترسە، چونکە باوەڕناکەم دکتۆر عیصام ئەوەند بێ ورەبووبێ و بەم چوار ڕۆژە رووخابێ و ناوی تۆی دابێ..برۆ بابڕۆین منیش دێم لە گەڵتا!!

بەمیوانەکانم گوت: برایان! من ئەڕۆم، بەڵام ئەگەر تا خۆرئاوا (مەغریب) نەهاتمەوە، ئێوە هەرچی کتێب و نەوار و دەستنووسم هەیە بیشارنەوە، ئیتر خوا حافیزیم لێکردن، من و حسەین و دوو زەلامەکەی تر رۆیشتین، لەرێگەدا لەقسە خۆشەکەیانم پرسی: تۆ ناوت چییە؟

گوتی: ئەی قوربان! نام ناسی؟! خۆ من کوێخاو ( موختار)ی هەواره بەرزەم، ناوم شێخ عەلیە..

گەیشتینە دوکانەکەی حاجی بارام، جەعفەری کوڕی چۆن وچاکی لەگەڵ کردن، ئەوی راستی بێ ترسێکم بۆ دروست بوو، دڵم باشی نەدەگوت!! بۆیە بەجەعفەرم گوت: تۆ ئەو مۆنەیان دەناسی؟

گوتی: بەڵێ..

گوتم: چ کارەیە؟

گوتی: لەدایەرەی ئەمنە، و ناوی (شێخ عەبدوول)ە!!

گوتم: دە پیاوی چاکبە، پێی بڵێ: ئەگەر دەزانی شتێکی خراپ هەیە، بانەیەت لە گەڵتانا!!

گوتی: بەسەر چاو، جەعفەر بانگی کردە لاوەو لێی پرسی.

ئەویش گوتی: وەڵڵا بۆ هیچ شتێکی خراپ نییە، تەنیا چەند پرسیارێکی لێ دەکەن و دێتەوە. جا قابیلە من بزانم شتی

خراپ هەیە و بێم بە شوێنیا؟!

شێخ عەلیش دەستی بۆ سمێڵی خۆی برد و گوتی: ئەم سمێلە سمێڵی پیاو نەبێ، بم زانیبایە شتێکی خراپ هەیە نەدەهاتم بەشوێنیا، باوکم ئەگەر خوا نەخواستە شتێ رووی دا خوێنم حەڵاڵتان بێت!!

بەڵێ رۆیشتین تا سەر جادەی قیرەکەو بەردەرگای ماڵ مەلا سەید حەسەنی حافز، لەوێ تەکسیەکم بۆ گرتن و هەر چوارمان سوار بووین و رۆیشتین.. لە فولکەی کاوەی تووی مەلیك بە سایەقەکەیان گوت: بەم لادا، بەرەو زانکۆ..

لەویادا دڵم داخورپا، رۆیشتین تا چووینە فولکەی ئیسکان، و بەرەو دەرگای بەڕێوە بەری ئەمنی بەلدە، حسەینی برامیان دابەزاند، و گوتیان: تا ئەم دێتەوە تۆ لێرەدا چاوەڕوان بە!! ئێمەش رۆیشتینە ژوورێ، و لە پرسگەی دایەرەکە دانیشتین، کوێخا لای من مایەوە و عەبدولی ئەمن رۆیشتە سەرەوە بۆلای بەڕێوەبەر.

## ئاسایشی ناوشار(ئەمنی بەلدە):

ماوەیەکی پێ چوو عەبدول هاتەوە و گوتی: بەڕێوەبەر دەڵێ: بابێنە ژوورەوە..

لەو ناوەدا تەنیا سەربازێکم بینی کەپاسەوان بوو، دەنا چەك

بەدەستێکی ترم تیا نەبینی، چۆڵ وهۆڵ.. لەدڵی خۆیشمدا دەمگوت: ئەگەر مەبەستیان گرتنم بوایە مەفرەزەیەك سەربازیان بە شوێنما دەنارد!! یاهێزێکی چەکداریان لەو ناوەدا بۆ پارێزگاری دادەنا، کەوابوو جێی مەترسی نییە!! لەپلەکان سەرکەوتین، و بەلای چەپدا لامان کردەوە، و بەرەو یەکەم ژوور رۆیشتین، دەرگامان کردەوەو سلاّومان کرد..

**بەڕێوەبەر**:

پیاوێکی عەرەبی، رەشتاڵەی، بالاّ بەرزی، دەم پانی، زمان بلّمی، سەر نیوە رووتاوە، قژی ئەملاولای سەری دابوویەوە بەسەر ناوچە بێ مووەکەیدا، تا وا پیشان بدات سەری نەڕوتاوەتەوە!! وەلاّمی سلاّوەکەی دایەوەو تەوقەی لەگەڵ کردم وگوتی: فەرموو، دابنیشە، لەوکاتەدا دەستی بۆ قەنەفەیەکی بەرامبەری راکێشا!! منیش دانیشتم..

بەعەرەبی گوتی: مامۆستا! ناوت چییە؟

گوتم: حەسەن.

گوتی: باوکت؟

گوتم: موحەممەد ئەمین.

گوتی: باپیرت؟

گوتم: موستەفا.

گوتی: شوێنی لەدایك بوونت، واتە: لەكوێ لەدایك بوویت؟

گوتم: پێنجوێن..

گوتی: كەوابوو جەنابت حەسەن پێنجوێنیت؟!

گوتم: بەڵێ..

گوتی: بەداخەوە فەرمانم بۆ هاتووە بتگرم و بەندت بكەم!!

گوتم: بۆچ؟ گوتی: لەمەولا خۆت دەزانی..

گوتم: إنا لله  وإنا إليه راجعون.

ئینجا نامەیەكی نووسی و دایە دەست ئەمنێكی عەرەب وگوتی: شەوێ بیهێنن بۆ خوارەوە. هەر ئێستاش بڕۆن ئەو پیاوەی تر بەربدەن كە لەجیاتی ئەم گرتوومانە!!

منیان هێنایە دەروە و گوتیان: لەسەر ئەو كورسییە دابنیشە، و ئەگەر تینوویشت بوو ئەوە ئاوە لەسەر مێزەكەدا!!

بەڵێ لەپەنای مێزەكە دانیشتم، هەندێ ئاوم خواردەوە، لەو كاتەدا مەلا حەسەنی (گونە)یی[7] هاتە دەرەوە، مەلا حەسەن ڕەنگی هەڵبزڕكا بوو، لێوی باری گرتبوو، گەیشتە نزیك منەوە تا توانی دەستی بەرز كردەوەو سلاَوێكی كرد، وەك ئەوە بڵێ: ماڵت ئاوا هەروەك هاتیت و منت رزگار كرد!!

---

7- گونە، دێیەكە لە ناوچەی دەربەندیخان.

بەڵێ، کوێخای گەڕەك  هاتەوە بۆ لام وگوتی: خەم مەخۆ مەعلووم هیچی خراپ نییە و بەردەبیت!!

گوتم: پیاوەتییەکی باشت لەگەڵا کردم!! ئاخر بۆ ئاوەها پێوەت کردم؟! تۆ بەڵێنی شەرەفت دا، کوا پەیمان و سوێند و سمێڵەکەت؟

سوێندی زۆری خوارد و گوتی: ئەگەر بم زانیبایە بۆ گرتنە، نەدەهاتم بەشوێنتا.

گوتم: هەر وەك ئەمەت کردو گیرۆدەت کردم، پیاوی چاکبە حسەینی برام  هەرلەویا وەستاوە و چاوەڕوانە، پێی بڵێ: گیراوە، بابڕواتەوە، ئەگەر توانییان هەوڵێکم بۆ بدەن!!

گوتی: ئەی بەسەر چاوەکانم و ڕۆیشت..

## تۆپ بارانی ناوشار:

لەو کاتەدا تۆپ بارانی ناوشار دەکرا، هێرشەکەی بەسرە بوو، دەریاچەی ماسی گیرابوو، تەلەفزیۆنی بەغدا پەیتا پەیتا هاواری دەکرد، کە: چاوەڕوانی بەیانێکی گرنگ بن،  هەموو لێپرسراوی دایەرەکە ، چاویان بڕیبوە شاشەی تەلەفزیۆنەکە.. ماوەی سەعات ونیوێ لەوێ مامەوە، چایەکیان بۆ هێنام، کەمێ دەمم تەڕ بوو، لەناو هۆڵەکەدا هات وچۆم دەکرد و دەگەڕام، چەند جارێ ویستم هەڵبێم و رابکەم، ئەگەر لاقم

سەقەت نەبوایە زۆر بەئاسانی دەمتوانی رابکەم. دواین جار ویستم بچمە خوارەوە و برۆم، ئەمنێك لەبەردەممدا قوت بووەوە، ئیتر رێسەکەم بووە وە بەخوری!! وادیارە لە ژێر چاودێری کامێرەدا بووبم بێ ئەوەی بە خۆم بزانم..

پاشان گەڕامەوە بۆ لای مێزەکە، ئەمنەکەیش رۆیشتە ژوورێك، چاوم گێڕا کەس دیار نەبوو، دەستم کرد بەباخەڵما خۆم پشکنی، هیچی وام پێ نەبوو لێی بترسم، جگە لە دەفتەری تەلەفوونەکەی باخەڵم..

خێرا دەرم هێنا و رۆیشتمە نزیك پەنجەرەکەوە، تاکێکیانم کردەوە، ژێر چوار چێوەکەی بۆش بوو، چاوم گێڕا کەس دیار نەبوو، دەفتەرچەکەم لەژێر چوار چێوەکەدا قایم کرد..

ئالەم کاتەدا وەك سەر لوتکەی چیا بەرزەکان کە بەئاستەم خۆریان پێوەمابوو، رەنگم زەردببو، لێوم توێژاڵی لێ نیشتبوو، زارم وشك ببو، پەیتا پەیتا ئاوم دەخواردەوە، و عەیب نەبێ میزە چرکەم پێ کەوتبوو!! سەرزەنشتی خۆمم دەکرد کە بۆچ لەگەڵ ئەوانەدا هاتم؟ خۆم تاوانبارم!! کە من هەواڵم زانی ئەو پیاوە گیراوە، بۆچ خۆمم نەشاردەوە، تا بزانم چی دەبێ؟؟ بۆ لە دەرگای سەر بانەوە دەر نەچووم؟ بۆ؟ بۆ؟.....؟

بەڵێ، بەو جۆرە وچەندان پرسیاری تر سەرکۆنەو

سەرزەنشتی خۆمم دەکرد!! و تەنیا بە وشەی (لاحول ولا قوة الا بالله العظیم) وەلآمی خۆمم دەدایەوە!!

## چۆن و بەچی خلّەتام؟

لەوانەیە تۆیش بپرسیت وبلّێیت: تۆکە زانیت دکتۆر عیصام گیراوە و هەواڵت پێ گەیشت، ئیتر چۆن رۆیشتیت لەتەکیاندا؟

مافی خۆتە ئەوپرسیارە بکەیت بەلآم ئەگەر تۆیش لە جێی منا بوویتایە لەوانەیە بلّێم هەر هەمان هەلّوێستت دەبوو!!

لەوانەیە بلّێیت چۆن؟

دەلّێم: سێ رۆژ لەوە پێش لەقوتابخانەکەمەوە نووسراوێکم پێ گەیشت کە تیایا نووسرابوو: ئەگەر نەڕۆیتەوە سەر کارەکەت و سەرێك لەبەڕێوەبەرایەتی پەروەردە نەدەیت بۆ هەمیشە لەسەر کار لا دەبرێیت، و فەصل دەکرێیت!!

منیش شەش مانگ بوو مانگانەو معاشم وەرنەگرتبوو، چونکە لەفێرگەی سەربازیدا بەشداریم نەکردبوو، و بۆ (جیش الشعبی)یش نەڕۆیشتبووم!!

بەلّێ، رۆیشتم بۆ پەروەردە و رۆیشتمە لای لێ پرسراوی بەشی قوتابخانە ناوەندی یەکان، ئافرەتێکی مەسیحی بوو بەناوی (نەجوا )، لێم پرسی: مەسەلە چییە؟ بۆچ ئەم نووسراوەم بۆهاتووە؟

گوتی: چاکەیەکی باشم لەتەکا کردوویت، و پێم خۆش بوو ئاگادارت بکەم کە ئەوچاکەیەم لەتەکا کردوویت!! بەڵام شوێن وجێگاتم نەدەزانی، لەبەر ئەوە ئەو نووسراوەم بەچاکترین وەسیلە زانی، بۆ ئەوەی بێیت و لەوبارەوە ئاگادارت بکەمەوە.

گوتم: پێشەکی سوپاست دەکەم، و ئەوا هاتووم، کەوابوو بۆم باس بکە بزانم ئەم چاکەیەت چی بووە؟

گوتی: ماوەیەك لەمەوبەر بانگیان کردم بۆ بەغدا، و لە دیوانی سەرەك کۆماریدا کۆبوونەوەمان هەبوو، و لەبارەی ئەو مامۆستا یانەوە قسەمان کردووە کە لەفێرگەی سەربازیدا بەشدارییان نەکردووە، لەوێدا ناوی تۆ هاتۆتە پێشەوە، منیش پێم گوتوون: یەکێك لەوانەی کە بەشداری نەکردووە ئەو پیاوەیە، و لەڕێی دەورەیەکی زانیاریدا کە خۆمان ناردبوومان لەرووداوی ترومبێلدا لاقێکی شکاوە، و سێ ساڵی تەواو نەیتوانیوە بچێتە قوتابخانەکەی و ئێستاش ئەو لاقەی سەقەت بووە..

گوتی: ئەوانیش پێیان گوتووم: لەو ئیجازانەی وەریگرتووە، و لەو بەڵگە نامانەی پێی چووەتە نەخۆشخانە و پێی هاتۆتە دەر سەرو دانەمان بۆکۆپی بکەو بۆمان بنێرە، تا ئێمەش لەگەڵ ئەوانی ترا حسابی بۆ نەکەین!!

گوتی: جا منیش ئەوکارەم کردووە و لەهەریەکەیان بەرگێ فتوکۆپیم بۆ بەغدا ناردووە، تۆیش بەتەمابە، بەم زوانە وەڵامەکەی لەدیوانی سەرەك كۆمارییەوە دێتەوە، دەبڕۆ خوات لەگەڵ، تەنیا بۆ ئەوەم بانگ کردی و ناردم بەشوێنتا!!

منیش هەندێ سوپاسم کرد و هاتمە دەرەوە..

جا دوای ئەم رووداوە سێ رۆژی پێچوو هاتن بەشوێنمدا، ئەوانیش بێ چەك وبێ مەفرەزە بوون، لە دڵی خۆمدا دەمگوت ئەگەر بۆ گرتنم بهاتنایە، ئاوەها بەسادەیی نەدەهاتن!! ئیتر نەم زانیکە ئەمەش یەکێکە لە فرت و فێڵەکانی رژێمی بەعس، کاتێ مووچم گیری خوارد ئینجا زانیم کە بۆچ بەو جۆرە هاتوون بەشوێنمدا؟!..

ئەمە پێشەکییەك بوو تا من چەواشە ببم و بڕۆم لەتەکیانا، لەوانەیە ئەگەر تۆیش لە جێی من بویتایە هەر لە تەکیانا بڕۆیشتبای!!

## ئەمنە سوورەکەی عەقاری:

تازە رۆژ ئاوا ببو، دنیا بەتەواوی تاریك نەبووبوو، دۆست و دۆژمن لێك دەکرانەوە، خستمیانە ناو لاند گرۆزەرێکەوە و لەدەرگای پشتەوە دەرچووین، کاتێ لەخانووە بەرزەکانی زانکۆ دەرچووین، دیتم حسینی برام هێشتا وەستاوە و چاوەڕوانە

کاکی بێتە دەرەوە و پێکەوە بەرەو ماڵ بڕۆنەوە!!

بە ئەمنەکانم گوت: پیاوی چاك بن، با بەو برایەم بڵێم: لەوێدا نەوەستێ و چاوەڕوانی نەکات..

گوتیان: ئاسانە، هەرزۆر سادە و ئاسانە.. با ئێستا بڕۆین کە گەڕاینەوە ئێمە لە جیاتی تۆ پێی دەڵێین!! ئیتر تا هێزی تیابوو پێی بەبەنزینا ناو بەرەو گەڕکی عەقاری گڤەی کرد..

بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی پارێزگا، بینایەکی گەورەیان لەگەڕەکی عەقاری دروست کردبوو، بەرەنگێکی سووری تێر رەنگ کرابوو، لەدواییدا ناوبانگی بە ئەمنە سوورەکە دەرکرد، بردمیان بۆ ئەوێ، لەوکاتەدا ئەمنی ئابووری تیا دا دەنیشت، کە منیان بردە ئەوێ وەریان نەگرتم، گوتیان: ئەمە پەیوەندی بەئێمەوە نییە، تەلەفوون و تەلەفوونکاری، و زۆر هەتەریکردن(اصرار) تا گلیان دامەوە، پشکنیمیان هیچم پێ نەبوو، ئینجا چاویان بەستم و بردمیانە نهۆمی سێ هەم..

کە دەرگای سەرەکیان کردەوە چاویان کردمەوە، و کردمیانە ژوورێکەوە بەتەنیا، و دەرگاکەیان داخستەوە، و گوتیان: دەچیتە ئەو ژوورەی بەرامبەرت، و تێکەڵ بەحەپسییەکانی تر نابیت..

ژووریش چۆڵ و هۆڵ، هەندێ کارتۆن و مقەبا شڕەی تێدابوو،

ئیتر نەمافوور و نەپەتوو، نە حسیر و نەبەڕە، نە ئاگر و هیچی تیا نەبوو.. منیش ترسم لێ نیشت، و بیرم کردەوە ئابەم حاڵە چۆن ئەمشەو بژیم؟!!

لەو نهۆمەدا سێ ژووریان بۆ بەندیخانە بوو، بەهەرسێکیان حەمام و ئاودەستێکیان هەبوو، هەرسێکیان لەسەر ڕاڕەوێك بوون، ڕاڕەوەکەش دەرگایەکی قایمی لەشیشی ئاسن بۆ دروستکرابوو، هەر ژوورەش دەرگای تایبەت ، لە نوێژی مەغریبەوە تا نوێژی عیشا دەرگای سێ ژوورەکان دەکرایەوە، تا ئەگەر زیندانەکان پێویستی سەر ئاویان هەبێ بڕۆنە حەمام، یا دەم وچاو بشۆرن. هەروەك زیندانییەکان باسیان دەکرد بەیانیانیش لەسەعات هەشتەوە بۆ نۆ دەرگاکانیان بۆ دەکردنەوە..

ئەو سێ ژوورە یەکێکیان عەرەبی تیابوو، ئەوی تریان کورد، سێ هەمیشیان چۆڵ بوو، لەو بەینی مەغریب و عیشایەدا دەستنوێژێکم گرت، و سەرێکم لەژووری کوردەکان دا، قەدەری خوا وابوو، تا من هاتمەوە دەرگای ژوورەکەیان قفلْ دابوو، ئیتر من لەلای ئەوان مامەوە، کاتێ نانیان هێنا گوتیان: ئەم پیاوەش تازە هێنراوە، ویستیان بمکەنەوە ژوورەکەی خۆم، بەڵام کە دییان داخراوە ئیتر بردمیانەوە بۆناو ئەوانی تر.

شەوێ دڵم گیرابوو، نانم بۆ نەدەخورا هەر زۆرم لەخۆم دەکرد

بۆ ئەوەی چەند پارووەیەك بخۆم، پاش نان خواردن نوێژی عیشام بەئیمامەت بۆ هەندێکیان کرد..

پاشان کەوتینە قسەکردن لێم پرسین ئێوە لەسەرچی گیراون؟ بەزۆری لەسەر قاچاخچیەتی و گرانفرۆشی گیرابوون!! دەستیان کردە دۆمینە کردن، هیچم نەوت، تا یەك دوو دەست یاریان کرد، ئینجا گوتم: برایان! ئەگەر یەك دوو قسەتان بۆ بکەم گوێم بۆ دەگرن؟ یا واز لە دۆمینەکەتان دێنن؟

گوتیان: بەڵێ.

منیش هەندێ لەژیانی هاوەڵەکانی پێغەممەر ρم بۆ باس کردن، وا دیار بوو باسەکەیان پێ خۆش بوو، ئینجا دەستیان کردە پرسیار کردن، منیش وەڵامم دانەوە، پاشان گوتیان: ماموٚستا گیان! ئەگەر کەسێ ببوایە ئاوەها قسەی بۆ بکردینایە، بۆ خەریکی دۆمینە دەبووین؟!

## ئەمنی پارێزگا:

شەوێ لەسەعات دەدا چاویان بەستمەوە و بەرەو ئەمنی پارێزگا(مديرية أمن المحافظة)بردمیان، کەلەترومبێلەکە دایان بەزاندم دەستم بەدەستی ئەمنێکەوە بوو، ئەو دەستەکەی تریشم بە گۆچانە ئاسنەکەمەوە بوو، وەك کوێر دەڕۆیشتم، چونکە چاوم بەسترابوو، هیچم نەدەبینی، بەدەم رێگەوە

هەندێ دوعای قورئانیم دەخوێند ، لەپڕ تا هێزیان تیا بوو مشتێکیان ماڵی بەپشتمدا و جنێوێکی زۆر ناشیرینیان پێدام و گوتیان: ئەم باوك... کە دەگیرێن  چۆن دەبنە موسوڵمان!!

منیش بەدەنگی بەرز گوتم: وەڵلا من تازە موسڵمان نیم، و هەر موسڵمان بووم و مامۆستای دەرزی دینیشم.. ئیتر مشتەکان دووبارە نەبوونەوە..

بردمیانە بەردەم ژووری لێ کۆڵینەوە (غرفة التحقیق) وەستاندمیان، پاش ماوەیەك بردمیانە ژوورەوە، ئەو ئەفسەرەی کەبەڕێوە بەری ئەمنی ناو شار بوو، پرسیاری لێ کردم و گوتی: مامۆستا گیان! چیت لێ دەپرسین بەڕاستی وەڵامان بدەرەوە، تا ئێمەش بۆت بنووسین، کە یارمەتی داوین، و ئەوانیش خاترت بگرن وحوکمی زۆرت نەدەن!! ئێستا پێمان بڵێ کاك ئازاد سەرراج کە مووچە خۆرە لەناو شاری سلێمانی لە چ دایەرەیەکدایە؟

گوتم: نایناسم..

گوتی: بەڵێ، دەیناسیت..

گوتم: باوەڕت هەبێ نایناسم..

گوتی: با دەیناسیت..جوان بیر بکەرەوە..ئەوەتە ئێمە بۆمان نووسراوە:" کاکە ئازاد.. موظف فی السلیمانیە، یعرفە حسن

پێنجوینی" جا تۆیش ئازارمان مەدە و پێمان بڵێ لە چ دایەرەیەکدایە؟

گوتم: بڕواتان هەبێ من کەسێکی وا ناناسم مووچەخۆربێ، من نەخۆش بوم، و لەجێگەدا کەوتووم، لەوانەیە صەدان کەس هاتبن بۆ سەردانم و ناوم نەزانیبن، هەڵدەگرێ ئەو کاک ئازادەش کەئێوە دەڵێن یەکێکی وابێ، ئەو کەسەی بۆ ئێوەی نووسیوە لەماڵی ئێمە دیبێتی و وایزانیبێ پەیوەندییەکی بەتینم لەتەکیا هەیە!!

گوتی: دەباشە هاوناوێکی ئەومان پێ بڵێ کە دەیناسیت!!

گوتم: کەسێك بەو ناوە کە من بیناسم، دوو هەفتە لەمەوبەر، بەدوو فەردە شەکرەوە گیراو لەژێر ئازار و ئەشکەنجەدا لە تەواری(طوارئ)یەکە کوژرا و لاشەکەیان بەواسیتە دایەوە بەماڵ باوکی!! [8]

لەکاتی ئەم پرسیارو وەڵامەدا سێ چوار ئەفسەری تر بەدەوریا دانیشتبوون، بە یەکێکیانی گوت: ئەوەتە لەناو خەڵکیدا وا بڵاو بووەتەوە کە ئێوە کوشتووتانە!!

---

8- (ئازادی سەعەی مینە نێ یی) کوڕێکی پێنجوێنی بوو، نەخۆشی شەکرەی هەبوو، لە زیندانا حەبەکانیان نەدابوویێ ئیتر بۆ خۆی مردبوو. مەبەستم ئەو بوو..

ئەویش گوتی: بەخوا ئێمە نەمان کوشتووە، خۆی بەنەشارەزایی رۆیشتووە و کەوتۆتە خوارەوە و مردووە..

لێکۆڵەر(محقق)ەکە دوو ئەمنی بانگ کرد و گوتی: بیبەنە دەرەوە با چاوەڕوانی بکات..

وادیاربوو لێکۆڵەرەکە تەلەفوونی بۆ ئەمنی عامی بەغدا کرد و پێی گوتن: گەورەم ئەڵێ: من ئەو ئازاد ناوە ناناسم.. ئەوانیش وادیارە دکتۆریان هێنابوو، کە بەتەلەفوون قسەم لەگەڵ بکات، ئینجا بانگیان کردمە ژوورەوە و گوتیان: وەرە لەگەڵ هاوەڵەکەتا قسە بکە!! و تەلەفونەکەیان دایە دەستم..

گوتم: بەڵێ فەرموو..

پاش سلاّوکردن - دەنگی دکتۆر بوو- گوتی: کاکە گیان! خوا ئاگای لێیە: نە خیانەتم بە ئێوە کردوە و نەبە ئیسلامیش!! بەلاّم هەموو ئیش وکارێکمان زانراوە، و ئەو ماوەیەش لەژێر چاودێریدا بوین، جا من چیم زانیوە وتوومە، و تۆیش چی دەزانی بیڵێ، خوا کەریمە، بەڵکو دەروویەکمان لێ بکاتەوە..

منیش تا هێزم تیابوو نەڕاندم بەسەریاو گوتم: کاری چی و ئیشی چی؟ ئاخر من چ پەیوەنییەکم بەتۆوە هەیە؟! تۆ تەنیا جارێك هاتوویتە ماڵی ئێمە بۆ دڵخۆشی دانەوەم کە لەوکاتەدا من نەخۆش بووم و لەسەر جێگە کەوتبووم، ئیتر چی دەزانم

تا بیڵێم؟!

گوتی: ئیتر کەیفی خۆتە.

ئەفسەرەکە تەلەفوونەکەی لێ وەرگرتم و گوتی گەورەم! لەقسەکانیەوە وا پیشان دەدات کە گوایا: نایناسێت و هیچ پەیوەندییەکی پێوە نییە، وا دەزانێ ئێمە بەو قسانە دەخلەتێین!!

## ژووری پێشوازی:

ئەو شەوە ئیزنی دام و گوتی: ئێستا دەتبەنە ژووری پێشوازی!! ئەم شەو بەڕەحەتی بخەوە و باش بیر بکەرەوە، بزانە کێیە و بەیانی پێمان بڵێ..

گوتم: بەپێی توانا بیر دەکەمەوە..

ئەمنێکی بانگ کرد و گوتی: رەحیم!.. کوڕێکی ئیسك سووکی رەشتاڵە هات، باوەشێ کلیلی پێبوو، پاش ئەوە کەسێ قوفڵی کردەوە کردمیانە ژوورەوە، ژووری چی؟! ژوورەکە هۆڵ(قاعە)ی قوتابخانە بوو، هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبووم ئەوەندە خەڵکی تیابێت، کەچاوم بەو هەموو خەڵکە کەوت ئەبڵەق بووم، تا هێزم تیابوو دەستم بەرزکردەوە و گوتم: سەلامو علەیکوم. ئەوانیش بەجارێ گوتیان: ئەی وەعەلەیکە سسەلام، و هاتن بەرەو پیریم و لێم کۆبوونەوە، و هەریەکە لە

حەنای خۆیەوە دەیگوت: بۆچ گیراوی؟ کەی گیراوی؟ لەسەرچی گیراوی؟ دەنگوباس چیە؟ تۆپ بارانی ناوشار خەڵکی زۆری کوشتووە، یان نە؟ هەریەکەو پرسیارێکی دەکرد.

یەکێك لەناویانا گوتی: بابەگیان! بێڵن با پشوویەك بدات و کەمێ دا بنیشێ. پاش ماوەیەك پشوودان گوتم: برایان! من مامۆستای دواناوەندیم، داوایان لێکردم بچم بۆ جەیشو ششەعبی نەڕۆیشتم، شەش مانگە معاشەکەیان بڕیوم و وائیستاش هێناومیان بۆ ئێرە!!

هەندێك دڵخۆشیان دامەوەو گوتیان: مامۆستا گیان! مەسەلەی تۆ هەر زۆر ئاسانە، و خۆت نارەحەت مەکە، و دڵتەنگیش مەبە، ئینشائەڵلا بەم زوانە رزگارت دەبێت!!

لێ پرسراوی ژوورەکە مامۆستایەکی سەرەتایی بوو کاتی خۆی لەسەر کوردایەتی گیراوە و، ددانی بەهیچا نەناوە وئیعتیرافی نەکردووە، بەریان داوە، بەلاّم کەبەریان داوە بەڵێنیان لێ سەندووە کاریان لەتەکا بکات و یارمەتییان بدات، بەلاّم چونکە یارمەتی نەداون وکاری بۆ نەکردوون ئەمجارە هێنابوویانەوە بۆ زیندان.. ئەم هاوڕێیە ناوی (حەمە حاصلی) بوو، گوتی: کاکە! با جێگەیەك بۆ مامۆستا چاك بکەین، ژوورەکە هەشتا و پێنج کەسی تێدابوو، لەپەنای ئاودەستەکەوە جێیەکیان بۆ چاك کردم، بەلاّم کوڕێکی گەنج

بەناوی (ڕێبوار) - خوا هیدایەتی بدات، و بیخاتە بەهەشتیٚ- گوتی: کاکە! من لەپەنای خۆمەوە جێی مامۆستا دەکەمەوە، بابێتە لای من.. لەگەڵ کاك ڕێبواردا پشتمان دەنا بەپشتی یەکەوە گەرممان دەبوەوە، ئەو شەوە تا درەنگیٚ خەوم لیٚ نەکەوت، ئیتر کەشەکەت بووم چاوم چووە خەو..

## مام حسێن:

پێش نوێژی بەیانی خەبەرم بووەوە سەرو گوێلاکی پیاوێکم بینی لام نامۆ نەبوو، بەجامەدانەیەکی چڵکن چەفتەی کردبوو، برۆی سپی بوو، نێوچاوی مۆن و تاڵبوو، سمێلە سپیەکەی هاتبوە ناو دەمی، ریشی درێژ بوبوو، چۆغەو کراسەکەی بەری لەچڵکدا بریقەی دەدایەوە، هەندیٚ تێی رامام، ئەویش بەبیٚ خولکییەکەوە سەرێکی بۆ لەقاندم وگوتی: بەخێر بێیت..

گوتم: خوا لەگوناهت خۆش بیٚ، سوپاست دەکەم..

لەو لاوە یەکیٚ بانگی کرد: ئەوە مام حسێن! دەستنوێژت شۆرد؟

گوتی: نەوەڵلا..

کە گوتیان: مام حسێن! من سەرێکم لەخەزێنەی خەیاڵی خۆم دا و ماوەیەك لاپەڕەکانی بیرەوەریم بەیەکدا دا، کە تەماشام

کرد ئەم مام حسێنە زۆر لەحسەرەش دەچێ، بۆیە گوتم: ئەوە تۆ کاك حسینی؟

گوتی: کام کاك حسێن؟

گوتم: حسە رەش.

گوتی: حسەرەش چۆن دەناسیت؟

گوتم: لەسالآنی شەست وهەشت، شەست ونۆ سەردەانی دووکانەکەی مەلا عەزیزی مەلا عەلی صەحافم دەکرد، تۆیش دەهاتی بۆ لای ئەو.

گوتی: بەلآم من تۆم نایەتەوە خەیاڵ، ناهەقیشم نییە، چونکە بیست ساڵ لەمەو بەر یەکترمان دیوە، بەهەرحاڵ من لێرە هەرناوم مام حسێنە..

هەندێ پرسیاری لێکردم و هەواڵی دەرەوەی لێ پرسیم، لە وەلآمەکانەوە شتێ لێم حاڵی ببوو، ئیتر لێم ئەمین بووەوە، و پێکەوە کەوتینە قسە، و بووینە هاوەڵێکی نوێ.. ئیتر دەست نوێژمان شۆرد و هەشت کەسیان لەو کاتەدا نوێژی دەکرد بووم بە ئیمامیان..

## یەك ئاودەست:

لەو هۆڵەدا هەشتا و پێنج کەس بووین، و ناوبەناویش دەبووینە نەوەد کەس، کەچی تەنیا ئاودەستێکی تیا بوو،

حەمامی تیا نەبوو، ئەگەر نوێژکەرەکان بیان ویستایە فریای نوێژی بەیانی بکەون، دەبوا نیوسەعات پێش نوێژی بەیانی لەخەو هەستانایە، و بەڕیز سەرەیان بگرتایە، ئەوسا تا خۆرکەوتن لێ دەبوونەوە!!

ئەگەر کەسێ لێی بقەومایە، و شەیتان پێی پێکەنیبا، دەبوا لەناو ئاودەستەکەدا خۆی بشۆردایە، جا بیهێنە پێشچاوی خۆت لە 1/ 2 دا ئاوی سلێمانی چەند ساردە!! ئینسان لەرزی لێ دەهات و ددانەکانی چۆقەچۆقی پێ دەکەوت، چونکە ئاوی گەرم نەبوو..

## بانگکردنەوەم بۆ ژووری تەحقیق:

ڕۆژی یەکی شوبات هەرلەبەیانییەوە تا ئێوارێ بانگیان نەکردم، لەئێوارەدا بردمیانەوە بۆلای بەڕێوەبەری ئەمنی ناوشار، خەڵکەکە دەیانگوت: ناوی رائید هیشامە، بەروویەکی خۆشەوە بەخێرهاتنی کردم و گوتی: هیوادارم بیرت کردبێتەوە، و جێگەو شوێنی ئەو هاوەڵەتمان پێ بڵێیت!!

گوتم: وەك تارماییەك شتێ هات بەیادما، لەو کاتەدا من نەخۆش بووم، هەروەك باسم کرد خەڵکێکی زۆر بۆ سەردانم دەهاتن، پیاوی بەدین و بێدین، خزم و بێگانە، جارێکیان ئەو کەسەی ناوی منی هێناوە هاتبوو بۆ ماڵمان و ئەو ناوبراوەش

بۆ سەردانم هاتبوو، دکتۆر عیصام دەیگوت: کار پێویستە و ئازادیش دەیگوت: کار پێویست نییە، هەرکەس عیبادەتی خۆی بکات، ئیتر پێویست بەشتی تر ناکات. منیش تەنیا ئەوجارە ئەو کاک ئازادەم بینیبوو، نەم دەناسی، ئێستا بەو دەمەقاڵەیەدا بیرم کەوتەوە.[9].

گوتی: من کارم بەوەوە نییە، پێم بڵێ جێگاو شوێنی لە کوێیە؟

گوتم: نازانم.

گوتی: چۆن هاورێیەکت سەردانت بکات و هەستان و دانیشتنی لەتەکتا هەبێت، بەڵام تۆ جێگەی پێنەزانی؟!

گوتم: سەدان کەس هاتون بۆلام و نەك هەرجێگەیان پێ نازانم بەڵکو ناویشیان نازانم..

گوتی: شتی وا ماقووڵ نییە، باشە هەروەك بزانی، یا گومانت هەبێ لە چ دائیرەیەکدا کار دەکات؟

گوتم: نازانم، بەڵام کە هەر لەخۆمەوە بڵێم لەوانەیە لە ئیدارە محەلیدا بێت.

---

9- کابرا بەهیچ جۆر وازی لێ نەدەهێنام، بۆیە ئەوقسەیەم کرد، دەنا لەراستیدا هەرگیز دکتۆر عیصام کاك ئازادی نەبینیبوو، و دەمەقالەشیان نەبووبوو، نازانم د. عیصام - خوالێی ببورێ- جۆن ناوی هێنابوو؟!

گوتی: دە بیبەنەوە جێگەی خۆی..

بەڵێ، هێنامیانەوە ژوورەکەی خۆم، خەڵکەکە هاتن بەدەممەوە، گوتیان: چی بوو؟ چیان لێ پرسیت؟!

گوتم: ئەوەی ناوی منی داوە ناوی کەسێکی تریشی داوە، ئێستا داوای شوێنی ئەوکەسەم لێدەکەن، منیش پێم گوتون: نازانم جێگەی لەکوێیە؟

خوا هەڵناگرێ زۆر دڵخۆشییان دامەوە و گوتیان ئاگات لەخۆت بێ، نەترسیت و نەڕوخێیت، لێدان و سزاکەی شتێکی وا نییە، ئیعتیراف نەکەیت، و ورە بەرنەدەیت، بوختان بۆ خۆت نەکەیت وناوی کەسیش نەهێنیت..لەراستیدا ئەم قسانەی ئەوان زۆر شوێنەوارێ گەورەی لەدڵ و دەروونمدا هەبوو..

## دەستەکانی لەکار کەوتبوون:

لەناو خەڵکەکەدا کوڕێکی سورو سپی، ئیسك سووکی، رووخۆشی، کورتە باڵای، زمان پسکی تیابوو، زۆر خەمی منی بوو، هەموو جارێ دەستەکانی دەووڵی و تەمرینی پێ دەکردن، دەیگوت: مامۆستا! نەترسیت، هیچ نییە، ئاگات لەخۆت بێ..

گوتم: ئەوە بۆ دەستت بۆ راست ناکرێتەوە؟

گوتی: لەناوچەی بادینان سەرباز بووم، بۆیان تێچاندبووم کە پەیوەندیم بەرێکخراوێکی سیاسییەوە هەیە، لەسەربازگەکەی

خۆمەوە، هێنامیانەوە بۆ ئێرە، ماوەی حەوت رۆژ دەیانبردم بۆ هەڵواسین، لەو هەڵواسینەوە ئیتر هەردوو دەستم لەکارکەوتوون، هەروەك دەبینی بەنەخوێنەکەم بۆ دەبەستنەوە، و نان بەدەممەوە دەکەن، یانزە جار کارەبایان لێداوم، ئەم (بێ ش...انە) سەرێکی وایەرەکەیان لەسەرگورچیلەم دادەنا و سەرەکەی تریشیان لەسەری زەکەرم دەبەست!! تەماشای ژێر پێم بکە خۆ بینیت توێکێکی رۆیشتووە و پێستێکی پێوە نەماوە؟!

لەگەڵ ئەودا خۆم بە بەختەور دەزانم چونکە بوختانم بۆ خۆم نەکردووە، و خەڵکی بێ تاوانم تووش نەکردووە، و ماڵی کەسم وێران نەکردووە، و دڵی هیچ دایکێکم هەڵنەقرچاندووە!! ئەوە دوومانگی تەواوە دەستەکانم کار ناکەن، ئەگەر هەر بەتەواویش لەکار بکەون و هەرگیز چاك نەبنەوە، هێشتا دڵخۆشم چونکە پێم لەهیچ شتێ نەناوە و ناوی کەسێکم نەهێناوە..

گوتی: جا ئەگەر تۆیش پێ لەهیچ نەنێیت، ئەوا چەند رۆژێك ئازار و سزا دەچێژیت، و لەئەنجامدا دەمێنیتەوە و بەر دەبیت، بەڵام ئەگەر بۆختانت بۆخۆت کرد و شتت لەملی خۆت کرد، ئەوا ملت بەپەتا دەکرێت!! و ماڵی چەندەها کەسی تریش وێران دەکەیت!! مامۆستا گیان! هەرچۆنێك بێ

ئازارەکە لەتوانای ئینساندایە، و تەحەممول دەکرێت، هەر لەتوانادا نەما ئینسان یا بێهۆش دەکەوێ یا دەمرێ، خۆ ئەگەر ئینسان لەژێر ئەو ئەشکەنجەیەشدا بمرێ جێی شانازییە..

بەراستی قسەکانی کاك جەزا ئەوەند کاری گەربوون هەرگیز لەیادم ناچنەوە، لەواقیعدا ئازایی و پاڵەوانی ئەویە: ئادەمیزاد بتوانێ لەبەرامبەر دوژمنی ملهوڕەوە خۆ گربێ.. ئازایەتی لای هەموو کەس سیفەتێکی پەسەند و خۆشەویستە، ئیتر لەهەرکەسێکەوەبێ..

## چەند سەر سەختە!:

ئەوشەوە کۆمەڵێك لەدەورمدا کۆ بوونەوە، سەعات لەدەوری نۆ و نیوی شەو بوو، منیش باسی دادگەری کۆمەڵایەتیم بۆ دەکردن لە ئیسلامدا، و لەو بارەوە چەند نموونەیەکم بۆ هێنانەوە، هەستم کرد قسەکانیان زۆر پێخۆشە، ئەوانەی لەدەورمدا کۆ ببونەوە(نۆزدە کەس بوون): هەشت لاوی خەلەکانی، دوانی رانیەیی، دوانی ماوەتی، دوانیدەربەن وکەلاری و چواری ناوشاری سلێمانی بوون، لەگەڵ مام حسێنیشدا..

پاش بڵاو بوونەوەی ئەوان مام حسێن باسی گیرانەکەی خۆی بۆ گێڕامەوە و گوتی: " رۆژێ بەشەقامی کاوەدا دەهاتمە

خوارێ، ئەڵقە لەگوێیەك، کە جەیشوشەعبی بوو شانی دا لەشانم، لەگەڵ ئەوەشدا هەڵگەڕایەوەو گوتی: ئەوە تۆ کوێریت؟!

منیش گوتم:ئەی تۆ موقرایی بەچاوتا هاتبوو؟! من کوێر بووم تۆ چی؟ ئینجا ئامبازی یەك بووین، تاتوانیم کوتام و لێم دا، ئینجا هەڵهاتم، بەڵام کەوتنە شوێنم، و گوێم لە ئەفسەرەکەوە بوو گوتی: دەستڕێژی لێ بکەن..

"شەرواڵەکەمیان بەگوللە بێژا، هەر گوێم نەدایە و دەرچووم، بەڵام بەبێ تەل مەفرەزەکەی ئەوناوەیان ئاگادار کردبووەوە، ئەوانیش سەر کۆڵانەکەیان لێگرتبووم، و ئیتر تواناى دەرچوونم نەما، گرتمیان، و تا توانییان لێیان دام، ئینجا هێنامیان بۆ (تەوارى- طوارئ) لەوێش هەرچی گیانم هەبوو، بەنووکە شەق وبە کێبڵ، بە قۆناغە تفەنگ بیرازیان کرد، خوێن لەسەرو چاوم دەڕۆیشت.. خستمیانە ژوورێکی تەنیاوە، ئەفسەرەکە پارچە لۆکەیەکی بۆ فڕێ دام و گوتی: دەم و لووتتی پێ پاك بکەرەوە!! منیش فڕێم دا و گوتم: هەر نایسڕم..

"ماوەی بیست ڕۆژ لەو ژوورەدا هێشتمیانەوە، تەنیا خۆم بووم، ژوورەکەش تاریك و نوتەك بوو، دواى ئەوە بردمیان بۆ ژووری ئازاردان، لەوێ چاویان بەستم، و کارەبایان لێ قایم

کردم، و هەردوو دەستمیان لەدوواوە بەست وبەقایشێك هەڵیان واسیم بەقەنارەیەكدا، چۆن چۆلەكە بە باڵەكانی هەڵدەگیرێ، ئاوەها هەڵیان واسیم، و وامدەزانی هەردوو دەفەكەی شانم دەرچووە!!

گوتیان ئیعتیراف بكە..

گوتم: چی بڵێم؟

گوتیان: تۆ لەگەڵ جەلال دایت..

گوتم: لەگەڵ كەسدا نیم.. ئەو شەوە لەئازاردان ولێدانم ماندووبوون. ئیتر هێنامیانەوە بۆ ژوورەكەی خۆم.. بە كورتی دە دانە شەو بەو جۆرە ئەیان بردم و سزاو ئازاریان دەدام، هەر هیچم نەگوت.. شتێكم نەدەزانی تا ئیعتیراف بكەم!! ئەمانە زۆر سەیرن، هەر كەسێ بگرن دەیدەنە بەر مامێزانی شەق وجنێو و دەڵێن: دەبێ ئیعتیراف بكەیت!! ئاخر خۆ من سیاسی نیم!! بەكرێ گیراوێكتان شەڕی پێ فرۆشتووم، شەڕم لەگەڵا كردووە، ئیتر ئیعتیرافی چی وشتی چی؟!

" لەدواین شەوا گوتیان: جنێو بە جەلال بدە..

گوتم: جنێوی نادەمێ..

گوتیان: دەی جنێو بە مەلا بدە..

گوتم: جنێو بەویش نادەم..

گوتیان: ئەگەر جنێویان نەدەیتێ ئەتکوژین!!

گوتم: بۆ ماوتانە بم کوژن؟! هیچ مەمنوونتان نابم!! چی دەکەن بیکەن، من جنێو بە پیاوی گەورە نادەم، جنێو عەیبە، جنێو بۆ پیاو نەهاتووە!! لەئەنجامدا نەقیب حەسسون گوتی: ( أیابە! أشکد عنید!!)ئەی بابە!! چەند سەر سەختە!! ئیتر وازیان لێ هێنام، ئەوە ماوەی هەشت مانگە لەم سیا چاڵەدام، مامۆستا گیان! ئەمەیە دادگەری بەعسی سۆشیالیست!!"

ئیتر ئەو شەوە خۆمان پێچایەوەو خەوتین.

**رۆژی** 2 / 2 / 1987 :

لەسەعات دەی پێش نیوەڕۆ بانگیان کردمەوە، بەهاوەڵەکانی بەندیخانەم گوت: پیاوی چاك بن! دوعام بۆبکەن، هەموو بەجارێ بۆم دەپاڕانەوە.. بەڵێ، بردمیان بۆ ژووری لێکۆڵینەوە، لەوێ هەندێ وێنەیان پیشاندام، وادیار بوو، وێنەی هەموو ئازاد ناوێکی دایەرەکەیان هێنا بوو.. یەکە یەکە پیشانی دەدام و دەیگوت: ئەمەیە؟ ئەمەیە؟ ئەمەیە؟...تاد، منیش دەمگوت: نەخێر.. هیچیان ئەو نەبوون..

گوتی: وا دەزانی لە چ دایەرەیکدابیت؟

گوتم: ناو شار چەند بانقی تیایە؟

گوتی: چوار..

گوتم: لەوانەیە لە یەکێك لەو بانقانەدا بێت..

گوتی: دەبیبەنە ژوورەوە، ئیتر هێنامیانەوە، بۆ ناو هۆڵە گەورەکە. بەڵام کە هاتمە ژوورەوە دەم وشك و لێو بەبار، و حاڵەتێکی پڕ ترس و بیمم بۆ دروست ببو، یا خوا دوژمنیشت ئەو حاڵەتە نەبینێت..

## کاك عەزیز:

ئەو رۆژەش خەڵکەکە هاتنە لام و دڵخۆشی باشیان دامەوە، لەناو ئەمانەدا کوڕێکی باریکەلەی، لاوازی، کورتە بالآی، دەنگ نووساوی تیا بوو، تووکی پێشەوەی سەری بەرەو رووتانەوە دەڕۆیشت، تەمەنی لە نێوان بیست و پێنچ و سییدا دەبوو، پاش ئەوە کە هەندێکیان رۆیشتن کەوتە دڵدانەوەم، وگوتی: مامۆستاگیان! ئەمانە ویژدانیان نییە، بەهەق و بەناهەق هەر ئینسان دا دەپاچن، ئەوەی بەمنیان کردووە، بەغەوسی بەغایان بکردایە ئەیگوت: بابە چیم بۆ دادەنێن ئەڵێم ئەوەم!!

گوتم: چۆن؟

گوتی:" لەو شاربازێڕە لە ئاواییەك دانیشتبووم، وازم لە پێشمەرگەیی هێنابوو، چاوەڕوانی لێ بوردنێك بووم، گوتیان: دەوڵەت بەنهێنی لێ بوردنێکی بۆ هەموو چەکدارێ

دەرکردووە، لەو ڕۆژانەشدا سێ چەکداری دەوڵەتی کەپێیان دەگوترێ: جاش، خۆیان بەئاواییدا کرد، منیش خۆمم دا بەدەستیانەوە و گوتم: کاکەگیان! من ئاژاوەچی و وێرانکەر (موخەرریب)یکی[10] سادەبووم، بەڵام لە مێژە دانیشتووم، و چاوەڕوانی لێ بوردنێکم، وا ئەم عەفواتە نهێنییەش دەرچووە، نەم دەزانی چۆن خۆم تەسلیم بکەمەوە، باش بوو لەم کاتەدا ئێوە هاتن، منیش خۆم تەسلیمی ئێوە دەکەم و لەگەڵتان دێمەوە.

گوتیان: زۆر باشە! بەڵام ئێمە لەناو ئاواییدا هەندێ کارمان هەیە، دەبێ ئاوایی بپشکنین ئەوسا دەڕۆین..

منیش گوتم: باشە..

لەماڵی دراوسێیەکماندا کە خۆی لە ماڵ نەبوو، لیستەیەکیان دۆزییەوە، کەناوی بیست ئافرەتی ڕێکخراوی تیا بوو، لەگەڵ دەمانچەیەکدا. دوای پشکنینی ئاوایی پێکەوە هاتینەوە بۆ ناوشار، و ڕۆیشتین بۆ ئیستیخبارات.

تمەز ئەمانە لەڕێگەدا نیازیان گۆڕیوە، و بەیەکتریان گوتووە: بۆچ بەخۆڕایی بیدەین بەدەستەوە؟! بابڵێین: گرتوومانە، و

---

10- لەوکاتەدا بەعس بە پێشمەرگەی دەگوت:(موخەرریب) وێرانکەر، ئەوە بۆیە ئەویش ئەو وشەیە لەگەڵ ئەواندا بەکاربردووە!!

یەکی هەزار دیناری پێ وەربگرین!! بەڵێ، هەر وایان کرد، زمانیان گۆڕی و گوتیان: قوربان! ئەم تێکدەرەی ئاژاوە چییەمان بەم دەمانچەیەو بەم لیستەوە — کەناوی بیست ئافرەتی رێکخراوی تیایە - گرتووە!!

منیش دەستێکم کەوتە ئەملا و دەستێکیشم ئەولا، ئەمان سێکەسن، من هەرچی بڵێم بێ سوودە، قسە هەر قسەی ئەوانە، بەڵام بڕیاربێ ئەگەر ئەنجن ئەنجنیشم بکەن هەر قسەکەی خۆم بکەم، بۆیە گوتم: قوربان! بەخوا درۆ دەکەن، من خۆمم تەسلیم کردووە!! نەخێر بێ سوود بوو.

گوتیان: راستی بڵێ، بانەت کوژین!!

گوتم: گەورەم! وەڵلاهی درۆ دەکەن، من نەگیراوم، خۆم بەدەستەوە داوە، خەڵکی ئاواییەکە ئاگادارن، فەرموو بڕۆن بیان هێنن، بزانن من راست دەڵێم یا ئەوان؟!

بێ سوود بوو خستمیانە ژێر لێدانەوە، بەسۆندە و بەکێبڵ تێم بەربوون، هەتا توانییان کوتامیان، ئینجا تا شەوێ وازیان لێهێنام. شەوێ بردمیانەوە بۆ ژووری لێکۆڵینەوە (تحقیق)، ئەوبێ شەرەفانە! دەرپێ کورتەکەشیان داکەندم، هەردوو دەستمیان لەدواوە بە کەلەپچە بەستبوو، قایشێکیان تێ بەست و وەك چۆلەکە هەڵیان واسیم، وامزانی هەردوو باڵم

دەرچووە، لەو کاتەدا کە بەقەنارەکەوە هەڵیان واسیبووم، کارەبایان لێ بەستم، چۆن بەستنێك؟ ئەو بێ ئابڕووانە سەرێکی وایەرەکەیان لە سەری عەورەتم بەست، ئەوسەرەکەی تریشی لەسەری گورچیلەمیان بەست!! ئینجا کارەبایان خستە گەڕ، هەڵواسینەکەم ماوەیەکی خایاند، لەومایەدا چەند جارێك کارەباکەیان لێدام!! و دەیانگوت: بڵێ..

دەمگوت: چی بڵێم؟!

دەیانگوت: خۆت دەزانی..ناوی ئافرەتەکانمان پێ بڵێ..

دەمگوت: نازانم.. بەخوا .. ئاگام لێی نییە..

دەیانگوت: بۆ خۆت بەویاوە بمێنەرەوە تا دەمریت.. پاش پێنج دەقیقەکە دایان گرتمە خوارەوە، و بردمیان بۆ ژوورێکی چۆڵی تاریك، بەنە خوێنەکەم بۆ نە دەبەسترایەوە، نەمدەتوانی بەدەستی خۆم نان بخۆم!!

بەڵێ، تا حەڤدە رۆژ ئەمە پیشەی من وئەوان بوو، دەیان بردم و هەڵیان دەواسیم و کارەبایان لێ دەدام، کێبڵ كارییان دەکردم، و بەتایبەت لەژێر پێمیان دەدا..

بەمە وازیان لێنەهێنام، بردمیانە ژوورێکیترو گوتیان: راستی بڵێ، بانەت کوژین!!

گوتم: ئەوی دەیزانم گوتوومە..

گوتیان: وادیارە راستی نالێیت. تاوەیەکیان لەسەر پەرەمێزێك دانا تاوەك دەنووکی کەو سوور بووە وە، ئینجا دەرپێکانیان داکەندم، و نایان بە نەرماییەکەی لای ژووررووی رانمدا، بەجارێك بووبە چەوەندەری سوور و کلۆکۆم دامرا!!

"مامۆستا گیان! وەڵلاهی ئەو بێ ویژدانانە جارێکی تریش سووریان کردەوە و هەرچی هاوارم کرد بێ سوود بوو، ئەو لا رانەکەی تریشیان داخ کردم و سووتاندیان!!

" ئەگەر شەرواڵم لەپێ دەکرد دەلکا بە ئاو و زلْزلەی سووتاوە کەوە، ئەگەر لەپێم نەدەکرد عەورەتم دەرئەکەوت، بەناچاری لەپێم دکرد، لەسەرئاودا کەدەرپێکەم دا دەکەند رایدەکێشاو بە جارێك دەبوو بەخوێن و سزایەکی تازەم دەچەشت!!

تا نزیکەی مانگێك بەو جۆرە مامەوە بێ ئەوەی دەرمان یاچارەسەرێکی بکەن!! دوای ئەوە هێنامیان بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی پارێزگا، و بردمیانە ژێر زەمینەکەوە، بەڕێوەبەری ئەمنی پارێزگا، ئەمنی ناوشار، نەقیب حەسسون، و چەند ئەفسەرێکی تریش لەوێ بوون..

هەردوو دەستمیان لەسەر کاشییەکان پێدانام، - بەکەلەپچە کراوی- و دەستیان کرد بە کێبڵ لێدانی، وەڵلاهی بیست و سێ کێبڵیان لێدام!! ئینجا یەکێکیان توند دەستی گرت و گوتی: دە

بەسە، ئێوە دەتانەوێ بیگوژن؟! ئیتر نەیهێشت زیاترم لێ بدات ، وا بزانم لەوە دەترسا کە بمرم.. پاشان بەڕێوەبەری ئەمنی پارێزگا گوتی: من هەر وازی لێ ناهێنم.. دەیەوێ ببێتە پاڵەوان!! دەبێ هەر ئیعتیراف بکات و راستی بڵێ..دەنا دەیکوژم!! وایەری کارەبایی لە هەردوو قۆڵم بەست، سەرەکەی تریشی بە پلاکی کارەباکەدا کرد و گوتی: ددان بەو راستیانەدا بنێ و ئیعتیراف بکە..

گوتم: باشە چیت دەوێ، با بیلێم!! گەورەم ئیعتیراف دەکەم!!

گوتی: ناوی ئافرەتەکان بڵێ..

گوتم: باشە.. لەیلا عەلی، نەسرین کەریم، شیرن قادر...تاد، ئەڵبەت ناوی ئافرەتێکم دەگوت، لە لیستەکەدا ناوی نەبێ!! [11]..

---

11- هەرچەند کاک عەزیز مافی خۆی بوو کاتێ رووداوەکەی بۆ من ئەگێڕایەوە لای منیش دان بەو مەسەلەیەدا نەنێت، چونکە راز نابێ لای نزیکترین کەس بدرکێنرێ، و لە زیندانیشا رژێم سیخوری دروست کردبوو، بەلاّم ئالێرەدا خاڵێکی لاوازەو ئینسان هەست بەوە دەکات، کەڕاستە گرتوویانە، بەلاّم ئەم ئازایە و دانی پیا نانێت. چونکە کە دەڵێت" ئەڵبەت ناوی ئافرەتێکم دەگوت، لە لیستەکەدا ناوی نەبێ" واتە: ناوەکان دەزانێ و دەیان ناسێ، بەلاّم ناویان نالێت، لە ژێر پاڵە پەستۆی ئازاردانەکەدا ناوێك دەڵێ کەناوی ئەوان نەبێت.

گوتی: هەی سە...کوڕی سە...من دەڵێم ناوی ئەو ئافرەتانە بڵێکە لە لیستەکەدایە.

گوتم: گەورەم! هەر ئەوە ئەزانم.. بڕوات هەبێ هەر لەخۆوە قسە دەکەم..

وایەری ناو پلاکەکە لەسەر کارەبای پاڵەپەستۆی بەرز(چغگ عالی)بوو، بۆ چاو تروکانێك دەستی بە سویچەکەدا نا، من خۆم بۆ نەگیرا، کەوتم و ڕەهێڵ بووم..خێرا کوژاندیەوە..

گوتی: هەستە..

گوتم: ناتوانم..

گوتی: هەی ...باب! دەڵێم هەستە..

گوتم: گەورەم! ناتوانم..

ئینجا دوو ئەمن پەلیان گرتم وبەرزیان کردمەوە، و هێنامیان بۆ ئەم ژوورەی کە ئێستا دەیبینی..ئەوا بۆ ساڵ ونیوێك دەچێت لێرەدا بەندم، نە بەرەلاَم ئەکەن، و ناشم دەن بەمەحکەمە تا بمکوژن، کەس و کارم تا ئێستا چەندان جار واسیتەیان کردووە، و هەوڵیان داوە بم بینن، بەلاَم نەیان هێشتووە، وا ئەمڕۆ دایك و باوکم خوا دەیزانێ چەندە پارەیان داوە تا هێشتوویانە بێن، هاتن تا لە دوورەوە بم بینن، ئەویش پەنجەرەیەك لەنێوانمانا بوو، قسەی یەکترمان نەدەبیست،

هەندێ پرتەقاڵی بۆ هێنا بووم، بەبەرچاومەوە خواردیان و تەنیا دانەیەکیان نەدامێ بیخۆم!! دەنگم بەرز کردەوە و گوتم: بۆمەسەلەکە لەبیرتان نەچێ، عەسکەرێ توند دەستی نا بەدەمما. بەعەرەبی گوتم: بابە دوعاو سەلامیان بۆ دەنێرم.

ئەویش بە کوردی گوتی: بۆچ نازانم چی دەڵێیت؟ وەرە دواوە.. هەرچی دایکم خۆی بەزەویدا کوتا و هاواری کرد نەیانهێشت ئەو قسەیەی پێیەتی پێم بڵێ.. ئەمە حاڵی ئێمەیەو ئەمەش دادگەری دەوڵەتی بەعس"

منیش دڵم پڕبوو، بەڵام خۆمم گرت، و نەمهێشت فرمێسك لەچاوم بێتە خوار. ئەویش دڵخۆشی دامەوە و گوتی: خۆت ناڕەحەت مەکە، مەسەلەی تۆ ئاسانەو هەرگیز ئەو سزایەی من نابینیت!!

گوتم: لەراستیدا من لەترسی ئەشکەنجەکە ناڕەحەت نەبووم، ئەوەی منی دلگران کرد، حاڵی دایکت بوو، بیری دایکی خۆمم کەوتەوە، و بۆ ئەو دڵم پڕ بوو.

گوتی: بۆچ بەزەییت بەدایکتا دێتەوە؟

گوتم:حەوت رۆژ لەمەوبەر لەتۆپ بارانەکەی ناوشارا خۆشکە زایەکی لاوی دایکم کوژرا، لەو پرسەیەدا زاوایەکی پوورم کە تازە بەرببوو، بەسەرهاتی زیندانی بۆ گێڕابوونەوە، ئیتر چی

دیبوو، و چی بیستبوو بۆی گێڕابوونەوە.

پێش ئەوەی بگیرێم دایکم پێی گوتم: کوڕم! توخوا ئاگات لەخۆت بێ، بەو خوایە ئەو کوڕەی زاوای سەلمای خوشکم شتی وای گێڕاوەتەوە سەری منداڵی پچووك سپی دەکات!! نازانی ئەوخەڵکە داماوە چ ئەشکەنجەیەك دەدرێن؟! لەهەڵواسین و کارەبا لێدان وبزمار پیا داکوتین و..تاد، رۆڵە! توخوا پیاوی چاك بە، ئاگات لەخۆت بێ با تووش نەبی!!

جا کە ئێستا من گیراوم، و ئەویش ئاوەها باسی سزاو ئەشکەنجەی ئەمنی بیستووە، ئێستا هەر شێت بووە، و دەڵی: بێگومان کوڕەکەی منیشیان وا لێ کردووە!!

منیش جگە لەخەفەت و خەم پێدان هیچ سوودێکم بۆئەو نەبووە، کاتێ باوکمان شەهید کرا، دایکم تەمەنی بیست و هەشتساڵ بوو، ئێمە منداڵ بووین، من کوڕی گەورەی بووم، تەمەنم سیانزەساڵ بوو، لەو کاتەوە تا ئێستا بەهەژاری وقەرزاری و کوێرەوەری و ماڵ سووتان و دەربەدەری و ئاوارەییەوە بەسەرمانەوە دانیشتووە، و جوانی خۆی لەبەر ئێمە خستۆتە ژێر پێیەوە، و ئەوا بیست و پێنج ساڵە[12] بێوەژنە!!

---

12- ئەوە قسەی ساڵی 1987 بوو، باوکیشم لە 1962شەهید کرا.

**لەم ماوەیەدا ئێمە نەمان توانیوە وەك پێویست پاداشتی بدەینەوە، پێنچ ساڵ لەمەپێش[13] من لاقم شکا و رانم ورد بوو، سێساڵ لەجێگەدا کەوتم، نیوەی سەری بەهۆی ئەو نەخۆشییەی منەوە سپی بوو، لەو نەخۆشیە رزگارم بوو، وا ئەم گیرانە هاتە پێشەوە، لەو بڕوایەدام بەم گیرانەم دە ئەوەندەی نە خۆشیەکەم خەفەت دەخوات!! لەوانەیە شێت ببێ، یا تووشی نەخۆشی ببێ، جا کە ئێستا دڵم نارەحەتە و ئێشم پێ دەگات بۆ ئەوەیە کە ئەو هەژارە لەماوەی ژیانیا خێری لەئێمە نەدیوە، جگە لەداخ و خەفەت..**

**کاك عەزیز گوتی: مامۆستا! باوەڕت هەبێ هیچ دەسەڵاتێك نییە، دوعای خێری بۆ بکە و دەنکێ خەفەت مەخۆ..**

# # #

## ئامۆزای خۆی بەگرت داوە!:

**کوڕێکی باڵابەرزی گەنم رەنگی، فرەبڵێ، کە هێشتا مووی لێ نەهاتبوو، لەنزیکمانەوە دانیشتبوو، هەستا و رۆیشت، تا یەك دوو جگەرە پەیدا بکات[14].. پاش ئەوە کە رۆیشت کوڕێك لەو**

---

13- من لە ساڵی 1982 دا بەهۆی رووداوی ترومبێلەوە لاقم شکا.

14- سـەیر ئـەوەبوو جگـەرە کێشـەکان زۆر لـە ئەمنـەکان ئەپاڕانـەوە و دەیانگوت: گـەورەم!! رێـم بـدە بـا بێمـە ئـەودیو دەرگاکـەوە تـا چـەند قنگـە جگەرەیەك کۆ بکەمەوە، ئەوەی کـە تـوور دراوەو پێـی پیـا نـراوە!! ئـەویش

بەرمانەوە دادەنیشت هات و گوتی: مامۆستا! ئاگاتان لەخۆتان بێ، ماجید بۆجاسووسی کردوویانەتە ناو زیندانەوە، کوڕە مامێکی خۆی بەگرت داوە!!

گوتم: چۆن؟

گوتی: ئەمە جاشە و لەگەڵ سەرۆك جاشەکەی خۆیا شەو دەچنە سەرماڵی ئامۆزاکەی، و دەمانچەو قومبەلەیەك لەماڵەکەیا قایم دەکەن، و دوایی دێن و ماڵەکەی دەپشکنن، و قومبەلەو دەمانچەکە ئەدۆزنەوەو ئامۆزاکەی دەگرن و ئەیبەن. ماوەیەکی زۆر لە ئاسایشا ئازارو سزای دەدەن وهەڵی دەواسن، بەلأم دان بەهیچ شتێکا نانێت، و دەڵێت: وەڵلاهی ئەمانە خۆیان ئەم کارەیان کردووە و من هیچ ئاگایەکم لێی نییە!!

ئینجا ماجید دێنن و هەڵی دەواسن، لەژێر ئەشکەنجەدا دان بەوەدا دەنێ کە ئەمان رقیان لێی بووەو ئەو کارەیان کردووە، ئیتر کوڕەکەیان بەرداوە و ئەمیان گرتووە..

گوتم: چۆن دەزانی؟

---

جنێـوێکی زۆری دەداییـو ئەگـەر رێـی بدایـە وای ئـەزانی بەخشـشـێکی زۆر گەورەی داوەتێ! ئەوە حاڵی جگەرە خۆرەکان بوو. کە ئەوەم بینی بریارم دا جگەرە نەکێشم..

گوتی: ماجید خۆی بۆی گێڕاینەوە!! [15]

## زللەی زاڵم:

شەوێ لەدەوری سەعات دەی شەوا بانگیان کردمە دەرەوە، و بردمیانە ژوورێك لەتەنیشت هۆڵەکەوە، هەندێ رەسمی دەرهێنا و گوتی: کامیان ئەوە؟

گوتم: وەڵڵا هیچیان رەسمی ئەو نیە.

گوتی: وادیارە تۆ راستمان پێ ناڵێیت!! ئادەی چاوی ببەستن، و بیهێنن بۆ ژووری لێ کۆڵینەوە، ئەم ژوورەش بریتی بوو لەژووری سزادان..

بەڵێ، توندو تۆڵ هەردووچاویان بەستمەوە،و ئەمنێك دەستی راکێشام، و بردمی بۆ بەردەم ژووری لێکۆڵینەوە، و لەوێ وەستاندمی و گوتی: چاوەڕوانبە تا بانگت دەکەن.. لەو کاتەدا کەدەستم بەگۆچانە ئاسنەکەوە بوو، خەریکی دوعا خوێندن بووم، یەکێك تا هێزی تیابوو زللەیەکی لێ دام و بەتەواوی بەرچاوم تاریك بوو..

گوێم لێ بوو یەکێك بە عەرەبی گوتی: بۆچ لێت دا؟ کێ پێی گوتی: لێی بدە؟ ئیتر دووبارە نەبووە وە..

بانگیان کردم و دەستیان کێش کردم بۆ ژوورەوە، دوو ئەمن

---

15- کاتێ بەربووم هەواڵی ئەم ماجیدەم پرسی، گوتیان: ئیعدام کراوە..

باڵیان گرتم، یەکێکیان لای ڕاست وئەوی تریان لایچەپ. هەستم کرد وەك قەفیز وابوو لە پەنجە تووتەی هەردوو دەستمیان بەست، تەواو توونديان کرد، ئینجا یەکێکیان بەعەرەبی گوتی: گەورەم! دەستت ماچ دەکات!! واتە ئامادەیە..

ئینجا هندلیان لێداو هەموو گیانم دەرزی ئاژن کرا، وەك نووکە دەرزی بکرێ بە هەموو گیانمدا ئاوەهابوو!! هاوارم لێبەرزبووە وە و لەخۆوە ئەم ئایەتە قورئانیە هات بەسەر زمانمدا کە لەسەر زمانی ئیمانداره‌کەی ئالی فیرعەونەوە خوا باسی دەکات و دەفەرموێ: ئایا پیاوێك دەکوژن کەدەڵێت خودام ئەڵلایە؟ " أتقتلُونَ رَجُلاً أنْ يَقُولَ: رَبِّي اللَّهُ ؟"[16]

رائید هیشامەکە گوتی: چی،چی؟ ئایا پیاوێك دەکوژن کە دەڵێت: خوام ئەڵلایە؟ هێشتا لە کوێتە و چیت دیوە؟! ئینجا گوتی: ئادەی کارەباکەی لێ بکەنەوە، چاو پێچەکەش لەسەر چاوی لابەرن، کارەبایان کردەوە و چاوپێچکیشیان لابرد..

گوتی: تۆ پێم ناڵێیت چیت؟

گوتم: بەرێ وەڵلا پێت دەڵێم.. من لەعەقیدەدا موسڵمانم، لەزمانا کوردم، لە ناسنامەدا عیراقیم.. ئەوە منم!!

گوتی: ئێوە بەکافرمان دەزانن، وەڵلاهی من موسڵمانم!!

---

16- سورة غافر/28.

هەرگیز نوێژم ناچێ، ڕۆژووی ڕەمەزان دەگرم، تا ئێستا زینام نەکردووە، حەزناکەم ئازاری هیچ کەس بدەم، هەر شەوێ ئازاری کەسێك بدەم ئەو شەوە خەوم لێ ناکەوێ!!

گوتی: تۆ چەندە قورئانت لەبەرە؟

گوتم: سوورەتە ووردەکانی جزمی عەممە..

گوتی: سوورەتی ئەلکەهفت لەبەر نییە؟

گوتم: نەخێر.. ئەنجا خۆی هەندێکی لێ خوێندەوە!!

گوتی: ئەلف لام میمی سوجدەت لەبەرە؟

گوتم: نەخێر.. هەندێکیشی لەو خوێندەوە!!

گوتی: ئەی سوورەتەکانی (یاسین و دوخان و واقیعە و حەشر وتەبارەك)ت لەبەرە؟

گوتم: نەخێر. خۆی لەهەر سوورەتەی شتێکی خوێندەوە!!

ئینجا گوتی: لەگەڵ ئەوەشدا ئێوە بەکافرمان دەزانن!!

گوتم: دەی سوپاس بۆ خوا کە کافرنین.. لەدڵی خۆیشمدا ئەمگوت: قورئان لەبەرکردنە کەشتان بۆ گیرۆدە کردن و پێوە کردنی موسڵمانانە!! موسڵمانەتییە کەشتان وەك موسوڵمانیەتی مام ڕێوییە!!

من وا حاڵی بووم، بۆیە ئەو پرسیارانەی لێکردم تابزانێ ئایا

لەناو کۆمەڵی (برایان)ی موسڵمانی پەیامدار دا دەژیم، یان نە؟ چونکە وا مەشهووورە برایان قورئانی باشیان لەبەرە، منیش بۆیە دەمگوت: لەبەرم نییە، تا سەری لێ بشێوێنم..

گوتی: ئەی کاك ئازاد خێزانەکەی مووچەخۆرە، یان نە؟

گوتم: نازانم..

گوتی: ماڵیان لە چ گەڕەکێکە؟

گوتم: نازانم..

گوتی: بەمەزەندە لەوانەیە لە چ گەڕکێك بێ؟

گوتم: لەوانەیە لە مەجید بەگ بێت..

نەقیب حەسسون لەژێر لچەوە گوتی: لەوانەیە ئەمانیش وەك حیزبی دەعوە سوێندیان بۆ یەکتر خواردبێ جێگاو شوێنی یەکتر نەڵێین..

گوتم: من هیچ پەیوەندییەکم پێوەی نییە تا سوێندی بۆ بخۆم.. پاش ئەندازەیەك ئازاردان گوتیان بییبەنەوە ژوورەکەی خۆی.

که هێنامیانەوە ژوورەکەی خۆم هەندێك لە زیندانییەکان هاتن بە پیرمەوە و گوتیان: ئەزانی کێ زللەکەی لێ دایت؟

گوتم: نەخێر..

**گوتیان: ئەوە رەحمان بوو!!**

**رەحمان ئەمنێکی دەموچاو پانی، چاو بچکۆلەی، سوورکاری، موو زەردی، پانکیلە بوو، ئارەزووی لێدان وجنێودان بوو!! لە دوای نیوە شەوەوە هەتا هێزی تیابوو شەقێکی لەدەرگای ژوورەکە هەڵدەدا و دەم بەجنێو دەیقیڕاند: هەی واو وا پێکراوانە هەستن!! دەڵێی سە...ن!! ئابەو جۆرە خەڵکەکەی لەخەو رادەپەڕاند.. بۆچ کەس دەیوێرا لەناو جێگەکەیا بمێنێتەوە و هەڵنەسێتە سەرپێ؟!**

**گوتیان ئەوەش کە پێی گوت: بۆ لێت دا؟ کێ پێی گوتی: لێی بدەیت؟ ئەوە رەحیم بوو!! رەحیم پیاوێکی رۆح سووکی، رەشتاڵەی، لاوازی، بێ وەی بوو، بە پێچەوانەی رەحمانەوە نە جنێوی دەدا، و نە لەکەسی دەدا، گشت بەندییەکان خۆشیان دەویست!!**

**دوای ئەوجارە بانگیان نەکردمەوە. بەلاّم من وام نەدەزانی کە وازیان لێهێناوم، هەر لەگەڵ تەقەی دەرگا بهاتایە من وامدەزانی بەشوێن مندا هاتوون بۆ سزادانم دەبەن، لەراستیدا هەموو کاتێکی ئەو چەند رۆژەم سزاو ئێش و ئەشکەنجە بوو!!**

**کاتێ لە ژووری تەحقیق هێنامیانەوە وەك دەیان گوت: زۆر پەشۆکابووم، و تەواو رەنگم تێك چووبوو، ئەوانەی هاتن**

بەرەو رووم گوتیان: چی بوو؟ چیان لێ پرسیت؟

گوتم: جێو شوێنی ئەو برادەرەیان لێ پرسیم، کە لەگەڵ مندا ناوی درابوو، منیش پێم گوتوون: نازانم.. ئینجا کارەبایان لێ بەستم، و زۆر ئازارم پێگەیشت هاوارم لێ بەرزبووەوە و بەدەم هاوارەکەوە ئەم ئایەتەم خوێندەوە..

گوتیان: شەرواڵیان پێ داکەندی؟ کارەبایان لە عەورەتت بەست؟

گوتم: نەوەڵلا.. لە هەردوو پەنجە تووتەی دەستمیان بەست..

گوتیان: مامۆستا! مەترسە کارەکەت ئاسانە!! چونکە هەرکەسیان بۆ تەحقیق بردبێ دەرپێیان پێ داکەندووە، و کارەبایان لەسەر عەورەتی و گورچیلەی بەستووە!!

## هەمزە سوور:

لەم کاتەدا کوڕێکی سپی پێستی، مووکاڵی، چاوشین، کە تازە مووی ریش وسمێڵی هاتبوو، لەو بەرمانەوە دادەنیشت، هات بۆلام و گوتی: مامۆستا! ئەمانە هەموو جۆرە وەسیلەیەك بۆ وورە بەردانی ئەو خەڵکە بەکار دێنن..

گوتم: تۆ لەو بارەوە هیچ دەزانی؟

گوتی: من جاش بووم!! هەڵهاتم و چوومە دەرێ، پاشان هاتمەوە و بوومەوە بە جاش!! لەگەڵ زەلامێکدا ناکۆکیمان

**هەبوو، هەمدیسان رۆیشتمە دەرەوە وجارێکی تریش هاتمەوە!! وا ئیستا گیراوم و لەم زیندانە کراوم.. باوەڕت هەبێ ئەوەی ئازاری بەسوێ بێ کردوویانە بە دڵما، هەڵیان واسیم، کارەبایان لێدام، کێبڵکارییان کردم، ئەیان ویست بڵێم لە رێکخراوێکدام!! تا ئێستا دیانم بەهیچ شتێکدا نەناوە..**

**دواین جار کەبردمیان بۆ ئەشکەنجە، هەڵیان واسیم، و لەوکاتی هەڵواسینەدا پێیان گوتم: ئەگەر ئیعتیراف نەکەیت، سبەینێ دەچین دایکت دێنین و لەبەرچاوتا  واو وای لێ دەکەین!! مامۆستا! باوەڕت هەبێ ئەگەر سیخێکیان بەجەرگمدا بکردایە هەر ئەوەندە ئێشم پێ دەگەیشت!!بەلاَم بۆ ئەوەی دار لەدەستیان دابخەم گوتم: جا قەیدی چییە؟! ئافرەت هەر بۆ شتی وا دروستکراوە!**

**کەوام گوت: ئەمنەکە دوو تفی لێکردم وگوتی: ئەم سە... ی ...بابە، چەند زۆڵ و حەرامزادە!! ئیتر دایان گرتم و وازیان لێهێنام..**

**مامۆستا گیان! ئاگات لەخۆت بێ، ئەگەر قسەی وایان کرد نەڕووخێیت و وورە بەرنەدەیت، چونکە زۆرکەس بەم هەڕەشەیە هەموو راز و نهێنییەکیان لێ دەر هێناون.. ئەو کوڕە دەبینی؟ دەستی بۆ زەلامێ راکێشا لەناو ژوورەکەدا، و گوتی: ئەوە کوڕی سالەی مەجەیە، باوکی ژنی هێناوە بەسەر**

دایكیاندا، و وازی لەدایكی ئەمان هێناوە، ئەو بەستە زمانە خۆی وبراكەی حەوت ڕۆژی تەواو هەڵواسران و كێبڵ كاری كران، و كارەبایان لێ درا، و بەسۆندە هەموو گیانیان بیراز كردن، هەر ددانیان بەهیچدا نەنا، لەسەری حەوتەمین ڕۆژا، برا پچووكەكیان برد بۆ ژووری تەعزیب، لەوێ پێیان گوتبوو: ئەگەر ڕاستمان پێ نەڵێیت دەڕۆین دایكت دێنین و لەبەرچاوتا ئاوەهاو ئاوەهای لێ دەكەین!!

ئەویش لەترسی ئەوەی نەوەك بەڕاستیان بێت و دایكیان بێنن، گوتبووی: بەقوربانتان بم، هەرچیتان بوێت بۆتان ئیمزا دەكەم، بەڵام دایكم مەیەنن!!

بەوجۆرە رووخاندبوویان و ئیعتیرافیان پێ كردبوو، ئیعتیرافی لەسەر براكەی تریشی كردبوو، هەرچەند براكەی خۆی گرتبوو، و ددانی بەهیچ شتێكدا نەنابوو، بێ سوود بوو، بەبراكەی گوتبوو: هەی سە...ی...باب، خێراكە، ئیعتیراف بكە، بادایكمان نەهێنن، چش خۆمان دەكوژرێین با ئابڕووی دایكمان نەبەن!!

ئیتر براكەی تریشی بەناچاری ئیعتیرافی كردبوو، كە هەردووكیان لە رێكخستنی یەكیەتیدان، جابۆیە: تۆیش ئاگات لەخۆتبێ بەهەرەشەی وا شت نەكەیتە ملی خۆت.

بەڕاستی لەم ئامۆژگارییەی هەمزە سوور زۆر سوودم وەرگرت، بەتایبەت لە تەحقیقی بەغدادا فریام کەوت..

باخوێنەر خۆی حەکەم بێ لەم عەدالەتەی بەعسا!! من هیچ پەراوێزێکی بۆ نانووسم..

ئەو شەوە نوستین، بەلاَم لەسەرمادا لەسەرهیچ لایەکم نەم دەتوانی نیوسەعات بخەوم، بەسەر ئەولاکەی ترما دەکەوتم!!

## گورچیلەکانی وەستابوون:

سبەینێ کە لەخەو هەستاین و نانی بەیانیمان خوارد، دەستنوێژێکم شۆرد و چەند رکاتێ نوێژی چێشتەنگاوم بەجێهێنا، و بەدڵ و دەروونێکی گەرم وملێکی لار و زەبوونەوە، بە پێویستییەکی تەواوەوە، تەقەمان لەدەرگای رەحمەتی بێپایانی پەروەردگار دا، و دەستم کردە پاڕانەوە و لا لاَنەوە و هانا بردن، زۆری پێ نەچوو یەکێك لەخەلەکانییەکان، کە شەوانە زۆر بەباشی گوێی بۆ باسە ئایینییەکان دەگرت، هاتە لامەوە و گوتی: مامۆستا! لێکۆڵینەوەت تەواو بووە؟

گوتم: برام! وەڵلاهی نازانم!!

گوتی: کاغەزیان دایتێ ئیمزای بکەیت؟

گوتم: نەخێر.. بۆچی؟

گوتی: ئەوەی لێکۆڵینەوەی تەواو دەبێ وەرەقەیەك دەخەنە بەردەستی و هەموو ئەوشتانەی کە خۆی گوتویەتی بۆی ئەخوێننەوە، و دەڵێن: ئیمزای بکە، یا پەنجەی پیابنێ کە ئەمە قسەی تۆیە، جا ئەو کەسەی بەزۆر شتی پێ بڵێن و ئیعتیرافی پێ بکەن، لای (موحەقیق عەدلی) دەتوانێ پەشیمان ببێتەوەو بڵێ: بەزۆر ئەو قسانەیان پێکردووم، دەنا من وا ناڵێم!! بەلاّم لەدواییدا مەگەر خوا نەیکوژێ، دەنا ئەیکوژن!! ئەوەندە سزای ئەدەن..

گوتم: ئەگەر تەحقیق ئەوەبێ، تا ئێستا من تەحقیقم تەواو نەبووە. ئەی تۆ تەحقیقت لەگەڵ کراوە؟

گوتی: بەڵێ، بەلاّم مەسەلەی من لێ پرسینەوە و لێکۆڵینەوە (تەحقیق)نەبوو، کوشتن بوو، کوشتن!!

گوتم: چۆن؟

گوتی: تەماشای مەچەکم بکە، خۆ ئەو مەچەکەی تریشم دەبینی؟

گوتم: بەڵێ، مەبەستت ئەو هەڵدڕاوەیە، کەدروومان کراوەتەوە؟

گوتی: بەڵێ.

گوتم: ئەوە هۆی چی بوو؟ بۆچ وات لێ هاتووە؟

گوتی: ئێمە هەشت کەس بووین، حەوت قوتابی و شۆفیرێك، لەدێهاتەکانی خەلە کانەوە راپۆرتێکیان لێ نووسیبووین: کە گوایە: ئێمە پەیوەندیمان بەرێکخراوێکی رامیارییەوە هەیە!! لەئەمنی خەلەکانەوە بانگیان کردین، بەلاّم بە چ جۆرێك؟

گوتیان: هەندێ بلۆکمان هەیە وەرن لەتەکمانا چاکیان بکەین!! ئێمەش رۆیشتین، ئەوانەی ناویان لەناو راپۆرتەکەدا نەبوو، لەوێ ناردنیانەوە، ئێمەیان گل دایەوە و حەوالّەی سلێمانىیان کردین، بردینیان بۆ تەواری( طوارئ)، لەوێ لێکۆلّینەوەیان لە تەکمانا دەست پێکرد.

ئەو برادەرە چاو شینە دەبینیت؟

گوتم: بەلّێ.

گوتی: ئەوە یەکەم کەس بوو کە پرسیاریان لێکرد، چونکە مندالّ بوو، دنیای نەدیبوو، بوختانی بۆ خۆی کرد و گوتی: بەلّێ، ئێمە لە رێکخراوداین..

ئینجا هاتنە گیانی من، هەرچی پرسیاریان کرد، گوتم: ئاگام لەهیچ نییە، و ددانم بەهیچ شتێکدا نەنا، بەشەق و بەلەقە تێم بەربوون، بەلەقە چوونە سەرورگم، بەکێبل ئەوەندەیان لێدام تا خوێن لەدەم و لووتمەوە هاتەدەر! وەك لێفە شڕەکەی مامۆستا قانیعیان لێکردم، و عەیب نەبێ میزم بوو بە خوێن!!

حاڵەتەکەم زۆر مەترسی داربوو، بردمیان بۆ خەستەخانەی سەربازی، لەوێ دکتۆر گوتی: دەبێ خێرا بیگەیەننە بەغدا، چونکە هەردوو گورچیلەی لەکار کەوتووە!!

بەپەلە گەیاندمیانە بەغدا، خێرا خستمیانە ژێر ئۆکسجینەوە، و هەردوو گورچیلە میان بەدەزگایەك پاك کردەوە، و هەردوو لاق و هەردوو مەچەکیان هەڵدڕیم، تا گورچیلەکانم بکەونەوە کار، ماوەی دوو مانگ و نیوی تەواو لەخەستەخانە بووم..

ئەم ئەشکەنجە و لێدانەی من بۆ هاوەڵەکانم بوو بەخێر، ئیتر ئەشکەنجەیێکی زۆری ئەوانیان نەدابوو.. ئەوبرادەرەش پەشیمان بووەوە..

ئێمە ئەوە حەوت مانگی تەواوە لێرەین، تائێستا کەسیان لێ بەر نەداوین، و کەس و کارمان هەواڵمان نازانن، و نەشیان هێشتووە دایك و باوکمان سەرمان لێ بدەن!! بەڵام بەتەماین لەم ماوەیەدا بەر ببین، بەتەمای خوای گەورە، خوا شوێنەواری زاڵم نەهێڵێ.." [17]

17- ئەم کوڕەی ئەم بەسەرهاتەی خۆیانی بۆ گێڕامەوە لەکاتێکا بەر بووبو هەوالێ ماڵی ئێمەی پرسیبوو، و ڕۆیشتبووە هەوارەبەرزە و هەواڵی منی بەماڵەوەمان دابوو.

له سالیٚ 2002 که رۆیشتمەوە بۆ کوردستان، لەمانگی پێنج دا سەرێکم له ناوچەی رانیەدا، لەمەڵبەندی رانیەی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، ئەوبرادەرەم بینییەوە، بەلاّم من نەم ناسی، ئەو خۆی پێناساندم وگوتی: ماموٚستا! من ئەو کوڕە خەلەکانییەم که له هۆڵی زیندانەکەی سلێمانیدا پێکەوە بووین!! ئیتر منیش باوەشم پیا کرد و ئەملاولام ماچ کرد و هەواڵی خۆیم لێپرسی گوتیان: ئێستا ئەندام لقه له یەکگرتوودا..

پاشان خۆیشی نامەیەکی بۆ نووسیم کەزۆر پێی شادمان بووم ئەمە دەقی مامەکەیەتی:

"بەناوی خوایگەورەی میهرەبان 2002/5/2

برای زۆر بەرێزم ماموٚستا حسن پێنجوێنی دوای سەلام و رێزمان بۆ ئێوەی بەڕێز و خۆشەویست.

زۆر خۆم به خۆشحاڵ و بەختەوەر ئەزانم کەبەخزمەتی جەنابت گەیشتم و بەدیداری یەکتری شادبووینەوە لەکاروانی یەکگرتوودا، ئینشائەڵلا بەهەمان شێوە له بەهەشتیش بەیەکتری شاد ئەبینەوە.

بەرێز ماموٚستا گیان! دوای سوپاسی خوای گەورە لەسەر ئەوەی که هیدایەتی دام بۆ دینی خۆی، زۆر سوپاسی جەنابیشت ئەکەم که یەکەم کەس بوویت که بەقسەی جوان وچیرۆك و بەسەرهاتی ئیمانی رووناکیت خستە ناو دڵ و دەروونم و بوویتە مایەی ئەوەی کەدڵم نەرم بکەیت لەبیستنی حەق و راستیدا، لەکاتێکا من وهاو زیندانییەکان لەوپەڕی نەزانی وسەرکەشی و بیٚ ئاگاییدا بووین، بەتایبەتی من که لەقۆناغی هەرزە کاریدا بووم، بەلاّم ئەوەی کەباشەبیٚ تیامدا ئەوەبوو: کەزۆر حەزم له بیستنی قسەکانی جەنابت بوو، دیارە ئەوەش فیترەتەکەیە.

ماموٚستاگیان! دوای ئەوەی لەیەکتری جیا بووینەوە، پاش بەسەر بردنی

**چوار مانگ** له زیندان له (1987/2/18) هەژدەی دووی هەشتاو حەوتا، لەگەڵ هاوڕێکانم (خەلەکانییەکان) ئازاد کرام، منیش لەبەرەکەتی هیدایەتی خوا و-پاشان-ئامۆژگارییەکانی جەنابت و ئاسەواری بارو دۆخی زیندان، هەر لەزینداندا بڕیارم دا بوو: هەرکاتێ ئازاد بکرێم دەبێت روو لەخوا بکەم و قورئان بخوێنم، بەڵام کاتێ ئازاد کرام نەم توانی ئەو ساڵە خوێندنەکەم تەواو بکەم، کە لەپۆلی پێنجەمی زانستی بووم، هەر عەودالی ئەوەبووم، کەسێك هەبێ فێری قورئانم بکات،{شایەنی باسە ئەوکاتە لەقورئان ئەترسام و نەم ئەوێرا دەستی لێ بدەم}، خۆش بەختانە خوای گەورە هەر لەرەمەزانی ئەو ساڵە(1987)دا برایەکی موسڵمان بەناوی (عزالدین عبد الله) کە ئێستا بەیەکەوە هاو کاروانین لەناو یەکگرتوودا لەرۆژی دووەمی رەمەزاندا دەعوەتی من و چەند کەسێکی کرد بۆ قورئان خوێندن، منیش بەئاواتی خۆم شادبووم، و هەرلە رەمەزاندا قورئانێکم هەدیە کرد، خوای گەورەپاداشتی جەنابت و ئەو برایە بداتەوە بەبەهەشتی نەبڕاوە، کە بوونە هۆی رزگار بوونی من و کەسانی تریش لە نەزانی و نەشارەزایی.

مامۆستای بەڕێزم! من و هاوڕی زیندانییەکانم ئەوکات لەسەر مەسەلەی نیشتمانی وحیزبی عیلمانی زیندان کرابووین، سەرەتا بەو دەستگیرکردنە زۆر نارەحەت بووم، بەڵام کاتێ ئازاد بووم و خۆم دۆزییەوە و زانیم کە زیندان بۆمن بووە مایەی خێرێکی گەورە و خاڵی وەرچەرخانی ژیانم بەرەو باشتر، بە پێچەوانەوە پێی دڵخۆش بووم، ئێستاش لەفەزڵی خواوە رۆژ بەرۆژ بەو کاروانە دڵخۆشترم و ئومێدم وایە خوای گەورە تا کو مردن سابت و بەردەوامم بکات لەگەڵ هەمو براکان.

مامۆستای بەڕێزم! هیوادارم ئەم داواکاریەم جارجارێك کەبیرت

کەوتمەوە بۆ جێبەجی بکەیت، داواکارییەکەم ئەوەیە، کە لێرە یان لە (ئوسترالیا)ی دوورە ولأتەوە دوعای خێرم بۆ بکەیت و بۆم لەخوای گەورەو میهرەبان بپاڕێیتەوە کە:

1- لەگوناهەکانم خۆش بێت ودڵسۆزی وتەقوام زیاد بکات.

2- زیاتر هیدایەتم بدات و هیدایەتی خۆیم لێ نەبڕێت.

3- زیاتر رەحمەت و بەزەیی و میهرەبانی خۆیم بەسەردا بڕێژێت.

4- زانستی سوود بەخشم پێبدات و ئیستیقامە و بەردەوامی زیاترم پێ بدات بۆ کاری دەعوە و بانگەواز.

5- وام لێ بکات هەر ئەرك و کارێك کەجەمعەکەم پێم ئەسپێرێت لەئاستیدا بم و بتوانم جێبەجێی بکەم.

6- وام لێ بکات رووناکی وچرای هیدایەت بم بۆ دەوروبەری خۆم.

7- تۆبە و گەڕانەوە و هەوڵ و خەباتم لێ وەر بگرێت، و لەخەسارەت مەندان نەبم لەرۆژی قیامەتدا..

8- نیەتی پاکم بەردەوام بکات و لەشەڕی شەیتان و هەواو ئارەزوو و ریابازی بم پارێزێ.

9- بەشی باشمان پێبدات لە دنیاو قیامەتدا.

10- هەرچی شتێ کە بەخێروچاکی ئەزانی، بۆم لەخوای گەورە بپاڕێرەوە، چونکە زۆر ئیحتیاجم بەپاڕانەوەی جەنابت و هەموو برایەکی موسڵمانم لە پشتی غەیبەوە، بۆیەش زۆر داکۆکی دەکەم لەدوعا بۆ کردنم چونکە پێغەممەرصلی الله علیه وسلم دەفەرموێت:" دَعْوَةُ الْمَرْءِ الْمُسْلِمِ لأَخِيهِ بِظَهْرِ الْغَيْبِ مُسْتَجَابَةٌ." رواه مسلم في الذكر والدعاء برقم:4914، وأحمد برقم:20717.

ئەم كوڕەی ئەم بەسەرهاتەی خۆیانی بۆ گێڕامەوە هێشتا برینیدەستێکیانی خۆش نەبووبوەوە، کوڕێکی بالاّ بەرز، مووڕەش، چاو وردیلە، گەنم ڕەنگێکی مەیلەوسپی، زۆر فامیدەو هۆشیار، دەنگی زۆر گەورەنەبوو، و زۆر بە حەیاو بەئەدەب بوو، شەوانە لەکاتی قسەکردنەکان و باسیئاینیدا زۆر بەباشی گوێی ئەگرت، هەر زۆر منی خۆش ئەویست، و دەیگوت: خۆزگا مامۆستا! بەردەبوویت، و سەرێکی خەلەکانت دەدا و دێنییەکت دەکردین!!

ئەم برادەرە خەریك بوو تووکی سەری ئەڕووتایەوە، گوتم: ئەوە لەمەو پێشیش وابوویت؟

لەولاوە مام حسێن گوتی: نەوەڵلا وانەبوو، زۆر جوان، موورەش، سپی پێست، مووی سەری زۆر چڕو پڕ بوو، بەلاّم لەژێر ئەو ئشکەنجەو ئازاردانەدا وای لێهات، لە راستیشدا هەر ئەم بوو بەرگەی گرت، دەنا هەرکەسێکی تر بوایە، ئێستا شوێنەواری نەما بوو!!

★ ★ ★

---

سەنگەسەر 2/5/ 2002 صادق عبد الله صادق.

## حاجی ڕەشید ی سەرخەتمە:

دوا نیوەڕۆی سێشەممە 1987/2/3 پیاوێکی کورتەبالأی، سەرسپی، کلأو سپی، ریش سپی، بەلأم ریش تاشراوی، چاکەت و پانتۆڵ لەبەریان هێنا، بەلارەملی و کز و لاوازییەکەوە زۆر لەسەرخۆ سەلامێکی کرد، خەڵکەکە وەك عادەتی خۆیان، ڕۆیشتن بەرەو پیریەوە و هەریەکە پرسیارێکی لیّ دەکرد..بەلأم من نەڕۆیشتم..

هاتنەوە بۆلام و گوتیان: ناوی (حاجی ڕەشیدە)، و مامۆستای سەرەتاییە، و سۆفی شێخ عوسمانی نەقشیە، و دەڵیّ: هاتوون پێیان گوتووم: ژن برایەکت هەواڵی کوشتنی هاتووە، وەرە بۆ دایەرەی ئەمن، تا ئەدرەسەکەت لیّ وەربگرن، و بت نێرن بۆ هێنانەوەی!! منیش کەوتوومە تەکیان، کەچی لێرە پێم دەڵێن: عەسکەری چی و کوژراوی چی؟ تۆ حەمەڕەشیدی ماوەتی نیت؟

گوتومە: بابە! من حەمە ڕەشید عەبدوڕڕەحمانم، و هەر لە ناو شار لەدایك بووم، و خەڵکی سلێمانیم..

گوتوویانە: نوێژ دەکەیت؟

گوتوومە: بەڵیّ.

گوتوویانە: ڕۆژوو دەگریت؟

گوتوومە: ئەرێ وەڵلا..

گوتوویانە: دەبڕۆ ژوورەوە!!

وا ئێستا گیراوم!! ئاخر بابە! لەبیاتی خەڵکی تر بۆ من ئەگرن؟ کە خۆتان لێتان روونە من ئەو نیم، و هیچ تاوانێکیشم نەبێ، ئیتر بۆ لەبیاتی کەسێکی تر بگیرێم؟ خوا چۆن هەڵدەگرێ؟!

پاش دوو رۆژ کەوتینە چۆن وچاکی، و قسەمان لەتەك یەکترا کرد، زۆر نارەحەت بوو، هەندێ دڵخۆشیم دایەوە، و گوتم: لە خۆتەوە بوختان بۆ خۆت وخەڵکی نەکەیت، ئەگەر لێیشیان دایت ناوی کەس نەڵێیت، دەنا گیرۆدە دەبیت و بەندت توند تر دەبێت، و تووشی نارەحەتی زیاتر دەبیت.

بەتوورەییەکەوە گوتی: بابە! من هیچ نیم!! ئیتر باسی چیبکەم و ناوی کێ بێنم؟!

مام حسێنیش گوتی: راست ئەکات، قسەکانی خراپ نین، و بۆ تۆیەتی، تا زیاتر ئاگات لەخۆت بێ..

## رەزا و ئەمیر:

لە ئێوارەدا کوڕێکیان هێنایە ژوورێ، حەرەسەکە زللەیەکی لێدا و گوتی: دە برۆ، ئەویش گڤەی کرد و بۆی دەرچوو، بەستە زمانە وەك تیر بەناو هۆڵەکەدا ڕای کرد!!

گوتیان: ئەمە ناوی رەزا یە، لەرێکخستنی کۆمەڵەدایە، و ماڵیان لەگەڕەکی چوار باخە، و تا ئێستا ناوی سی و شەش کەسی داوە و تووشی کردوون!!

ئەم سی وشەش کەسەش هەریەکە رۆژێك یا دوو رۆژ لەژێر سزاو ئەشکەنجەدا خۆیان گرتووە و پاشان رووخاون وئیعتیرافیان کردووە..

هەر ئەو شەوە کوڕێکیان فڕێدایە ئەم دیو دەرگاکەوە، شەرواڵەکەی کەوتبوە قاچی، ئەوەندەش کێبڵ و سۆندەیان لێدابوو نەیدەتوانی بەپێی خۆی بڕوات!! ئیتر شەرواڵەکەیان بۆ بەستەوە، و دووکەس رۆیشتنە ژێر باڵی و هەڵیان ساند، و هێنایان بۆ ئەم لاوە، بەستە زمانە کە پێی دادەنا دەتگوت پێ بەسەر پشکۆدا دەنێ، ئەوەند ئازاری پێ دەگەیشت!!

خەڵکەکە لەناو خۆیاندا زۆر باش بون، تەمرینی زۆریان پێدەکرد، چ بەدەستی وچ بەقاچی، ئەگەر هەڵواسینەکەی زۆر نەبوایە ، یا زۆر قورس نەبوایە، پاش دوو سێ سەعات چاك دەبووە وە. دووشەو لەسەر یەك ئەم کووڕەیان برد بۆ ژووری لێ کۆڵینەوە، و سزادان، ئەو هەموو ئازارەی چەشت هیچی نەگوت، بەلاّم لەسەری سێ هەمین شەوا بەرگەی ئەو تەعزیبە جەهەننەمییەی نەگرت و ناچار ئیعتیرافی کرد، ئەمیش یەکێك بوو لەوانەی کە هاوڕێ رەزا ناوی هێنابوون!!

## کۆیرانە بوونەتە دوژمنی:

شەو دڕەنگ بوو، ئەوانەی لەدەورم کۆببوونەوە کەم نەبوون، منیش لە روانگەی ئیسلامەوە باسی نرخی ئادەمیزادم بۆ کردن، وا دیار بوو باسەکە زۆر لە دڵ و دەروونیاندا کاریگەر بوو، یەکێك لەماوەتییەکان گوتی: مامۆستا! ئەمەی تۆ باسی دەکەیت لەم سەرزەوییەدا و لەهیچ وڵاتێکدا کاری پێناکرێو ئەنجام نادرێت!!

گوتم: راست دەکەیت، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئێمە بزانین دینەکەمان چییە؟! ئەو کاتە دەتوانین هەوڵی بۆ بدەین و لەژیانی رۆژانەماندا کاری پێبکەین..

ئەو کاك عەزیزەی کەباسم کرد و گوتم: هەردوو لاڕانیان سووتاندبوو ئەویش یەکێ بوو لەوانەی لە باسەکەدا ئامادەبوو، کاتێ هەستا گوتی: وەڵلاهی هیچ یاسایەك نییە لە ئاینی ئیسلام جوانتر و چاکتر بێت!!

ئالەویادا بەتەواوی بۆم روون بووەوە ئەوانەی کە دوژمنایەتی ئیسلام دەکەن هۆی نەشارەزایی و بێ ئاگابوونیانە لەئیسلام، چونکە ئەگەر ئیسلامیان بەو جۆرە بناسیایە کە هەیە، هەرگیز نەدەبوونە دوژمنی، بەڵکو یەکێك دەبوون لە هەڵگرانی.

ئیتر ئەو شەوە بلاوەمان لێکرد و هەرکەسە رۆیشتەوە بۆ جێی خۆی. من ومام حسێنیش بە راڕەوی نێوان جێگەکاندا ماوەیەك هاتوچۆمان کرد، و ئەندازێك لەبەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕامەوە..

## مامۆستا خێری زۆرە:

رۆژی چوارشەممە 4/2/ 87 لەکاتی چێشتەنگاودا کوڕێکی باریکەلەی، رووخۆشی، دەم بەبزە، هات بۆلای مام حسێن وخەوێکی بۆ گێڕایەوە، ئەویش بۆی لێك دایەوە، و پاشان پێی گوت: کاکە ئیبراهیم! نازانم ئەم هەموو خەوە چییە تۆ دەیان بینیت؟!

مام حسێن رووی کردە من و گوتی: مامۆستا تۆ ڕات چییە؟ ئایا هەموو خەوێك شیاوی گێڕانەوەیە؟ ئینسان هەرچی بینی بیگێڕێتەوە؟

گوتم: هەموو خەوێك شیاوی گێڕانەوە و باسکردن نییە، ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی ترەوە هەموو کەس مانای خەو نازانێ، لەوانەیە تۆ بۆ کەسێکی بگێڕیتەوە ئەویش بەهەڵە بۆت مانا بکات، بەپێی فەرموودەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم وا دەردەچێت کە ئەو یەکەم کەسە بۆت مانا دەکات" الرُّؤيَا لأوَّلِ

**عابرٍ. "[18] واته: یەکەم کەس چۆن مانای کرد وا دەردەچێ... لەبەر ئەوە دەبێ ئینسان یابۆ زانای بگێڕێتەوە یا خۆشەویست!! "خەوی ئیماندار بەشێکە لە چل بەشی پێغەمەرایەتی، خەوەکەیش تا نەگێڕرێتەوە جێگیر نابێت، کە گێڕایەوە بەوجۆرە دەبێ کە مەعنای لێدراوەتەوە. وە پێم وایە فەرمووی جگە لە زانا، یا خۆشەویست خەو بەلای کەسەوە مەگێڕنەوە". [19]**

**ئەم کوڕە لەتاڵی بەتانییەکان تاڵێکی دەرهێنا بوو، وەك تەزبیحی لێ کردبوو، سەد ویەك گرێی لێدابوو، لەوکاتەدا کە قسەی بۆ ئەکردین و قسەمان بۆ دەکرد، ناو بەناو دەیگوت: لا اله الاَّ اللّه، لا اله الاَّ اللّه.**

**منیش گوتم: ئەوە چییە کاك ئیبراهیم؟**

**گوتی: مامۆستا! خێری زۆرە.. منیش لێرەدا هیچ ئیش وکارێکم نییە، بۆ ئەم خێرە گەورەیە لەکیس بدەم؟!**

**گوتم: خەڵکی کوێیت؟**

---

18- أخرجه ابن ماجة في كتاب تعبير الرؤيا، برقم:3905.

19- عَنْ أَبِي رَزِينٍ الْعُقَيْلِيِّ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صلى اللة عليه وسلم:" رُؤْيَا الْمُؤْمِنِ جُزْءٌ مِنْ أَرْبَعِينَ جُزْءًا مِنَ النُّبُوَّةِ وَهِيَ عَلَى رِجْلِ طَائِرٍ مَا لَمْ يَتَحَدَّثْ بِهَا، فَإِذَا تَحَدَّثَ بِهَا سَقَطَتْ، قَالَ: وَأَحْسَبُهُ قَالَ: وَلا يُحَدِّثُ بِهَا إِلاَّ لَبِيبًا أَوْ حَبِيبًا" أخرجه الترمذي في كتاب الرؤيا برقم: 2204، والإمام أحمد في مسند المدنيين برقم: 15606.

گوتی: خەڵکی پێنجوێنم، ئەی نام ناسیت؟

گوتم: نەوەڵلا، لەپێنجوێندا کوڕی کێیت؟

گوتی: کوڕی وەستا عەبدوڵلای تەنەکە چیم..

گوتم: باوکت دەناسم، بەڵام خۆت نا، وادیارە ئەو کاتەی من لەپێنجوێن هاتومەتە دەر تۆ منداڵ بوویت.. پێم بڵێ، بزانم لەسەر چی گیراوی؟

گوتی: لە تەنزیمی یەکیەتیدا بووم.. لەسلێمانی دوو قوتابی هاوڕێم هەبوو، من پەروەردەم ئەکردن، و لەیەك شانەدا بووین، کاتێ گیرام هەڵیان واسیم و کارەبایان لێدام، و ئەوەندە کێبلێیان لەژێرپێمدا ئەها ژێر پێم چۆن توێکڵی هەڵداوە؟!- لەوکاتەدا ژێر پێی خۆی پیشان دام- لەگەڵ ئەوەشدا هەر ئیعتیرافم نەکرد..

پاش دوو رۆژ ئەشکەنجە ئەو دوو منالەیان هێنا، و من هەرچی بەیان و نووسراوم دابوونێ، یەك بەیەك باسیان کرد و هەڵیان رشت، تومەز ئەمانە هەردووکیان ئەمن بوون، و فێڵیان لە من کردووە، ئیتر دەمم بووبە تەڵەی تەقیو، و ئیعتیرافم کرد، بەڵام ناوی کەسی وام نەبردووە کە لەناو شارا بێت، ناوی کەسانێکی وام وتووە کەلە بەردەستا نین و لەدەرەوەن، جا ئیتر نازانم دەمکوژن، یان نە؟!

**گوتم خوا کەریمە، ئینشا ئەڵلا ناتکوژن، و رزگارت دەبێ، هەر ئەوەت عاقڵانە بووە کەناوی خەڵکی ناو شارت نەداوە.. ئەم کاك ئیبراهیمەش هەندێ پرسیاری هەبوو، وەڵامی پرسیارەکانمان دایەوە، و سوپاس بۆ خوا دەستی بەنوێژ کرد..**

## خۆزگەم بەخۆت:

**کوڕێکی کەلاری[6] و یەکێکی دەربەندی لەناو زیندانییەکانا**

---

6- لە سەفەرەکەی سالی 2002دا بۆ کوردستان ئەم کوڕە کەلارییەم بینییەوە، لە بەیانی رۆژی یەك شەممەی 2002/4/14دا لای بڕێز ئەمینداری گشتی دانیشتبووم، نامەیەکیان دایە دەستم، دیتم نوسراوە لەحەسەن ئاوارەی خەڵکی کەلارەوە، کە لە 1987 دا لە زیندانی سلێمانی لەتەکتا بووە دەیەوێ بت بینێ. لە مامۆستام پرسی: ئایا جەنابت ئەیناسی؟

گوتی: نەخێر.

گوتم: ئەمە خۆ حەسەن ئاوارەکەی دەربەندیخان نییە؟

گوتی: نەخێر، ئەمە لەوە دەچێ پارتیبێ و ئاوارە بووبێ وئێستا لێرەبێ. گوتی: بڕۆرە هۆڵەکەوە و لەتەکیا دابنیشە.

کەرۆیشتمە دەرەوە دیمەنێکی دڵتەزێنم دی، ئینسانێکی حافز هەردووچاوی نەماوە، هەردودەستی لەمەچەکیا قرتاوە، و لەگەڵ پیرە ژنێکدایە، بەخێر هاتنم لێکردن و فەرمووم لێکردن بۆ هۆڵەکە، لەوێ دانیشتین و کەوتینە قسە کردن و گوتی: مامۆستا! پاش ئەوەی کە لەزیندان بەر بووین، من هەر بەشوێن جەنابتا دەگەڕام، بەلام بێ سوود بوو، نەم دەزانی چۆن بت دۆزمەوە؟! قسەی شەوانەی ناو زیندانەکە شوێنەوارێکی

گەورەی لەمندا دروست کردبوو.. لەبیرتە لەهۆڵەکەی زیندانی ئەمنی سلێمانی پێکەوە بووین؟ حەمە حاصلیت لە بیرە؟ لە بیرتە حاجی رەشیدێکی صۆفیت لەتەکدا بوو، هەمیشە لە ترسا دەگریا و تۆیش دڵخۆشیت دەدایەوە؟ لەبیرتە باسی قەپە سێوەکەی باوکی ئیمام ئەبو حەنیفەت بۆکردین؟

گوتم: هەمو ئەمانەم دێتەوە یاد بەڵام وێنەی جەنابتم بیر ناکەوێتەوە، ناهەقم مەگرە پیر بووم!!

گوتی بەدایکی: بێزەحمەت ئەو وێنەیە لەباخەڵما دەربێنە کە دە رۆژ پێش ئەوەی بگیرێم گرتوومە. دایکیشی وێنەکەی دەرهێنا، کەپیشانی دام یەکسەر هاتەوە پێشچاوم، ئەمە ئەو لاوەیە کەلەتەك لاوە دەربەندییەکەدا شەوانە دەهاتن بۆ گوێ گرتن لەباسەکان.. کوڕێکی جوانی، بێ ریش وسمێڵ، دەموچاو پان، هەستام بێ ئیختیار دەستم کردە ملی و باوەشم پیاکرد و ئەملاولام ماچ کرد، وچاوم پڕبوو لە فرمێسك، و گوتم: برا! ئەوە بۆچ وات پێ هاتووە؟

گوتی: ئەوە حیکایەتەکەی دوورە، کاتێکی تر ئینشائەڵلا بۆت باس دەکەم.

گوتم: چۆنت زانی کە من هاتووم؟ گوتی: دوێنێ رادیۆی دەنگی یەکگرتووم کردەوە، چاوپێکەوتنێکی ساز دابوو، لە وتووێژو قسەکانەوە هەستم کرد ئەم دەنگە لەدەنگی مامۆستا حەسەن پێنجوێنی دەچێت، گوێم لێگرت تا تەواو بوو، لە کۆتاییدا پێشکەشکەری بەرنامەکە گوتی: زۆر سوپاسی مامۆستا حەسەن پێنجوینی دەکەین بۆ ئەم چاو پێکەوتنەی.. ئیتر بەتەواوی بۆم روون بووەوە کە جەنابت هاتوویت بۆ هەولێر. تەلەفونم بۆ رادیۆ کرد و هەواڵی ئێوەم پرسی، گوتیان: لەوانەیە سبەینێ لە مەکتەب

زۆر هۆگرم بوون، ئەم دوانە لەپۆلی پێنجەمی ئامادەییدا بوون، هەردوویان پێکەوە لەو پەڕی هۆڵەکەدا بوون، شەوانە دەهاتن گوێیان لە باسە ئاینییەکان دەگرت، و هەمووگیانیان دەکردە گوێ..

لاوە دەربەندیخانییەکە ناوی عوسمانی مەلا غەفوور بوو, گوتی: مامۆستا من یەك دوو کتێبی تۆم خوێندۆتەوە.

گوتم: کاکە گیان! لەسەر چی گیراوی؟

گوتی: "مامۆستا! رووم نییە بێژم لەسەر چی گیراوم!! خۆزگەم بەخۆت بەس نییە تۆ رووت هەیە و دەڵێیت: لەسەر ئیسلام گیراوم..کاتی خۆی باوکم ئەندامی یەکێ لەوحیزبانەی دەربەند بووە، منیش لەسەر ئەوە گیراوم کە گوایا لەوحیزبەم.. بەڵام بەخوا لەوحیزبەدا نیم!!"

---

سیاسی بێت، ئیتر منیش ترومبێلم گرت و هاتم بۆ لات.

دایکیشی گوتی: وەڵڵا مامۆستا! ئەم شەو لەخۆشی تۆ خەوی لێنەکەوتووە. هەر باسی دەکرد وباسی دەکرد.

ئەم کاك حەسەنە ئیمانێکی زۆر قایم و پتەوی بۆ دروست ببوو، رازی بە قەزای خوا، شاعیر و ئەدیب، وریاو بلیمەت، زۆر بە عیززەت و بەهیممەت بوو، نزیکەی پێنچ سەد دینارێك لەباخەڵمدا هەبوو، هەستام کردم بە گیرفانیا، وەری نەگرت و دایەوە بەسەرما، و گوتی: ئەگەر ئەمەت لێ وەربگرم ئیتر یەعنی نابێ جارێکی تر بت بینمەوە، هەرچی هەوڵم دا وەری نەگرت. دە ئەوەندەی تر گەورە بوو لە پێش چاوم.

گوتم: ئەی چۆن گیراوی؟

گوتی: یەکێ لەئەندامانی ئەو حیزبە لە دەربەندا زۆر لەتەکما خەریك بوو، بۆ ناو ئەوحیزبەی رام بکێشێ، بەڵام نەبووم.. ئیتر نەمزانی ئەمە هەم لەوحیزبەیە، و هەم جاسووس!! بۆخۆی لەژێرەوە خەبەری لێدابووم کە من لەوحیزبەدام!!

وا ئێستا لەسەر ئەوە گیراوم، هەرچەند لێیان دام و فەلاقەیان کردم هەرگوتوومە وەڵڵاهی من لەو حیزبەدا نیم، و حەزیشم لێی نییە، بەڵام تەنیا فلاٌنەکەس رقیەتی لێم و دوژمنایەتی لەتەکما هەیە، بۆیە خەبەری لێداوم، کەناوی زەلامەکەم برد، ئیتر وازیان لێ هێنام!! چونکە زانییان کە راست دەکەم"[21]

---

21- کە رۆیشتمەوە کوردستان لەمانگی پێنجدا دەعوەت کرام بۆ مەڵبەندی کەرکووکی یەکگرتووی ئیسلامی لە دەربەندیخان.. لەیەکێك لە دامەزراوە ئیسلامییەکاندا ئەم برادەرەم بینییەوەو خۆی پێ ناساندم و گوتی: مامۆستا من عوسمانی مەلا غەفوور م ئەو کوڕە دەربەندییەم کە لەزیندانا پێکەوە بووین. ئای چەند بەدیتنی شاد و دڵخۆش بووم، کە - سوپاس بۆخوا - بووەتە موسڵمانێکی تەواو مولتەزیم و پەیمادار ببوە ئەندام لقی یەکگرتوو!!.

ئەوەی لەوباسەدا پیم سەیربێ ئەوەیە: چۆن کەسێك خۆی بەخاوەنی بیرو باوەڕ بزانێ جاسووسی بۆ دوژمنەکەی دەکات؟

## هاوەڵی خراپ:

شەویٚ لەتەك مام حسێندا بەناو ڕاڕەوی هۆڵەكەدا پیاسەمان دەكرد، من باسی هاوەڵی خراپم بۆ دەكرد، كەچەند زیانی بۆ ئینسان هەیە، بیٚ ئەوەی بەخۆی بزانیٚ!!

ئەویش گوتی: زۆر ڕاستە، هاوڕیٚ لە ژیانی مرۆڤا دەورێكی گرنگی هەیە، بەچاك و بەخراپ، ئینجا هەندیٚ بەسەرهاتی لە ژیانی خۆیا گێڕایەوە و گوتی: من گەنج بووم، زۆر ئەهلی زەوق بووم، بەلاٚم لەژیانمدا بەنەخوێنی حەرامم نەكردۆتەوە و زینام نەكردووە!! لەگەڵ ئەوەدا تووشی عەرەق خواردنەوە بووم، زۆر حەزم لەمەقامەكان بوو، ئەگەر داوای گۆرانی ومەقامیان لێنەكردبام گۆرانیم بۆدەهات ولاسایی خۆشترین ئاوازی مەقامەكانم ئەكردەوە، بەلاٚم هەر لەگەڵ بیان گوتایە: كاك حسێن! مەقامێكمان بۆ بڵیٚ بۆم نەدەهات!!

پاشان ڕووداوێكی زۆر سەیری بۆ گێڕامەوەو گوتی:" لەساڵەكانی پەنجادا، هەتیوێكی گەڕی پیس ببوە هاوەڵمان، جارێكیان ڕۆیشتین بۆ سەیران، و منیش بڕنەوێكی كورتم

---

ئەگەر یەكێك نەهاتە ناو كۆمەڵەكەی و بەبیرو بۆچوونی ڕازی نەبوو، چۆن بەناوی بیرو باوەڕەكەی خۆیەوە بەگرتی بدات و بەگەورەترین دوژمنی بناسێنیٚ؟!

پێبوو، کوڕێکی تریشمان لەگەڵ بوو، هێشتا مووی لێنەهاتبوو، کوڕ ئەوەند جوان بوو، خوشکی خۆی حەیرانی دەبوو!! عارەقێکی زۆریان دەرخوارد دا، و کوڕە کەوت، و ئاگای لەخۆی نەما، هەتیوە گەڕەکە گوتی: کاتی هاتووە، با لاقەی بکەین!! منیش زۆر ئێشم پێ گەیشت، مووی لەشم هەمووی وەك نەشتەر راست بووەوە، و گوتم: وەڵلاهی ئەو ق... بابەی دەستی بۆ ببات، سەرسنگی بەگوللە هەڵ دەتەکێنم، و جەرگ ودڵی ئەکەم بەیەك!! وەڵلا ئیتر کەس نەیوێرا دەستی بۆ ببات!!

مامۆستاگیان! هەموو کەسێ کەڵکی رەفیقایەتی نییە، بەتایبەت ئەوانەی قۆز و پێکەوتوون و موویان لێ نەهاتووە، هەرگیز هەق نییە لەگەڵ ئینسانی خراپ و بێ دیندا بڕۆنە دەرەوە، چونکە شتی ئاوایان لێ دەوەشێتەوە!!"

گوتم: بەخوا برا! قسەکەت راستە، رەفیقی بێ دین هەمیشە شتی وای لێ چاوەڕوان دەکرێ، تۆیش باوەڕت بە لێ پرسینەوەی پاشە رۆژ هەبووە بۆیە بەگوێت نەکردوون.

ئەم مام حسێنە تەمەنی لەدەوری شەست ساڵدا دەبوو، پیاوێکی زۆر ئازاو بەغیرەت بوو، زۆر زوو هەڵدەچوو، زۆر دڵ نەرمیش بوو، هەندێ کات کەباسی پاشەرۆژم بۆ دەکردن، سەرنجم دەدا فرمێسکی چاوی سەرگۆنا و ریشە سپیەکەی تەڕ

دەکرد..

بەرگدروویەکی زۆر لێهاتووبوو، کاتی خۆی لەبەر ئەوە دڵی دایکی لێ نەیەشێت نەی وێراوە ژن بهێنێ، کاتێ دایکیشی دەمرێ ئیتر پیر دەبێ و تاقەتی ژنهێنانی نامێنێ، خۆیان لەبنەچەدا بانەیی بوون، لەسلێمانیدا کەسوکاری نەبوو، ئەمیش ژن و منداڵی نەبوو، دایکیشی نەما بوو، بۆیە هەندێ جار ئەیگوت: ئاخر من بەریش ببم بچمەوە لای کێ؟! زۆر جار سەرزەنشتی خۆی دەکرد و ئەیگوت: بریا کاتی خۆی ژنم بهێنایە، ئێستا چەند منداڵێکم دەبوو!!

وادیارە ئادەمیزاد لەو تەمەنی پیریەتییەدا تامەزرۆی منداڵ و وەچە دەبێت، و لەو سەرکەشی و مەغروور بوونەی پێشینیخۆی پەشیمان دەبێتەوە، و هەزاران خۆزگە و ئاوات دەخوازێ، بەڵام تازە خۆزگە هیچ سوودێکی نامێنێ!! بۆیە منیش کەمێ دڵخۆشیم دایەوە، و گوتم: ئینشا ئەڵلا بەردەبیت و ئەو کاتەژنێکت بۆ دێنین..

## بۆ ژووری ژمارە یەك:

لەم ماوەیەدا کە لەو هۆڵە گەورەیەدا بووین من نوێژی بەیانی و عیشام بە ئیمامەت بۆ دەکردن، و حاجی رەشیدیش نوێژی نیوەڕۆ و عەسرو مەغریب دەبوە ئیمامیان..

تا لەرۆژی پێنج شەممە 5/ 2/ 87 دا کردینیانە حەوشەی مەکتەبەکە، لەو کاتەدا خۆرێکی خۆشی هەبوو، ئێمەش خۆمان دایە بەر بەرۆچکەکە، چەند رۆژێ بوو خۆرمان نەدیبوو، زستانیش بوو تامەزرۆی هەتاو بووین، پاشان دەستیان بەناو خوێندنەوە کرد و لێکیان جیا کردینەوە!!

ئەوانەی کە هاوڕێی رەزابوون و ئەو ئیعتیرافی لەسەر کردبوون هەموویان کردن بەیەك، و گوتیان: کۆمەڵەکەی رەزا بڕواتە ئەولاوە، ژمارەیەکی زۆر لەژوورەکەی ئێمە رۆیشتنە پەنای، لەژوورێکی تریشەوە هەندێکیان هێنا و بوون بە سیی وشەش کەس، و پاشان بردنیان بۆ هۆڵەکە!!

من و مام حسێن و حاجی رەشید و چل و دوو کەسی تر بە دەربەندی و کەلاری و خەلەکانی و رانیەییەکانەوە بردینیان بۆ ژووری ژمارە یەك، و لەگەڵ کاك رێبوار جیایان کردینەوە، - خوا هیدایەتی بدات- بەراستی سیفاتی چاکەی زۆری تیا بوو. ئەم ژوورە تازەیەمان زۆر تەنگ و تاریك بوو، رۆشنایی دەرەوەمان نەدەبینی، عاسمانمان لێوە دیار نەبوو، تەنیا گلۆپێکی شیری درێژی تیا بوو!!..

دووهەوا گۆڕ(مفرغە هواو)ی تێدا بوو، لەبەر ئەوەی کەزۆر سەرمامان بوو یەکێکیانمان لەکار خست..

ئەم ژووره نزیکی ژووری ئەشکەنجەو ئازاردان بوو، هەرکەس لەوێ ئازار بدرایە ئێمە گوێمان لەدەنگ و هاواریەوە دەبوو!!
جاری وابوو لەکاتی نان خواردنی نیوەڕۆدا یەکێکیان دەبرد بۆ ئەشکەنجە، کە ئازاریان دەدا و هاواری دەکرد و دەی زریکاند، ئێمە پارووەکە لەگەرووومان دەگیراو نانمان بۆ نەدەخورا!!

بەنیسبەت خۆمەوە کەنەم دەزانی چیم لێدەکەن هەمووکاتێ چاوەڕوان بووم ئەو ئەشکەنجەیە بدرێم، بۆیە لەئازارێکی بەردەوامدا بووم!!

کوڕێکی موو لوولی، تووکەسەر وەك مێوژ، رەنگی ئەسمەرێکی تۆخ بوو، ئەم کوڕەیان هێنایە ژوورەکەمان، کە دراوسێیەکی خۆی خەبەری لێدابوو کە گوایا لە رێکخستتنی ناوشاردایە! حەوت رۆژ ئەم بەستەزمانەیان برد بۆ لیدان وئازاردان، هەرئیعتیرافی نەکرد، شەوێك لەگەڵ دوو پۆلیسدا بردنیان بۆ سزادان، یەکێ لەپۆلیسە گیراوەکان لەژێر لیدانا ئیعتیرافی کردبوو، ئیتر نەیان هێنایەوە، بەلأم پۆلیسەکەی تر و قژ لوولەکە ئیعتیرافیان نەکردبوو هێنانیانەوە، بۆ ژوورەکەی ئێمە!!

ئەم لاوە قژ لوولە ناوی عوسمان بوو، لەدواوە بەکەلەپچە دەستی بەسترابوو، ئەوەند توندیان کردبوو دەستی ئاوساندبوو ، دەمی کەلەپچەکان چەقیبووە ناو گۆشتی دەستیەوە و

برینداریان کردبوو. تا پاش سەعاتێکیش لەناو ژوورەکەدا مانەوە ئینجا بۆیان کردنەوە.!!

شەوێ لەنیوەشەوا قۆمیسەرێکی نارەسەن بەناوی جومعە، بەشەق و لەقە بەربووە، دەرگای ژوورەکە، خەڵکەکەی لەخەو راپەڕاند و بەعەرەبی گوتی: عوسمانە فەندی!!

گوتی: بەڵێ. گوتی: وادیارە ئیعتیراف ناکەیت، وا نییە؟!

عوسمانیش سەری داخستبوو، وەڵامی نەبوو!! جومعە گوتی: خەیاڵ نەکەیت، وەڵلاهی بەیانی دایکت و خێزانت دێنم و لەبەرچاوتا ئاوەهاو ئاوەهایان لێ دەکەم!! عوسمانی بەستەزمان وەك مقەبا وەستا بوو، هیچ وەڵامێکی نەدایەوە، جومعە ماوەیەکی تر جنێوی دا، خۆ کەس نەی دەوێرا وەڵامی بداتەوە، ئیتر رۆیشت!!

ئەمە من بەچاوی خۆم دیم وبەگویی خۆم بیستم!! ئابەوجۆرە سزای دەروونی خەڵکە کەیان ئەدا!! بیهێنەرە پێش چاوی خۆت: دەستی ئینسانێك لەدواوە بەکەلەپچە ببەسترێ، ئەوەند توند بکرێ تا دەچەقێتە ناو گۆشتەکەی، بەو شێوەیەش وەك چۆلەکە هەڵبواسترێ، لەوحاڵەتەدا کارەبا لە عەورەتی و گورچیلەی ببەسترێ، ژێر پێی کێبڵ کاری بکرێ، کە هێنایشیانەوە ژووری زیندانەکەی لەگەرمەی خەوا

رابپەڕێنرێ، و ئابەو جۆرەش سووکایەتی پێبکرێ، دەبێ چ سزاو ئازاردانێك بێ؟!!

ئەو پۆلیسەش کە ئیعتیرافی نەکردبوو ناوی ئومێد بوو، کوڕێکی باریکەلەی قژ لوولی، موو کاڵی، چاو شینی، سپی واش بوو، ئەم کوڕەش پێنج رۆژ برا بۆ ئەشکەنجە، لێدان و فەلاقەو هەڵواسین، تا منیش لەوێ بووم هیچ ئیعتیرافێکی نەکرد!! ئیتر نازانم دوای من چی بەسەر هات..

## قەڵای قایم (**حصن الحصين**):

واتە: قەڵای قایم. ئەم کوڕە حیصنول حەصینێکی پێ بوو، کە هەندێك قورئانی تیابوو، وەك سوورەتەکانی ( یاسین ، ئەڕرەحمان ، ئەلواقیعە، و ئەلحدید) منیش لێم وەرگرت و هەندێك لەسوورەتی واقیعە و حەدیدم لەبەرکردەوە، کەگەیشتمە ئەم ئایەتەی سوورەتی حەدید : " مَا أصَابَ مِنْ مُصِيبَةٍ فِي الأرْضِ، وَلا فِي أنْفُسِكُمْ إلاَّ فِي كِتابٍ مِنْ قَبْلِ أنْ نَبْرَأَهَا، إنَّ ذلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ، لِكَيْلا تأسَوْا عَلَى مَا فاتَكُمْ، وَلا تفْرَحُوا بِمَا آتاكُمْ، وَاللَّهُ لا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتالٍ فخُورٍ."[22] واتە: هەر موصیبەت و نارەحەتییەك لەسەر زەوی و دەروونی خۆتاندا رووبدات، یا تووشتان ببێ، پێش ئەوەی بیهێنینە دی

22- سورة الحديد /23،22.

لەکتێبی لەوحول مەحفووزدا هەیەو نووسراوە، بێگومان ئەوەش لای خوا ئاسانە، تا خەفەت بۆ شتێ نەخۆن کە لەکیستان چووە، و بەوەی پێشتان دراوە لەخۆ بایی نەبن! بێگومان خوا هیچ خۆبەزل زانێکی فیزنی خۆش ناوێ..

لەکاتی ئاسایی و ئیسراحەتدا ئەم ئایەتە زۆر جێگەی دەمەقاڵە و قسە و باس بوو، چونکە لەمەعناکەی حاڵی نەدەبووین!! بەڵام لەو زیندانەدا زۆر باش لەواتاکەی حاڵی بووم، بەڵکو بووە مەڵهەمێکی کاریگەر بۆ سارێژکردنی برینە دەروونییە کانم، پاش لەبەر کردنەوەی ئەو ئایەتە ئیتر سەرکۆنەو سەرزەنشتی خۆمم نەدەکرد..

## پۆلیسەکەی سەید سادق:

رێکخستنێکی یەکیەتی لەناو پۆلیسی ناوشاردا دۆزرابووەوە!! زیاتر لەبیست پۆلیس و باشچاوەش و قۆمیسەریان گرتبو، زۆربەیان لەژێر ئەشکەنجەدا ئیعتیرافیان کردبوو.

کوڕێکیان هێنابوو، ناوی جەلال بوو، زۆر ئێسك سووك نەبوو، رەشتاڵەیەکی، کورتەبالای، قەڵەوی پانکیلە بوو، ئەم بێچارەیە ئەوەند هەڵیان واسیبوو، هەردوو دەستی لەکار کەوتبوو، منیش بەزەییم پیا ئەهاتەوە بە کوڕە گەنجەکانم دەگوت: خێری خۆتان کەمێ شان وباڵی بۆ بشێلن و مەشقی پێ بکەن

بەڵكو دەستەكانی كەمێ باش ببن!! قەڵەوی بۆ هەڵواسین زۆرخراپە، ئەم كوڕە چونكە قەڵەو بوو نەی ئەتوانی دەستی بجووڵێنێ، ئەم وت: جەلال گیان! دەستت بەرزبكەرەوە، تا هێزی تیابوو شانی بەرز دەكردەوەو دەیگوت: ئاه ما مۆستا گیان! ئاه.

دەمگوت: هەوڵبدە زیاتر دەستت بجووڵێنی..

ئەیگوت: بەخوا لەوە زیاتر ناتوانم..

ئەو هەژارە! لەو ناوەدا وەك پنە كەوتبوو، نەیدەتوانی خۆی شت بخوات، ئەبوا نانیان بكردایە بەدەمیەوە، ئاویان دەرخوارد بدایە، بۆ ئاودەستیش دەبوا خەڵكی بەنەخوێنەكەیان بۆ ببەستایەتەوە!! نەی دەتوانی بەتانییەكە بەخۆیا بدات، دەبوا خەڵكەكە دایان پۆشیبایە!!

## حاڵی زیندانییەكان:

ئەمە حاڵی دانیشتوانی ناو ئەو ژوورانە بوو، بەڵام خۆ وەزعی ژوورەكان - بەشێوەیەكی دڵتەزێن - لەسەر دەروونی خەڵكەكە زۆر كاریگەر تربوو..

بۆ نموونە: صابوونی دەست شۆرین، یا جل شۆرین یاتایتی تیا نەبوو، چێشتمان دەكردە كاسەی ماستەوە، كاسەی ماستەكان كەنانی تیا نەدەخورا، بەئاوێكی سارد دەشۆررا، لەبەر ئەوە

چەورییەکەی هەروەك خۆی پێوە دەمایەوە!!

مەگەر یەکێك لێی بقەومایە دەنا کەس نەی ئەوێرا خۆی بشۆرێ، چونکە ئاوی گەرم نەبوو، ئاوە ساردەکەش چڵکی لانەدەبرد، جل و بەرگ نەدەشۆررا، ئەگەر بەئاوە ساردەکەش بشۆرایە، چلکەکەی هەروەك خۆی پێوە دەمایەوە، بۆیە ئەسپێ و مۆریانەیەکی زۆری تیا پەیدا بووبوو، باوەڕتان هەبێ شەوانە پێش خەوتن ئیش و کارمان تەنیا سپێ دۆزین بوو، ئەگەر ئێمە شەوانە پێش خەوتن بیست یا زیاتر ئەسپێمان بکوشتایە، بۆ سبەی شەو زیاتر نەبوایە کەمتر نەدەبوو!! زۆرم پێ سەیر بوو چونکە لە ژیانمدا شتی وام نە دیبوو، نە بیستبوو..

بەرسمێڵکردن وریش تاشین وسەر چاکردن وبن باڵ پاك کردنەوە نەبوو، شانە نەبوو قژی پێ دابهێنرێ، هەروەك گوتم: صابون نەبوو دەموچاوی پێ بشۆررێ، ئەوخەڵکە هەمووی گژن و قژن وچڵکن بوون، بووبوینە عیبرەتێك بۆ خۆمان!!

سەرمان ئەوەند هەڵکڕاندبوو، کرێشی سپی هەڵدابوو، ملیوان ویەخەی کراس وچۆغە لەچڵکا بریقەی دەدایەوە!! زیاد لەوە سەرمای ژوورەکان بێنەرە پێشچاوی خۆت، بزانە لەکۆتایی مانگی یەك و سەرەتای مانگی دوو لەسلێمانیا دەبێ چ

سەرمایەك بووبێ؟! ئەو ژوورانەش بەڕە و مافووریان تیا ڕانەخرابێ، و سۆپایان تیا دا نەنرابێ.. زیاد لەوە ناوبەناو پانکەی ژوورەکانیان لێ دەکردینەوە، تا زیاتر سەرمامان بێ!! هەموو هاوارمان لێ بەرز دەبووەوە، ئینجا دەیان کوژاندەوە..ئەمە حاڵمان بوو لەو ژوورانەدا.

خۆ ئەگەر باسی خواردنت بۆ بکەم سەرسام دەبیت، لەشەو و ڕۆژێکدا سێ سەموونی باریکەلەی کارەباییان ئەدایێ، پڕ کاسەی ماستێك چێشتمان هەبوو، بە دوو کەس کاسەیەك ماستیان ئەدایێ، بەقەدەر نیوەی بەشی کەروێشکێ گێزەریان ئەدایێ، ئێواران بە دووکەس پڕ کاسەی ماستێ شلەو خۆرشتیان دەدایێ. هەر هەفتەی جارێك هێلکەیەکیان بۆ دەهێنایین!! پەنیرێکی 110گرامی بۆ دووکەس بوو!! بەڵێ، ئەوە خواردنەکەمان بوو..

## دەرسی شەوانە:

لەم ژوورەدا کردبوومە عادەت شەوانە دوایئەوە کە نوێژی عیشامان بەکۆمەڵ دەکرد، باسێکم دادەمەزراند، یا باسی ژیانی پێغەممەر ρ، یا ژیانی هاوەڵەکانی یاباسێکی شەرعی(فیقهی)م بۆ دەکردن، یاوەلاٌمی پرسیارێکم ئەدانەوە، یا گومانێکیانم لەبارەی ئیسلامەوە بۆ ڕوون دەکردنەوە..

کاتێ دەمویست قسە بکەم یەك دوو کۆکەم دەکرد، دەیان گوت: بێ زەحمەت بێدەنگی، مامۆستا قسەمان بۆ دەکات.. کەدەستم بەقسە دەکرد تەنیا ورتەیەکیان لێنەدەهات، ئەوەند بە حەزەوە گوێیان دەگرت!!

حاجی رەشیدیش ناوبەناو باسی پیاوانی پێشین و پیرانی تەریقەتی دەکرد، بەزۆری باسی لێزانی و رێز و گەورەیی شێخ عوسمانی نەقشبەندی دەکرد، هەرگیز نەم دەویست پەرچی قسەکانی بدەمەوە. لەبەر ئەوە تەماحی کردبوە خۆیشم بم کات بە سۆفی..لەم بارەوە زۆر هەتەری کرد..

منیش گوتم: کاك حاجی! من باوەڕم بە وەلی و پیاوچاك هەیە، و خوایش لە قورئانا باسی وەلی و پیاوچاکان دەکات کە: لەرۆژیکا خەڵکی دەترسن و خەمبار و پەرێشانن، ئەولیاکانی خوا نەترسیان هەیەو نەخەم. دەمێنێتەوە دیاری کردنی وەلی، کێ وەلییە؟ خەڵکی لەم دیاریکردنەدا راو بۆچوونی جیاوازیان هەیە، من لەم دیاریکردنەدا ئەوەم پێ پەسەندە کە شەرع دیاری دەکات، لەنەزەری شەرعەوە وەلی و پیاوچاك کەسێکە گوناهی کەبیرەی نەبێو لەسەر گوناهی بچووکیش بەردەوام نەبێ..

لەم روانگەوە ئەگەر کەسێك بەرماڵی بەسەر ئاوەوە بگەڕێت، و بەباڵی خۆی بە ئاسمانا بفڕێت، بەلاّم کردەوەکانی پێچەوانەی

شەرعی خوابێ ئەوە بەفاسق حسێب دەکرێ، نەك بەوەلی و پیاوچاك..

ئەو هیندۆسەی بەسەر پشکۆی سوورا بەپێی پێ خاوس دەسوورێتەوە، یا ئەو بوودایيەی سیخ دەکات بە ورگی خۆیا و هیچی لێ نایەت و دوایش شوێنەکەی دیار نییە، تۆ بەوەلی و پیاو چاکی نازانی؟! بەلاٚم هیچ دوور نییە دەور و بەری خۆی بەپێی بۆ چوونی خۆیان بە پیاوچاکی بزانن..

ئێمە بۆمان نییە نەزەری شەخسی خۆمان بەسەر کەسا بسەپێنین، بەلاٚم ئەبێ کەباوەڕمان بەشەرع بوو شوێنی بکەوین، هەرکەسێکیش هەر نەزەرێکی هەیە با هەیبێ، ئازادە لەبیر و بۆچوونیا، گرنگ ئەوەیە خۆمان شوێن شەرع بکەوین و نەزەری شەرعیش روون بکەینەوە. دەنا هەرکەسێك بگری لەبارەی وەلییەوە بۆ چوونێکی تایبەتی هەیە..

## لەسەرەمەرگا لێی قەوماوە:

گوتم: با رووداوێکی سەیرت بۆ بگێڕمەوە..

گوتی: فەرموو..

گوتم: کابرایەك هەبوو  باوکی موریدی شیخێکی ناوداری ناوچەکە بوو، باخەوان رۆژێك رێی دەکەوێتە لای شێخ و لەناو چۆن وچاکییەکەدا شێخ هەوالٚی باوکی لێ دەپرسێ و

ئەڵێ: حەمەگیان! باوکت چۆنە؟!

ئەویش ئەڵێ: قوربان! هەواڵی باوکم ئەپرسی؟

ئەڵێ: بەڵێ.

حەمەیش ئەڵێ: ئەی قوڕ بەسەرم قوربان! وەڵڵا باوکم لەجەهەننەمدایە!!

شێخیش بەسەرسامییەکەوە ئەڵی: کوڕم بۆچ وا ئەڵێیت؟

ئەویش ئەلێ: قوربان! چۆن وا نەڵێم؟ باوکم بەتەمای ئێوەبوو لەسەرەمەرگا ئاگاتان لێی بێ و نەیەڵن لەسەرەمەرگا شەیتان زەفەری پێ ببات، وای دەزانی ئێوە ئاگاتان لەهەموو شتێکە!! کەچی باوکم سیی ساڵە عەمری خوای کردووە، ئێستا تۆ هەواڵی ئەپرسی و ئەڵێیت باوکت چۆنە؟! بۆیە دەڵێم: ئەگەر ئاوا ئاگاتان لێی بووبێ شەیتان ئیمانەکەی لێ سەندووە و بەکافری مردووە!!

حاجی ڕەشید بزەیەك گرتی و گوتی: دەزانم ناوی چییەو شێخەکەیش کێیە..

گوتم: ئەوە گرنگ نییە بزانی کێیە یا کێ نییە. بەڵام گرنگ ئەوەیە بزانین هەرکەس لەحەنای خۆیەوە شێخی خۆی بەشێخێکی کامڵ و تەواو دەزانێ.. ئەگەر ئینشائەڵڵا بەربووین

دەچین سەرێکی لێ دەدەین و زیارەتێکی دەکەین..

لەو ماوەدا ئەوانەی شك و گومانیانم نەدەهێشت و روویان دەکردە نوێژکردن ئەو هەوڵی دەدا بیانکات بەسۆفی، بەڵام من هێچ کەسێکم لێ پەشیمان نەدەکردەوە و لە دژیشی قسەم نەدەکرد. لەبەر ئەوە لەو ماوەیەدا دڵمان لەیەکتر نەیەشا..

## خۆ بووراندنەوە:

لەناو ژوورەکەدا دو کوڕی خەڵکی کانیسکانمان لەتەکا بوو، ئەمانە برابوون یەکێکیان ناوی (موحەممەد) و ئەوی تریان ناوی (رۆژ) بوو. ئەمانە کوڕی وەستا کریمی قەساب بوون، موحەممەد هەژدەو رۆژیش شانزە ساڵ بوو. رۆژ هێشتا مووی لێ نەهاتبوو، پاکی و بەرائەتی پێوە دیاربوو، ئینسان کە دەیبینی بەزەیی پیایا دەهاتەوە..

ئەم دوانە لەژووری ئەشکەنجەدا هەڵیان واسیبون، و کارەبایان لێ بەستبوون، لەپاش هەڵواسینەکەوە موحەممەد دەستی لەکار کەوتبوو، هێشتا چاك نەبووبوەوە، بەڵام رۆژ دەستی لەکار نەکەوتبوو، لێم پرسین: چۆنە وا رۆژ دەستی لەکار نەکەوتووە و تۆ دەستت لەکار کەوتووە، لەگەڵ ئەوەدا ئەو لەتۆ قەڵەو ترە؟!

رۆژ وەڵامی دایەوە و گوتی: مامۆستا! لەکاتی هەڵواسینەکەدا

پێش ئەوەی مێزەکە لەژێر پێم بێننە دەرێخۆمم بەتوندی بەرزکردەوە، لەبەر ئەوە کەمێزەکەیان لابرد قورسایی زۆر نەکەوتە سەر شان وباڵم!!ئینجا دەستم کرد بە قیژە قیژ و هاوارکردن و بەدەم هاوارەکەوە جنێوم دەدا!! زۆری پێ نەچوو خۆم لەقسەکردن خست و ملی خۆم لارکردەوە، وام پیشان دا کە لەهۆش چووم و بووراومەتەوە!! کەبەوجۆرە وەزعەکەی منیان دی لەوە ترسان شتێکم بەسەر هاتبێ..

گوتیان: دای بگرنە خوارەوە..

منیش هیچ خۆم نەجووڵاندەوە، دایان گرتم و بردمیانە دەرەوە، لەبەر هەوا ساردەکە دایان نام.. ئاویان لەسەرو چاوم پژاند..خۆم دا نەچڵەکاند.. دوو سێ زللەیان لێدام.. هەر خۆم نەجووڵاندەوە، وەك ئەوە ئاگام هەر لەدنیا نەبێت!! وەڵڵا ئیتر هێنامیانەوە، و لەوکاتەوە ئیتر نەیان بردووم بۆ ئەشکەنجە و ئازاردان.."

لەدڵی خۆما گوتم: ئەمەش دەرزێکی چاکە، ئەگەر ئینسان بتوانێ لەکاتی هەڵواسینەکەدا خۆی ببورێنێتەوە..

ئەم دوو برایەش لەتەکمانا نوێژیان بە کۆمەڵ دەکرد..

## نوێژی کۆمەڵ:

لەم ژووری ژمارە یەکەدا ژمارەمان دەگەیشتە چل وپێنچ

کەس، هەندێکیان گومان و دوو دڵیان لەبارەی ئاینەوە هەبوو، پاش ئەوە کە لەلوتفی خواوە گومانەکانیان بۆ لا دەبرا دەستیان بەنوێژ دەکرد، ئەو ژووره چل وپێنچ کەسییە – بەفەزلی خوا- تەنیا دوو کەسی تیامابوو نوێژ نەکات، ئەویش یەکێکیان سەرپەنجەکانی قرتا بوو، تارەتی بۆ نەدەگیرا ودڵیشی ئاوی نەدەخواردەوە بەو جۆرە نوێژەکانی بکات.. ئەوی تریشیان لەژێر ئەشکەنجەدا هەردوو باڵی لەکار کەوتبوو!! ئیتر ئەوانی تر هەموو پێکەوە نوێژمان بەکۆمەڵ دەکرد، هەروەك گوتم: من عیشاو بەیانیان پێش نوێژبووم، حاجی رەشیدیش سێ فەرزەکەی تر..

## بێ ئارامی هاوەڵەکەم:

پێش ئەوەی ئێمە ببرێین بۆ بەغدا برادەرانی دەربەندی و کەلاری و حەوت خەلەکانێیەکان و سێ کەسی تریش بەر بوون و رۆیشتنە دەرەوە..

ناو بەناو هاوەڵەکەم لەژێر پاڵە پەستۆی حاڵەتە ناخۆشەکانی ناو زیندانا، دەڕووخا و رەش بین دەبوو، قسەی وای دەکرد بۆ موسڵمانی سادەش نەدەشیا، چ جای سالیکانی تەریقەت و رێڕەوانی رێی خۆ بۆخوا پالأوتن..منیش دڵخۆشیم ئەدایەوە و ورەم بەرز دەکردەوە..

دەیگوت: ئاخر بۆ دەبێ من بگیرێم؟! من چیم کردووە؟! خوایە تۆ چۆن قبووڵی دەکەیت، من لەجیاتی یەکێکی تر بگیرێم؟!

منیش دەمگوت: برام! راستە گرتنەکەت نا هەقییە، و خوایش پێی رازی نییە، بەڵام تۆ دەبێ ئاگات لەخۆت بێ، و قسەیەکی وا نەکەیت خوات لێ بڕەنجێ.. تۆ ئامۆژگاری خەڵك دەکەیت، ئەو خەڵکەش چاوت لێ دەکەن، کارێکی وا مەکە دوژمن پێی دڵخۆش بێت، دەبێ تۆ نیشانەی ئارامی وخۆ گرتن بیت..

چەندان کەسی تر ناویان حەمە رەشیدە، و مامۆستای سەرەتاییشن، بۆ ئەوانیان نەهێناوە و تۆیان هێناوە؟ چونکە ئەوان نوێژ ناکەن و رۆژوو ناگرن، ئەمە وا دەگەیەنێ ئەو کەسەی تۆ لەجیاتی گیراویت پیاوێکی موسڵمان ونوێژکەر بووە، کەوابوو تۆ لەسەر نوێژ و رۆژوو گیراویت..

ئەمەش ئیبتیلاو تاقیکردنەوەیە، پیاو دەبێ کارێکی وابکات لەتاقیکردنەوەکەدا– ئینشا ئەڵلا– دەربچێت.. قورئان دەفەرموێ: " بە شتێ لە ترس و برسیەتی و لەناوچوون و کەمی ماڵ و گیان و بەرو بووم تاقیتان دەکەینەوە، بەڵام مژدە بدە بەو خۆگرانەی کاتێ نارەحەتییەکیان تووش دەبێ دەڵێن: ئێمە موڵکی خواین و بۆلای ئەویش ئەگەڕیینەوە. ئەوانە خوا صلاّوات لەدیاریان دەدات و رەحمەتی خۆی

بەسەریانا دەڕێژێ، ئەوانە کەسانێکن ڕێی ڕاستیان پیشان دراوە.."

"وَلَنَبْلُوَنَّكُمْ بِشَيْءٍ مِنْ الْخَوْفِ وَالْجُوعِ وَنَقْصٍ مِنْ الأَمْوَالِ وَالأَنفُسِ وَالثَّمَرَاتِ، وَبَشِّرْ الصَّابِرِينَ الَّذِينَ إِذَا أَصَابَتْهُمْ مُصِيبَةٌ، قَالُوا: إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ، أُوْلَئِكَ عَلَيْهِمْ صَلَوَاتٌ مِنْ رَبِّهِمْ وَرَحْمَةٌ، وَأُوْلَئِكَ هُمْ الْمُهْتَدُونَ." البقرة/155- 157. جا دەبێ ئینشائەڵلا ئێمەش لەو کەسانە بین و نەڕووخێین ..

دەیگوت: مامۆستا! بەخوا من وەك تۆم لێنایەت!! من ئینسانم و لاوازم و قابیلی ئەوەم ئەم حاڵەتە رووم تێبکات و بەرگە نەگرم..

دەمگوت: راستە ئێمە ئینسانین و لاوازی رووومان تێدەکات، بەلاّم دەبێ بە پاداشتی خوایی دڵخۆشی خۆمان بدەینەوە.. کاکەگیان! بەس نییە ئێمە لەسەر بێ رەوشتی و خراپەکاری نەگیراوین، بەزەییت بەداماوی وادا بێتەوە کەلەسەر بەرنامەیەکی دژ بەدینی خوا دەگیرێ، ئەوە حاڵەکەیەتی لە دنیادا و لەقیامەتیشا ئاگری بەسوێی جەهەننەم..بەس نییە تۆ لەسەر کوفرو لەپێناوی شیتانا نەگیراوی؟! ئینجا دەکەوتەوە زەوق و پێکەنین و دوعای خێری بۆ دەکردم..

# # #

## بەرەو بەغدا:

لەچێشتەنگاوی رۆژی یەك شەممە 22 / 2 /1987 ناوی من وحاجی رەشیدیان خوێندەوە، خەڵکەکە وایان دەزانی بەردەبین، گەردن ئازاییان لەتەکا کردین، و پیرۆزباییان پێ گوتین، و هەندێ راسپاردەیان کردین.

پاش نێو سەعاتێك دەرگایان کردەوە، دیسان من وحاجی رەشیدیان بانگ کرد، ئێمەش چووینە دەرێ، چاویان بەستین و کەلەپچەیان کردین، و لەدەرگای بەڕێوەبەرایەتی ئەمن بردینیانە دەرەوە، ئینجا کردینیانە خانەی دووەمی پیکابێکی شۆفرلێتی سەربەتاڵەوە، وچاویشیان کردینەوە..

پاش ماوەیەك پیکابەکەیان بەرەو گەڕەکی شۆڕش(عەقاری) برد، و خۆی کرد بە ئەمنە سوورەکەدا(ئەو کاتە ئەمنی ئابووری بوو). کەمێك وەستاین تا میر منداڵێکی عەرەبیان هێنایە خوار و لەپەنای ئێمەدا کەلەپچەیان لەدەستی کرد، ئەم کوڕە هەروەك دوایی باسیان کرد ناوی قاسم و خەڵکی

بەصرەبوو، رژێم دوو برای ئیعدام کردبوو، باوکیشی گیرابوو، خۆیشی ویستبووی لەسنووری کوردستانەوە هەڵبێ و بۆ ئێران بڕوات، بەڵام لەبەر نەشارەزایی لەنزیك چوارتاوە گرتبوویان. لەگەڵ ئێمەدا ئەویشیان بۆ بەغدا نارد..

هەرسێکمان دەستمان پێکەوە بەسترابوو، نانی بەیانیمان نەخواردبوو کە لە سلێمانی دەرچووین، بۆ نزیکی نیوەڕۆ گەیشتینە (توزخورماتو)، گوتمان: برسیمانە، ئەوانیش پارەیان لێ وەرگرتین و نانیان بۆ هێناین.

## ئاوات خواستن:

ئەوی شایەنی باسە ئەمنەکان کاتێ رۆیشتن بۆ نان خواردن دەستیان کردینەوە، و کلاشینکۆفەکەیان بەدوو مەخزەنەوە لەناو پیکابەکەدا جێ هێشتبوو، ئەگەر لەو کاتەدا ئێمە سایەقیمان بزانیایە، زۆر بەئاسانی ئەمانتوانی دەرباز ببین! ئالەویادا ئاواتم بۆ ئەوە دەخواست لێخوڕینی ترومبێلم بزانیایە!! بەڵام ئاوات خواستن تازە چ سوودێکی هەیە!! بۆیە من پێم وایە وەك پێویستییەکی کۆمەلایەتی هەر موسڵمانێ دەبێ سایەقی بزانێ!!

پاش نان خواردن ئەمنەکان سوار پیکابەکە بوونەوە و دەستیان بەستینەوە، و رێکەوتین، لەرێگەدا خەریك بوو

نوێژی نیوەڕۆمان بچێت، بۆیە گوتمان: ڕێمان ئەدەن نوێژەکەی نیوەڕۆمان بکەین؟

گوتیان داتان نابەزێنین!!

گوتمان: قەیدی نییە، ئەگەر دەستمان بکەنەوە بەجل وبەرگی خۆمان تەیموم دەکەین، و نوێژی پێ دەکەین!! نامانەوێ دامان بەزێنن.

ئەوانیش دەستی من وحاجی رەشیدیان کردەوە، و تەیەمومان کرد و بە کورت کردنەوە و کۆکردنەوە نوێژی عەسرو نیوەڕۆمان بەجێهێنا.. ئیتر تا گەیشتینە پەنای ئاسایشی گشتی کەلەپچەکانیان نەکردەوە دەستمان، و هەر پێمان نایە ئەو دیو دەرگای ئاسایشی گشتییەوە چاکەتەکانی خۆیانیان داکەندو دایان بەسەروچاوی ئێمەدا، تا هیچ شتێ نەبینین!! بۆ عەسرێکی درەنگ ئێمەیان بردە ئەوێ، وادیارە کاری تریان پێ سپێررا بوو، چونکە چەندان کاری تریان ئەنجام دا، و ئێمەیان زۆر دوا خست!!

## لە ئاسایشی گشتی بەغدادا:

هەروەك باسم کرد بۆ عەسرێکی درەنگ ئێمەیان بردە ناو ئاسایشی گشتییەوە، لەوێش لق وچلێ و پۆپی تری زۆری تیایە، ئێمەیان بۆ لقێك برد، قاسمە بەصراوییە کەش

بۆلقێکیتر. بەڵێ، لەبەردەم بەشی قەڵاچۆکردنی کۆنەکاری ( شعبة مكافحة الرجعية)[23] دا ئێمەیان دابەزاند!!

پاشان بەخانویەکی سێ نهۆمدا پله بەپله سەریان خستین!! بۆ من زۆر نارەحەت بوو، بەڵام دەسەڵات نەبوو، ئاوی زاڵم سەرەو ژوور دەڕوات!! بەدەستە چەپی پلەکاندا بردینیانە ژووری یارمەتی دەری بەڕێوەبەر، یارمەتیدەر کورتەباڵایەکی ورگ زلی، سمێڵ پانی، مووڕەشی، چاوقەوی، گیپنی ناوچاو تاڵ بوو، سەرەتا رووی کردە حاجی رەشید و بەعەرەبی لێی پرسی، پاشان رووی کردە من و گوتی: ناوت چییە؟

گوتم: حەسەن..

گوتی: باوکت.

گوتم: موحەممەد ئەمین.

گوتی: پەنجەوینی؟

گوتم: بەڵێ، پێنجوێنیم..

---

23- سەیر ئەوەیە ئەمانەی کە تا بینەقاقەیان لە کۆنە کاریدا رۆچووە موسڵمانان بە کۆنەکار دادەنێن!! ئیسلام کۆنە پەرستییە بەڵام رەگەز پەرستی نەفامی(العنصرية الجاهلية) کۆنە پەرستی نییە!! چ دەڵێیت؟ ئەمە دنیایەو ئەوەش ترازووەکانیەتی، هەموو گێڕو لەنگن!! حەق بەناحەق وناحەقیش بەحەق پیشان دەدات!!

## خۆ شێت نەبوویت؟!

لەویادا بزەیەك گرتمی، لەبەر دووشت: یەکەمیان: دکتۆر عیصام ئەوەندە باسی پینجوینی کردووە، ئەمانە لەبەریان کردووەو هەر ناوەکەی باسکرا دەزانێ کێیەو کێ نییە!!

دووەم شێوەی یارمەتیدەر لە مدیر ئەوقافێکی بەغدامان دەچوو. بەدیتنی ئەم ئەو رووداوەم بیرهاتەوە!! لەوانەیە بڵێیت ئەو رووداوە چی بوو؟

ئەڵێم: لەوکاتەدا کە لەبەغدا بووین، من لەچەند مزگەوتێکدا ئیمام بووم، بەهۆی زانکۆوە نەم دەتوانی نوێژی عەسر ونیوەڕۆ لەمزگەوتا بەئیمامەت بکەم، چونکە ماڵەکەمان لەمزگەوتەوە یەك سەعات بەپێ دوور بوو، ترومبێلیشم نەبوو، ئەوا نەم دەتوانی نوێژی بەیانیش ئامادە بم!!

منیش لە لیستێکدا ناوی ئەو نوێژانەم نووسیبوو کە ئامادەیان نەبووبوم، لەگەڵ داخوازییەکدا لیستەکەم پێشکەش بە بەڕێوەبەری ئەوقافی رەصافە کرد، لە داخوازییەکەدا نووسیبووم: داواتان لێدەکەم: بەئەندازەی بەشی ئەو نوێژانەی لەمزگەوتا حازر نەبووم لەمعاشەکەم ببڕن!! با دڵ ئاسوودە بم و بە ئیسراحەت بژیم!!

مدیرەکە بانگی کردمە ژوورەوە، ماوەیەك تێم راما و پاشان

گوتی: تۆ تێك نەچوویت؟ شێت نەبوویت؟!

گوتم: نەوەڵلا شێت نەبووم، ساق وسەلیمم!! بۆچ ئەوەت پرسی؟

گوتی: کوڕم! ئەگەر شێت نەبووبیت چۆن بەدەمی خۆت داوا دەکەیت لەمعاشەکەت ببڕین؟!

گوتم: من معاش وەر دەگرم تا لەمزگەوت ئامادەبم و پێش نوێژی بۆ خەڵکی بکەم، کاتێ لەوێ ئامادە نەبم و پارەی ئەوەش وەربگرم ئامادە بووم، بەلامەوە حەرامە، و پێم وایە منداڵەکانم نانی حەرام دەخۆن، ئەوان تاوانیان چییە من نانی حەرامیان دەرخوارد بدەم؟! ئیمانەکەم دەمکاتە بەرپرسیارو ئازارم ئەدات.. پاشان گوتم: ناهەقیشت نییە کەبەشێتم بزانی، چونکە پارە خۆشەویستە، بەلاّم بەهەشت خۆشەویست ترە..وە پارە لێبڕین ناخۆشە، بەلاّم ئاگری جەهەننەم ناخۆشترە!!

مدیرەکە سەرێکی باداو هەناسەیەکی هەڵکێشاو گوتی: بڕۆ، وەڵلاهی لێت نا بڕم!!

گوتم: ئاخر لەرۆژی قیامەتدا تۆ لێپرسراو دەبێت، و تاوانەکەی لەئەستۆتا دەبێت! بۆیە من هاتووم و داخوازیم نووسیوە تا لەو رۆژەدا تاوانبار نەبم!!

گوتی: بابەگیان! بڕۆ، من بەر پرس دەبم، دەینێ بەئەستۆم،

دەستی ماڵی بە گەردنی خۆیا..

کاتێ یارمەتیدەرم بینی، ئەو رووداوەم بیرکەوتەوە..

## بەرەو زیندانی تەنیایی(تاك سلوول):

لای یارمەتیدەر هاتینە دەرەوە، و لەژووری چاوەڕوانیدا دایان نایین..چەند کەسێکی زل و کەتە و ناوچاوتاڵم بینی، کەلەوێ دانیشتبوون، سیخوورەکان دەستیان بۆ بەرز دەکردنەوە و سلاّویان لێ دەکردن، و بەوشەی (گەورەم) قسەیان لەتەکا ئەکردن، وا دیار بوو قۆمیسەر بوون. بەدیتنیان ترسمان لێ نیشت، چونکە ئەگەر شەقیان لەهەرکەس هەڵدایە یەکالاّیان دەکردەوە!! یا داریان لەهەرکەس بدایە دەیان کوشت!!

بە یەکێکیانم گوت: من نەخۆشی گورچیلەم هەیە، زۆر پێویستم بەئاوخواردنەوە و ئاو دەست هەیە..

گوتی: خەمت نەبێ، دەتبەنە شوێنێکەوە بەدڵی خۆت بێ، ئاو و ئاودەستی سەربەخۆی تیابێ، و دەتوانی بەتەواوی ئیسراحەتی تیا بکەیت!!

ئینجا تەلەفوونەکەی هەلگرت وگوتی: هەلەو. چۆنی، چاکیت؟! ... سوپاست دەکەم، ئەرێ ژووری چۆڵتان هەیە؟! ئێ،ئێ، ... دەباشە، ژوورێکمان پێویستە... ئیتر تەلەفوونەکەی دانایەوە. لەو کاتەدا ژەمە نانی ئێوارەیان دابەش دەکرد یەکی

دووشفته و دوو سەموونیان داینێ، و هەرلەوێدا خواردمان!!
پاشان ئەمنێکی بانگ کرد و گوتی: بیان بە بۆ ژوورە تەنیایی(ئینفیرادی)ەکان.

ئیتر کەلەپچەیان لەدەست کردین و چاویلەکەیەکی بەبۆیەی رەش سیواقدراویان لەچاو کردین، و پەلیان کێش کردین، و بەپلەکاندا بردینیانە خوارەوە، لەبەر دەرگایەکدا لەوبەر شەقامەکەوە وەستاندینیان، و لەدەرگایان دا، و دەرگا کرایەوە.. پۆلیسێکی ئەمن چەك بەدەست و بەجلی سەربازییەوە گوتی: چیت دەوێ؟

ئەمنەکەی لەتەك ئێمەدا بوو نامەیەکی دایێ و گوتی: ئەمانە تەسلیم ئەکەین!! خانووەکە دوو نهۆم بوو، لەدەرەوە کەس هەستی نەدەکرد ئەمە زیندان بێت، و زیندانی تەنیاییش، هیچ جۆرە پاسەوان و یاساولێکی بەدەورا دیار نەبوو!!

پۆلیس بەپلیکانە تەسك وباریکەکاندا سەری خستین، لەبەر یەکەم ژووری دەستە چەپدا وەستاندینیان، و دەستیان بەپشکنینمان کرد، شەست دینارێکم پێ بوو، لێیان نەسەندم، ئیتر چی وەرەقەو کاغەزمان پێ بوو لێیان سەندین، گۆرەوی و قەمسەڵە و رانك وچۆغە و پشتێن و داردەستە ئاسنینەکەیان لێ سەندم، و خستیانە ژوورێکەوە و بۆیان هەڵگرتین!! لەسەرمادا ئەلەرزین، خۆشبەختانە بیجامەیەکم لەژێرەوە

لەپێ کردبوو، دەنا هەر ڕەق دەبوومەوە!!

گوتم: پیاوی چاك بن! بەلای کەمەوە قەمسەڵەکەم بدەنەوە..

بە تووڕەییەکەوە گوتیان: هەر ئەوەیە قسەی زیاد نەکەیت، و بێدەنگبیت !! ئیتر وەك کۆیلە دایانینە بەر و بۆ ژووری ژمارە 22 یان بردین..

## ژوورەکەمان:

ئەم ژوورە پانی و درێژییەکەی 2م X 2،5م بوو، بەلوعەی ئاو و ئاودەستی تیابوو، پەنجەرەیەکی نیومەتری چوارگۆشەی تیابوو، کە بەپلێتێکی ئاسن گیرابوو، و نزیکەی پەنجا کونی وەك سەرە سووزنیان تێکردبوو، لەدیوی دەرەوەش نایلۆنێکی تاریکیان بەرroویا دابوو، تا ئەگەر کەسێك ویستی بڕوانێت ئەودیوی لێ دیار نەبێت!! ناو ژوورەکە چوار پەتووی کۆنی رزیوی تیابوو، گوتمان: چەند بەتانییەکی ترمان بدەنێ، چونکە بەمانەوە حەتمەن ئەمشەو لەسەرمادا ڕەق ئەبینەوە..

گوتیان: هەر ئەوەیە، قسەی زیاد نەکەن!! ئیتر بەجێیان هێشتین و بەسێ قوفڵ دەرگاکەیان لەسەر داخستین..

ژوورەکەمان زۆر سارد بوو بەتایبەت تەوژمێکی هەوایی تیا دروست بووبوو، بەهۆی ئەو هەوا کێشەوە کە لەسەر دیوی دەرەوەی سەردیواری ئاودەستەکەوە دایان نابوو، لەسەر

دیوارەکەوە کونێکی 15 X 20 سم هەبوو، ئەم کونە دیوی دەرەوەی بەهەوا کێشەکە گیرابوو، هەواکێشەکەمان نەدەبینی، بەلاَم زۆر بەهێز بوو، هەوای ساردی زۆر رادەکێشا، ئەوەندەی تر ژوورەکەی سارد کردبوو، ئیتر با ویڕە ویڕ و گیڤە گیڤە ناخۆش و قەڵسەکەی بوەستێ..

دەرگای ژوورەکە دەلاقەیەکی 20 بە 20 سم تیابوو، لەدیوی دەرەوە دەرچەیەکیان بۆ کردبوو، بەسورگی لەودیوە دادەخرا، ئەگەر نانێکیان بهێنایە ئەو دەرچەیان دەکردەوە و گورج دایان دەخستەوە. گڵۆپێکی نیونی سپی بازنەیی بەبنمیچی ژوورەکە دا هەڵواسرابوو، شەو و رۆژ لەگەڵ هەوا کێشەکەدا کاریان دەکرد..ئیتر لەو ژوورەدا تەنانەت ئاسمانیشمان لێ دیار نەبوو..یەکی پەتوویەکمان را خست و پەتوویەکی رزیویشمان بەخۆمانا دا..

لەتەك حاجی رەشیدا باسی ئەوەمان دەکرد: تۆ بلێی ئەم شەو رەق نەبینەوە؟! لەو کاتەدا تەقەی قوفڵەکان هات، و دەرگا کرایەوە، زۆر بە نانەجیبانە گوتیان: یەڵلا هەستن، کەلەپچەیان لەدەستی حاجی کرد، منیش شەل بووم ئەگەر کەلەپچە لەدەستمابوایە بەباشی نەم ئەتوانی بڕۆم و گۆچانەکە بەدەستەوە بگرم، لەبەر ئەوە تەنیا عەینەکە رەشەکەیان کردە چاوم، و بردینیانەوە بۆ خانووە سێ

نهۆمەکەی ئەوبەر و بە پلەکاندا سەرکەوتین، و لەپەنای ژووری چاوەڕوانیدا جامخانەیەك هەبوو، لەو دیو جامخانەکەوە ڕاڕەوێکی دوور و درێژ هەبوو، لەناوەڕاستا بە دەرگایەکی جامخانەیی کرابووە دووبەش، لەبەشی دووەمدا بۆری سێ ئینجی لەم بەرو ئەوبەری ڕاڕەوەکەوە ڕاکێشرابوو، لەماوەی هەر مەترێکا قوفلێکی ئاسنی پێوە جۆش درابوو، هەندێ کەسم بینی لەوناوەدا بە چاو بەستراوەیی کەوتبوون ، و کەلەپچەکەی دەستیان بەو قوفڵانەوە بەسترابووەوە.

## ئایەتی قورئانی:

ئێمەیان لەبەشی دووەمی ڕاڕەوەکە دانا، و لەگەڵ ئەوەدا کە نەیان ئەهێشت پێکەوە قسە بکەین، و عەینەکەکان لە سەرچاومان لابەین، بە ئەندازەی دوو مەتریش لە یەکتریان دوور خستینەوە. لەوبەرەوە حاجی رەشید دەستی بەگریان کرد، منیش لەدڵی خۆمەوە زۆرم پێ ناخۆش بوو، بەزەییشم پیایا هاتەوە، بەدەنگی بەرز هەندێ دڵخۆشیم دایەوەو ئایەتی 23ی سوورەتی حەدیدم بۆ خوێندەوە:" مَا أصَابَ مِنْ مُصِيبَةٍ فِي الأرْضِ، وَلا فِي أنْفُسِكُمْ إلاَّ فِي كِتابٍ مِنْ قَبْلِ أنْ نَبْرَأَهَا، إِنَّ ذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ، لِكَيْلا تأسَوْا عَلَى مَا فَاتكُمْ، وَلا تفْرَحُوا بِمَا آتاكُمْ، وَاللَّهُ لا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتالٍ فَخُورٍ."

گوتم: براگیان! ئێمە موسڵمانین و باوەڕمان بە قەزاو قەدەری

خوا هەیە، و بگرە باوەڕ بەقەدەر بەشێکە لە ئیمانمان، ئیتر بۆچ خۆت نارەحەت دەکەیت؟

موسڵمانێکی یەخسیرکراو کەدەستی بەقوڵفی بۆرییەکەوە بەسترابوو، گوێی لێ بوو، داوای لە ئەمنەکە کرد کە بەمن بڵێت ئەو ئایەتەی بۆ دووبارە بکەمەوە، منیش ئایەتەکەم بۆ خوێندەوە، گوتی: لەچ سوورەتێکدایە؟

گوتم: لەسوورەتی ئەلحەدیدایە.

## چەند دەمی گەرمە؟

زۆری پێنەچوو پیاوێکی سوور وسپی، بالاَ ناونجی، سمێڵ پانی، قەرەچەناخی، دەم بەجنێو هات ونووکە شەقێکی تێ هەڵدام و ڕۆیشت، زۆری پێ نەچوو ئەمنێکی بانگ کرد و گوتی: بڕۆ دکتۆر بێنە، پاش ماوەیەك دکتۆریان هێنا، دەستی کەلەپچەکراو بوو، چاویلکەی لەچاوا نەبوو، بەبێ چاویلکەش شتی بە جوانی نەدەبینی.. ئەفسەرەکە دکتۆر عیصامی بردە لای حاجی رەشید وگوتی:  ئەمە حەمە رەشید ماوەتیەیە؟ ماوەیەك لێی ورد بووەوە و گوتی: نەوەڵلا ئەمە ئەو نییە، بەسەزمان ئەزیتی باشتان داوە!!

پاشان لێی پرسی: ئەی ئەمە حەسەن پێنجوێنیەیە؟

منیش چاویلکەیان لەچاوم کردبوو، قژم گژ ببووەوە، ریش

وسمێڵم تێکەڵ ببوو، توێکێکی چڵك بەسەر رواڵەت و روومەوە دروست ببوو، بۆیە هەرچی سەرنجی دام و لێم ورد بووەوە نەی ناسیمەوە، ئینجا ئەفسەرەکە چاویلکەکەی لەسەر چاوی من لابرد و گوتی: ئەمە حەسەن پێنجوێنیە؟!

ئەویش گوتی: بەڵێ، بەڵێ، خۆیەتی.. پاشان گوتی: کاکە گیان! من چیم زانیوە گوتوومە، تۆیش چی دەزانی بیڵێ، بەڵکو خوا دەروویەکمان لێ بکاتەوە!!

ئیتر ئەفسەرەکە چاویلکەکەی کردەوە چاوم، دکتۆر عیصام بە ئەفسەرەکەی گوت: تۆ بواری ئەوەشت نەدامێ سڵاوێکی لێبکەم و تەوقەی لەگەڵا بکەم.. ویستی دەست بێنێ تەوقەم لەگەڵا بکات، منیش لەقسەکانی زۆر تووڕە و دلگران بووم، نەم هێشت دەست بێنێتە پێشەوە، پیایا هەڵشاخام و بەتووڕەییەوە گوتم: ماڵ وێران! تۆ بەملی شکاوت تەنیا جارێك هاتوویتە ماڵی من، ئیتر من چ پەیوەندییەکم بەتۆوە هەیە؟! تۆ دوژمنایەتیت لەتەك منا هەیە، ئەوەبوو کاتی خۆی سوێندت خوارد و گوتت:مادام کارم لەتەکا ناکەیت، ئەگەر بگیرێم ناوت ئەدەم!! ئاخر باوکتم کوشتووە؟ دایکتم کوشتووە؟ خوا ماڵت کاولکات بۆ ئەم هەموو ئازارو ئەشکەنجەیەت تووش کردم؟!

دکتۆر هاتە قسەو گوتی: بابە! کەیفی خۆتە!

ئەفسەرەكە ئەوەند تورە بووبوو لەداخا كەفی دەچەراند، و لێوی خۆی دەگەزی و گوتی: سەیركە، سەیركە چەند دەمی گەرمە!! تا هێزی تیا بوو دامیە بەرمامێزانی شەق و شەقەزلە، بەنووكە شەق بەربووە سنگ و ران و باڵ و قاچم، بەوەوە نەوەستا داردەستە ئاسنینەی خۆمی بەدەستەوە گرت و گوتی: كامە لاقە شكاوەكەتە با بیشكێنمەوە؟!

منیش دەستم خستە سەر رانی راستم و گوتم: ئەم لاقەمە، لە دڵیشەوە زۆر لەوە دەترسام، تۆ بڵێی راست بكات و لاقم بشكێنێتەوە، وەخت بوو لاقە نەشكاوەكەمی پیشان بدەم، و بڵێم ئەمە شكاوەكەیە؟! باش بوو راستم گوت و ئەویش ئازاری شكاوەكەی نەدا. ئیتر بەداردەستە ئاسنەكەی دەستم دانەیەكی كێشا بە قوڵی چەپم دا، باوەڕت هەبێ بەرچاوم تاریك بوو، ئینجا بە ئەمنێكی گوت: دكتۆر ببەوە جێگەی خۆی..

## ژووری لێكۆڵینەوە:

پاشان منیان برد بۆ ژووری لێكۆڵینەوە، لەوێ چاویلكەیان لەسەرچاوم لابرد، لەسەر كورسییەك دایان نام و دەستیان بەپرسیار لێكردنم كرد.ئەوەی زۆر بەلامەوە نامۆ و چاوەڕوان نەكراو بوو ئەوەبوو: كە گوتی: پەیوەندیت بە صەباحی مەلا حوسەینەوە چۆن بوو؟

گوتم: کاتی خۆی کە لەزانکۆ دەمخوێند لە مزگەوتی خەتتاب ئیمام بووم، باوکی ئەو کوڕەش پێشتر لەو مزگەوتەدا ئیمام بوو، هەوڵێکی زۆری بۆ چاککردنەوەی مزگەوتەکە دابوو، ژووری ئیمام کە خۆشترین ژووربوو داگیری کردبوو، منیش کە چوومە ئەو مزگەوتە داوای ژوورەکەم کرد، بەڵام بۆی چۆڵ نەکردم، و بووبە ناخۆشیمان، ئەو کوڕەش لایەنگری باوکی دەکرد، ئابەوەدا ناسیم کە ئەمە کوڕی ئەو پیاوەیە، ئەمە هەموو پەیوەندییەکی من بووە بە صەباحی مەلا حوسەینەوە..

گوتی: لەساڵی چەند لەو مزگەوتە بوویت؟

گوتم: لەساڵی 1976دا .

گوتی: ئەی پەیوەندیت لەگەڵ صەلاح موحەممەد بەهادین دا چۆن بووە؟

گوتم: لە کۆتایی ساڵی 1971دا لەوکاتەدا کە لە دواناوەندی خوێندنگای ئیسلامیدا دەمخوێند تا ناوەڕاستی ساڵی 1973 لەمزگەوتی ئەبوبەکری صدیق لە سلێمانی ئیمام بووم، ئەو کوڕەش لەوکاتەدا سەربازبوو، شەوانە دەهاتەوە ماڵ مامی، مامیشی لەو مزگەوتەدا بانگوێژ بوو، ناوبەناو ئەم کوڕەش دەهاتە مزگەوت و لەبارەی پێغەمەرانەوە ، پرسیاری دەکرد،

ڕۆژێکیان لێم پرسی: بۆچ ئەوەند لەبارەی ئەوانەوە دەپرسی؟

گوتی: چونکە نیازم وایە لەبارەی ژیانیانەوە بنووسم، ئەمە هەموو پەیوەندییەکی من بووە لەگەڵیا، وە لەمانگی نۆی 1973 دا کەمن سلێمانیم بەجێ هێشت ئیتر نەم دیوەتەوە.

لەبەرامبەر ئەو ئەفسەرە دڵڕەقەوە لێوم وشك ببوو، تەڕایی لەدەمما نەمابوو، ڕەنگم هەڵپڕوکابوو، زۆرم لەخۆم کرد و داوای کەمێ ئاوم کرد وگوتم: زارم وشك بووە و زمانم هەڵناسووڕێ کەمێ ئاوم بۆ بانگ ناکەیت؟

ئەویش مۆڕەکەیەکی لێکردم و ناو چاوی دابەیەکدا و چاوی زەق کردەوە، وەك ئەوە پێی ناخۆش بێ کە من زاتی ئەوەم کردووە، داوای ئاو بکەم!! ئینجا بەپاسەوانەکەی گوت: کەمێ ئاوی بۆ بێنە، هێشتا ئاوەکەم نەخواردبوەوە گوتی: ئەی لەگەڵ حەسەن شەمێرانیدا پەیوەندیت چۆنە؟!

لەم کاتەدا کە من نەمدەزانی چۆن وەڵامی بدەمەوە و بڵێم چی، زەلامێکی کەتەی زل خۆی کرد بە ژووردا، و هەندێ قسەی لەتەکا کرد، پاش ئەویش پاسەوانەکە ئاوەکەی هێنا، تا من ئاوەکەم خواردەوە، کابرای کەتەو زل ڕۆیشت، ئەویش پرسیارەکەی دووبارە نەکردەوە، و ناوی حەسەن شەمێرانیشی لەبیر چووەوە!!

## مامۆستا بورهان (بورهان موحەممەد ئەمین):

ئینجا گوتی: ئەی لەگەڵ بورهان موحەممەد ئەمیندا پەیوەندیت چۆن بوو؟!

گوتم: من نەم دەناسی، لەکۆتایی ساڵی 1984دا کتێبێکم کەوتە بەردەست خوێنەران، ئەم کتێبە لەناو خەڵکیدا دەنگ وصەدایەکی هەبوو، و خوێنەران پێیان جوان بوو، وەك دیارییەك وەرگیرا..لەپاش بلاّو بوونەوەی ئەو کتێبە چەندەها کەس هاتن بۆلام و خۆیان پێ ناساندم، یەکێك لەوانە ئەم بورهان موحەممەد ئەمینە بوو، هات وگوتی: هەرچەند ئێمە ناسراوی لەوە پێشمان نییە، بەلاّم ویستم خۆمت پێ بناسێنم، من بورهان موحەممەد ئەمینم ، کتێبەکەتم خوێندۆتەوە زۆرم بە دڵ بووە، پرسیارم کردووە نووسەری ئەم کتێبە لەکوێ دا ئەنیشێ؟

لەوەلاّمدا گوتوویانە: وەللاّ ئەوە لەسەرجێ کەوتووەو لاقی شکاوە، و ماڵیان لەناو شارە. منیش بەپێویستم زانی سەرت لێ بدەم، وەك دێنییەکی نەخۆش وهەم خۆیشمت پێ بناسێنم..

منیش بەخێرهاتنێکی گەرمم پێگوت و خۆشحاڵی خۆمم بەهاتنی دەربڕی..پاش ئەوە کەهەندێ دڵخۆشی دامەوە ئیتر ڕۆیشت..

ئەفسەرەکە گوتی: کتێبەکەت باسی چی دەکات؟

گوتم: پێغەممەرایەتی پێغەممەر ρ دەسەلمینێو خوێنەر قایل دەکات کەقورئان بەوەحی لەلایەن خواوە هاتووە، و دروستکراوی ئادەمیزاد نییە، وتەمی ئەو گومانانە دەڕەوێنێتەوە کە دوژمنانی ئیسلام بەدەوری قورئانا دروستیان کردووە.

گوتی: ئەی بورهان موحەممەد ئەمین باسی کۆمەڵی برایانی موسڵمانی بۆ کردیت؟

گوتم: نەخێر..

گوتی: ئەی چۆن ئێوە کۆمەڵتان پێکەوە نا؟

گوتم: ئێمە کۆمەڵمان پێکەوە نەناوە، ئەو ئەگەر گریمان کۆمەڵیشی هەبووبێ من لەگەڵیا نەبووم..

گوتی: هەر ئەو جارە هات بۆلات؟

گوتم: وابزانم دووجاری تر هاتووە..

گوتی: ئەی چۆن باسی کۆمەڵی برایانی موسڵمانی لەگەڵا کردیتەوە؟

گوتم: لەجاری دووەمیشدا باسی ئەو کۆمەڵەی لەتەکا نەکردم.

گوتی: ئەی باسی چی کرد؟

گوتم: باسی پاداشتی صەبرو خۆگری بۆکردم، ئەگەر یەکێك نەخۆش بکەوێت و صەبری هەبێ پاداشتی چەند گەورەیە!!

لەکۆتاییشدا گوتی: خۆ ئەگەر ئینسان بتوانێ خزمەتی دینەکەی بکات کارێکی چاکە..

منیش پێم گوتووە: سوپاس بۆ خوا بە نووسینی ئەم کتێبانە و باسکردنی مەسایلی دینی ئێمەش خزمەت بەدینەکەمان دەکەین..

گوتی: خوا قبوولێبکات،خۆ ئەگەر لەسەر بەرنامەوەبێ بەسود تر دەبێ، و ئیتر رۆیشت، و خواحافیزی کرد..

ئەفسەرەکە گوتی: هاتنی جاری دووەمی چەند کات پاش هاتنی یەکەمجاری بوو؟

گوتم: وابزانم شەش مانگ بوو..

گوتی: ئەی سێ هەم جار؟

گوتم: وابزانم لەدواین بەشی ساڵی 1985 دا بوو.

گوتی: چی گوت؟

گوتم: پاش هەواڵپرسین و دڵدانەوە گوتی: کۆمەڵی برایان دەستیان بەکار کردووە، پێت چۆنە ئەگەر ئێمەش لەتەکیانا کار بکەین؟!

گوتم: من ناتوانم..

گوتی: بۆچ؟

گوتم: چونکە حەزم لەسیاسەت نییە، و باوکیشم وەسێتی بۆ کردووم کە نەچمە ناو هیچ حیزب و کۆمەڵێکی سیاسیەوە..هەر ئەم وەسێتە بوو کە نەیهێشت بچمە ناو پارتی، و ناو حیزبی بەعسەوە.. ئێستاش ناچمە ناو هیچ کۆمەڵێکەوە، داوات لێ دەکەم تۆیش نەچیتە ناو هیچ حیزبێکەوە.. ئیتر زۆری پێ نەچوو ڕۆیشت..

ئەفسەرەکە گوتی: ئەی کێ دکتۆر عیصامی هێنا بۆلای تۆ؟

لەدڵی خۆمدا گوتم: ئەگەر بڵێم ئەحمەد عەبدول وەهاب هێنای، دەترسم ناوی ئەو تا ئێستا باس نەکرابێ، یا ئەو تا ئێستا دەرنەچووبێ، بۆ ناوی بێنم؟! کاك بورهان لە مێژە قاچاخە، واچاکە هەر بڵێم بورهان هێنای.. ئیتر نەمزانی دکتۆر هیچی نەهێشتۆتەوە، و ئەوەشی باس کردووە، و گوتویەتی: من لەگەڵ شیخ ئەحمەد عەبدول وەهابدا ڕۆیشتم بۆ ماڵ حەسەن پێنجوێنی، چونکە هاو وڵاتی و ناسراوی کۆنی بووە!! بۆیە گوتم: کاك بورهان دکتۆری هێنا!

گوتی: چۆن باسیان دامەزراند؟

گوتم: هیچ باسێکیان نەکرد تەنیا ئەوەنەبێ دکتۆر گوتی: من کوڕی (کازم ڕاوی)م، باوکم بیستبووی لە جێگەدا کەوتوویت،

زۆر دڵگران بوو بۆت و دوعای خێری بۆ کردیت و خۆی نەیتوانی بێت، منی راسپارد تا لەجیاتی ئەو سەرت لێ بدەم!!

منیش بەخێر هاتنم کرد و خۆشحاڵی خۆمم دەربڕی بەهاتنی.

دوای ئەوە ئەفسەرەکە گوتی: لەلایەن (ص، م، ب) صەلاحەدین موحەممەد بەهادینەوە نامەتان بۆ ئەهات؟

گوتم: نەخێر..

گوتی: با..

گوتم: نەخێر..

گوتی: راست بڵێ.. دەنا سوێندبێ بەخوا هەڵت دەواسم!! بڕوانە، بڕوانە..بۆ لای سەرت بڕوانە، کە سەرم بەرزکردەوە دیتم قەنارەیەکی چوار قولاپی هەڵواسرابوو، دووبارە گوتی: دەنا وەڵلاهی وەك بەران هەڵت دەواسم!!

گوتم: ئاگام لەنامە نییە..

ئینجا چاوی زەق کردەوە، و دەستی کردە قسەی سووك و جنێودان و گوتی: بڵێ، منیش سوێندێکی زۆرم بۆ خوارد و گوتم: ئاگام لە نامە نییە..بەڵام کاتی خۆی کە بورهان لەدواین جاردا هات بۆلام گوتی: ئەوە لەناوچەی خواروو کۆمەڵ دەستیان بەکار کردووە، و متمانە پێکراوێکیشم متمانەی

پێیان هەیە.. ئەوە نەبێ هیچ نازانم.

گوتی: لەگەڵ (ص.م.ب) دا چۆن کۆمەڵتان دروست کرد؟

گوتم: کۆمەڵی چی و شتی چی؟ من پێم گوتی: لەدوای ساڵی حەفتاو سێوە ئیتر نەم دیوە!!

گوتی: ئەی لەگەڵ دکتۆرا بۆ یەکتان نەگرت؟

گوتم: یەکگرتنی چی؟!

گوتی: چوزانم، دکتۆر ئەڵێ: ئەوان لەبەر مەسەلەی قەومایەتی و ناوچەیی بوون لەگەڵ ئێمەدا یەك نەکەوتن!!

گوتم: قسەکانی بێ بنج وبناوانن!! چونکە ئەو داوای کرد خۆم برۆمە ریزیانەوە، ئەویش نەك بە صەراحەت، منیش بەکینایە داواکەیم دایە دواوە..

گوتی: بۆ؟

گوتم: چونکە کاتی خۆی باوکم وەسێتی بۆکردم کە نەچمە ناو هیچ کۆمەڵێکی سیاسیەوە، لەبەر ئەوە نەچوومە ناو کۆمەڵەکەی ئەویشەوە..

گوتی: راستی بڵێ..

گوتم: راستم گوتووە.

گوتی: نە.. راستت نەوتووە، هەی... جنێوێکی پیسی دا. پاشان

بانگی پاسەوانەکەی کرد و گوتی: حەرەس، حەرەس!!

کابرایەکی رەشتاڵەی لاواز هاتە ژوورەوەو گوتی: فەرموو گەورەم!

گوتی: چاوی ببەستە و کارەباشی لێ قایم بکە!!

گوتم: إنا لله وإنا إليه راجعون، ئیتر چاوی نەبەستم، بەلاّم گوتی: ئەگەر راست نەڵێیت، وەڵلاهی خێزانەکەت دێنین!!

گوتم: هیچ دەسەلاّتێکم نییە!!

## بەزۆر ئەو رەسمەتان گرت؟!:

پاش ماوەیەك بێدەنگی دەستی کرد بە چەکمەجەیەکدا و کۆمەڵێ وێنەی دەرهێنا، ماوەیەك تەماشای کردن و دانی بەیەکدا، دوایی بانگی کردمە پێشەوە، و وێنەیەکی بەدەستەوە بوو پیشانی دام و، گوتی: خاوەنی ئەم وێنەیە دەناسیت؟

کە وردی بوومەوە وێنەی مامۆستا مەحمود غەریب بوو، زاناو خەتیبێکی بەناو بانگ بوو، گوتم: ئەوە شێخ مەحمود غەریبە..

گوتی: بزانە کارو پیشەی پێشەواکانتان چۆنە؟!

گوتم: ئەی بەستە زمان! بەزۆر ئاواتان لێکرد؟! [24] نازانم چۆن وێرام وا بڵێم؟ کە من ئەو قسەیەم کرد لەژێرەوە بزەیەك گرتی و گورج ناوچاوی گرژ و تاڵکردەوە.. لەوانەیە بپرسیت: ئەو وێنەیە چی بوو؟!

ئەو وێنەیە وێنەی زانای پاك وخوا ویستی ناودار مەحموود غەریب بوو، بە زۆر رووتیان کردبووەوە و تەنیا پەشتەماڵێکیان بە بەرەوە هێشتبوو، یەکێك لە بەعسییەکانی خۆیان -کە هیچیان لەبەرا نە هێشتبوو - لەپەو روو خستبوو، ئەو زانا پایە بەرزەشیان لەسەر خوار سمتی ئەو دا نابوو، گوایا مامۆستا دەیەوێ کاری لووتیانەی لە گەڵا بکات!! بەڵام لەناو وێنەکەدا نیشانەی شەرم و تەریقی لە رواڵەتی مامۆستادا بەدی دەکرا..

ئەم زانایە خەڵکی عیراق نەبوو، لەناو هەموو عیراقدا شۆرەت و ناوبانگی دەر کردبوو، پیاوێکی راست و حەقوێژ وخواویست بوو، لەشەڕی ئێران وعێراقا داوایان لێکرد لایەنگیری بەعس بێ دژی ئێران، بەڵام ئەو کارەی نەکرد، و لەبەر دنیای خەڵك دینی خۆی نەدۆڕاند.. حیزبی بەعسیش بۆ تۆڵە سەندنەوە

---

24- باوەڕتان هەبێ ئێستاش کە باسی ئەکەم ئەترسم! نازانم چۆن زاتم بووە و وێراومە ئەو قسەیە بکەم؟!

لەو پیاوە پێش ئەوەی لە عیراق وە دەریبنێ گرتیان، و لەدایەرەی ئەمن ئابەو جۆرە وێنەیان گرت.. تا ئەگەر چووە دەرەوەی عیراق نەوێرێ باسی بەعس و زوڵم وتاوانەکانی بەعس بکات، و نەتوانێ پەردە لەسەر رووی قیزەونیان لاببات.. خۆ ئەگەر لە دژی بەعس قسەی کرد، بۆ پەرچدانەوەی قسەکانی بڵێن: ئەوە بۆیە لەدژمان دەدوێ چونکە کاری ئاوەها ناشیرینی کردووە، ئەگەر بڕوایش ناکەن ئەوە وێنەکەی!! هەروەها تا بەخەڵکی را بگەیەنن: بابە! ئەوانەی دژی ئێمە ئەدوێن و دوژمنایەتیمان دەکەن ئا لەم جۆرە کەسانەن!![25]

## ئەسحابول ئوخدوود:

پاشان ئەفسەرەکە بە توورەیی و رقێکەوە گوتی: پەیوەندی خۆت و صەلاح موحەممەد م بۆ باس بکە..

---

25- لەسەرەتای نووسینی ئەم یاداشتەدا نووسیبوم:{دەی سا خودایە! بەعس و بەرێوە بەرانی و پێشەوایانی سەرشۆڕ بکەیت، و لەدنیادا پێش قیامەت خەجاڵەتیان بکەیت، نەك هەر خۆیان، بەڵکو ئەوانەش کە ئاوەها دەیان ناسن، بەلاّم لایەنگیریان دەکەن و خۆشیان دەون و حەز بەمانەوەیان دەکەن!!}

بەلاّم ئیستا دەڵیم: خوایە هیدایەتیان بۆ چاکە بدە، و بیان خەرە سەر رێی راستی ئیسلام..

گوتم: پەیوەندی من لە گەڵیا بەو جۆرە بوو کە باسم کرد، ئەوەندە هەیە ئەو پیاوە نووسەرە و کتێبی هەیە کتێبەکانیشی رەقابە رێی بڵاوبوونەوەیانی داوە، منیش کتێبەکانیم خوێندۆتەوە..

گوتی: کتیبەکانی باسی چی دەکەن؟

گوتم: یەکێکیان باسی ژیانی ئادەم پێغەممەرە υ ، و یەکێکی تریشیان باسی ئەصحابول ئوخدود دەکات..

گوتی: ئوخدوود چییە؟

گوتم: یەعنی چاڵ و خەنەکی گەورە.

گوتی: بەسەر هاتەکەیان چۆن بووە؟

منیش بە دوورو درێژی بۆم باسکرد، پاسەوانەکەیش هەر بەپێوە وەستاوە و چاو پێچکەکەی بەدەستەوەیە و چاوەڕوانە فەرمانی ئەفسەرەکە بەجێبێنێ.. لەم کاتەدا کەمن باسی (أصحاب الأخدود)م بۆ دەکرد، زارم وشك بووبوو، تەڕایی لەدەمما نەمابوو، زمانم وەر نەدەچەرخا، داوای ئاوم کرد، پەرداخێ ئاویان بۆ هێنام، لەم ماوەیەدا ئەفسەرەکە دەستی خستبوە ژێر چەناکەیەوە و زۆر بەباشی گوێی بۆ بەسەرهاتەکە گرتبوو، تا لێ بوومەوە نقەی لێوە نەهات، و مات ببوو!!، وەك ئەوە لە دڵی خۆیا بڵێ: خۆ بەسەرهاتی ئەو

پاشا زاڵمە لەبەسەرهاتی ئێمە دەچێ!!

کە بەسەرهاتەکەم تەواوکرد، بەتووڕەییەکەوە گوتی: یەڵلا بیبەنە دەرەوە، ئیتر پاسەوانەکە پەلی گرتم و هینامیە دەرەوە..لەسەر کاشییەکان پەتوویەك راخرابوو، لەسەر پەتووەکە داینام، بەئەمنەکەم گوت: ئیتر بانگم ناکاتەوە؟

ئەمنەکە وەك هەندێ بەزەیی تیا دروست بووبێ بەرامبەرم ئاوەهابوو، گوتی: نە، مەترسە، بۆ خۆت بخەوە!!

بەلاّم من لە ترسا خەوم لێ نەکەوت، بەڕێوەبەری ئەوبەشە (موقەددەمێك) بوو، لەوێوە تێپەڕی و چاوی بەدار دەستەکەم کەوت، گوتی: ئەمە چییە؟

گوتیان: ئەوە سەقەتە و لاقی شکاوە..

گوتی: ئەمە سەقەتیشە، وا خوا بە دەستیەوە گیرەۆدەی کردووین؟!!

زۆر خەمم بوو لاقم بشکێننەوە، پاش ماوەیەك بەڕێوەبەر رۆیشتە ژووری لێکۆڵینەوە، و لەگەڵ ئەفسەرە لێکۆڵەرەکەدا دانیشت، و ئینجا حاجی رەشیدیان بانگ کرد، و پاش ماوەیەکیش دکتۆر عیصامیان بانگ کرد..

## مەسەلەکەی زۆر گران نییە:

گۆێم لێ بوو بەڕێوەبەرەکە لەگەڵ سلێمانیدا بەتەلەفوون

قسەی دەکرد، و بە عەرەبی دەیگوت: یکێکیان هیچی لەسەر نییە و ئەوی تریشیان مەسەلەکەی زۆر گران نییە!!

پاشان بە حاجی رەشیدیان گوت: سبەینێ نووسراوێکت بۆ دەنووسین و لەبازار بەرەڵات دەکەین، ئیتر هێنایانە دەرەوەو لەوبەر منەوە دایان نا، جارێکی تر دەستی بەگریان کردەوە..بەڵام گریانێکی بەجۆش..

کەئێمە لەناو راڕەوەکەدا کەوتبووین لەدەوروبەری سەعات یانزەی شەوا دەبوو، بەڕێوەبەرەکە گوتی: ئەمانە بۆچ لێرەن؟ یەڵلا بیان بەنەوە بۆ زیندانەکەی خۆیان، ئیتر بردینیانەوە بۆ ژوورە تەنیاییەکەی خۆمان..

شەوێ بە حاجی رەشیدم گوت: چییان لێپرسیت؟

گوتی: کەبردمیانە ژووری لێ کۆڵینەوەوە لێیان پرسیم: تۆ ماموٚستا حەمە رەشیدی ماوەتیت؟

منیش پێم گوتن: نەخێر.. دووسێ تفیان لێکردم وسێ چوار جنێوی سووکیان پێ گوتم..

لێیان پرسیم: پەیوەندیت بەدکتۆرەوە چییە؟

گوتم: نایناسم..

بەربوونە جنێودان پێم، ئینجا رۆیشتن دکتۆریان هێنا و لێیان پرسی: ئەرێ ئەمە حەمە رەشید ماوەتییە؟

دکتۆریش ماوەیەك لێم ورد بووەوە، و سەرنجی دام، له ئەنجامدا گوتی: نەوەڵڵا ئەمە ئەو نییه.. ئەو گەنجە و ئەم موویەکی رەش لەسەریدا نەماوە، ئەوەند پیرە!! کاری راستبێ ئەگەر بیگوتایە ئەوە چیم بکردایە؟!!

## راسپاردە:

حاجی گوتی: مامۆستا گیان! بەیانی نووسراوێکم بۆ دەنووسن و من دەر دەچم، چ راسپێرییەکت هەیە، تا بەماڵەوەتانی بگەیەنم..

گوتم: کاك حاجی گیان! دەستم بەدامێنت، هەرکە گەیشتیتە ماڵەوە، نەوەستیت و لەهیچ شوێنێك لانەدەیت تا دەڕۆیتە ماڵ ئێمەو پێیان دەڵێیت: دەخیل صەد دەخیل! ماڵەکە چۆڵ بکەن، و لەماڵەوە نەمێنن، چونکە ئەفسەرەکە هەڕەشەی لێکردووم، نەوەك بڕۆن خێزانەکەم بێنن!!

وەهەروەها بە نوورەدین و بەهادینیش بڵێ: باوکتان چاوی ماچ ئەکردن و هەواڵی ئەپرسین و دەیگوت: دەستی من ودامێنیان، پشت نەکەنە دینەکەیان، ئاموشۆی مزگەوت بکەن، دڵی دایکیان نەیەشێنن، لەگەڵ یەکترا شەڕو هەرا نەکەن، بەهادین وەك لێ پرسراوێکی ماڵە، دەبێ لەتەکیانا بەرەحم بێت، و ئامۆژگارییان بکات، و بەناهەق قسەیان پێ نەڵێت و

لێیان نەدات، دەبێ ئەوانیش رێزی لێ بگرن و قسەی نەشکێنن، بەقوربانیان بم خوێندنەکەیان پشت گوێ نەخەن، چونکە دوژمن ئاواتە خوازە ئەوان نەخوێندەوار بن!!

حاجی رەشید گوتی: بەسەر چاو، هەر کە رۆیشتمەوە پێش هەموو شتێ دەچمە ماڵ ئێوە و پێیان را دەگەیەنم.[26]

ئیتر ئەو شەوە خەوتین، بەڵام چ خەوتنێك؟! هەریەکەمان بەتانییەکی شڕی رزیومان لەسەر چیمەنتۆ ساردەکە راخست، پەتوویەکی رەشی شڕمان بەخۆمانا دا، بەڵام پێڵاوەکانمان دانەکەند، شەش حەوت سەموونی کۆنی تیابوو، ئەوانەمان خستە ژێر سەرمان، و خەوتین.. ئالێرەدا ئەو قسەی پێشینانەمان لەواقیعدا بینی کەدەڵێت: سەرما بەپێی حاڵە!! باوەڕتان هەبێ ئارەق کەوتبوە ناو چەوانمەوە!!

## فریشتەی رەحمەت:

رۆژی دوو شەممە 2/23 /87 لەخەو هەستاین، نوێژی بەیانیمان بەجەماعەت کرد، هەندێ ویرد و ئەورادمان خوێند، بەگەردن کەچییەکی زۆرەوە لەخوا پاڕاینەوە.. حاجی رەشید سەری خستە سەر هەردوو ئەژنۆی، و هەردوودەستی

---

26- بەداخەوە حاجی کە گەیشتبوە سلێمانی نەرۆیشتبوە ماڵەوەو راسپارجەکەی پێ نەگەیاندبوون..

خستەبەر هەردوو ئەژنۆیەوە، پاش ماوەیەك هەستاو دەستی بە سینەیەوە گرت و سەری لارکردەوە، و دەم بە بزەو رووخۆشییەوە، رێزێکی زۆری نواند، و لەبەر خۆیەوە هەندێ قسەی کرد، و پاشان دانیشتەوە.. منیش پێکەنیم و گوتم: ئەوە چی بوو حاجی بۆ وات کرد؟

گوتی: ئەوە شاهی سیراجوددین تەشریفی هێنا بوو، پاشان بە پێکەنینەوە گوتی: ئێستا تۆ پێم دەڵێیت: شێتیەتی جۆری زۆرە!! بەڵام ناهەقت نییە چونکە تۆ لە دنیایەکی ترا دەژیت!!

پاش ئەوە کە رۆژ بووەوە دەرچەی دەرگاکە کرایەوە، پیاوێکی گەنجی رەشتاڵە، سەری خستە ئەم دیوەو  گوتی: ئەوە هەر ئەو پەتوانەتان پێیە؟

ئێمەش لە ترسی سەرما باش خۆمان داپۆشی بوو، بە هۆی گڤەگڤی باو ورەوڕی هەواکێشەکەوە باش لە قسەکانی حاڵی نەدەبووین، گوتمان: ها، دەڵێی چی؟ ئیتر هەڵ نەساین و نەڕۆیشتین بە دەمیەوە!!

کابراش تووڕە بوو، گوتی: بابە! ئەگەر یەکێك هات بۆلاتان و قسەی لەتەکتانا کرد هەستن و بێن بەدەمیەوە، چۆن دەبێ دا بنیشن؟!

ئێمەش هەستاین وچووین بە دەمیەوە وگوتمان: ئەڵێی چی؟

گوتی: تەنیا ئەو بەتانیانەتان هەیە؟

گوتمان: بەڵێ..

ئیتر ڕۆیشت شەش پەتووی تری بۆ هێناین، زۆر دڵخۆشی کردین، وەك فریشتەیەکی ڕەحمەت دەهاتە پێشچاومان!! بۆیە زۆر سوپاسمان کرد و مەمنوونی بووین، پاشان ڕۆیشت قەمسەڵەکەیشی بۆ من هێنا.. ئیتر تەوشقمان تێ هاتەوە..

پێش نیوەڕۆ هاتن بەشوێن حاجی ڕەشیدا، ئەملاولای یەکترمان ماچ کرد وگوتم: ئینشا ئەڵلا ڕاسپێرییەکانت لەبیر ناچێ، خوا حافیزت بێ و خوات لەگەڵ..

بەڵێ حاجی ڕۆیشت و بەجێی هێشتم، خەم و پەژارەیەکی زۆر دایگرتم،چونکە بێ هاودەنگ و هاونشین مامەوە، بەتەنیا وەك قازی کوێرم لێهات، تەنیایی هەر بۆخوا باشە! من نەمدەزانی چیم بەسەردێ و چیم لێ دەکەن؟ ئەم کوژن؟ هەڵم دەواسن؟بەسەر شووشەدا ڕام دەکێشن؟ زۆر تەعزیبی تریش کە لەگەڵ زیندانیاندا ئەنجام ئەدرا.. داهاتووم نا دیار بوو.. ئەمە لەلایەکەوە ، لەلایەکی ترەوە ماوەی بیست ڕۆژ بوو لەگەڵ حاجیدا پێکەوە بووین، و دڵمان بەیەکتر دەکرایەوەو هۆگری یەکتر ببووین، وە ها لێبڕانێکی ناکاو و لەشوێنی وایشا ئاسان نییە!!

## لێزمەی تف و جنێو:

ئێوارە بردمیانەوە بۆ خانوە سێ نهۆمەکەی ئەو بەرەوە، تا لێکۆڵینەوەم تەواو ببێت. لە دواییدا بۆم دەرکەوت ئەم ئەفسەرەی لەگەڵ مندا تەحقیق دەکات ناوی ماجیدە و شیعەیە، ئەم جارە لەسەر کورسی دای نەنام، گوتی: لەسەر کومبارەکە دابنیشە.. منیش چاوەڕوانی شتێکی نا هەموار بووم..

ماجید گوتی: تۆ پیاوێکی خراپی! و ئەوەی زانیوتە باست نەکردووە!!

منیش گوتم: بەقسەی ئەو درۆزەنەی (کەززابە) ؟!

هەر لەگەل ئەو قسەیەم لەدەم هاتە دەر بەجنێودان تێم بەربوو، هەتا توانی تفی تێکردم و قسەی ناشیرینی پێگوتم، و گوتی: تۆ درۆزنی، تۆ کەززابی، ئەو راست گۆیە، ئەگەر زمانیشی لەبن وبێخا ببڕن درۆناکات!!

ئینجا دەستی کردە نووسینی کورتەیەك لە ژیانم و گوتی: خوێندنی سەرەتاییت لە کوێ تەواو کردووە؟

گوتم: لە پێنجوێن..

گوتی: ناوەندی؟

گوتم: ناوەندی ودوا ناوەندیم لە سلێمانی تەواو کردووە.

گوتی: پاش ئەوە؟

گوتم: لەساڵی 1977 لە کۆلیجی شەریعە دەرچووم، و خوێندنی زانکۆم تەواو کردووە.

تا ئەوکاتەی گیرا بووم بەکورتی باسم کرد و ئەویش نووسی..

## وێنەی ئیمام خومەینی:

لەنێوان ئەم پرسیارو وەڵامانەدا ئەفسەرێکی ئەمنی کوردی هەولێری خۆی بەژوورا کرد، بەوەدا زانیم کە ئەفسەرە سەلام وتەحیەی بۆ نەکرد، بە عەرەبی تەنیا ئەوەندەی پێگوت: ها چ دەکەیت؟

ئەویش وەڵامێکی روون و جوانی نە دایەوە، لەوە دەچوو لەیەك ئاستا بووبن. کوردەکە نەوی لە تووکی سەرم و قژی راکێشام!! منیش ئاورێکی مۆنم لێ دایەوە و هیچم نەگوت، وادیار بوو ناردبوویان تا لەکاتی پێویستا تەرجومان بێت.

ماجید وێنەیەکی ئیمام خومەینی لە جوانترین شێوەدا لەپشت خۆیەوە دانا بوو، کوردە بەعسیەکە بەماجیدی گوت: ئەوە چییە دات ناوە؟ و دەستی بۆ وێنەکە راکێشا!

ماجید شڵەژا، و گوتی: ئا ئا ، ئەوە لەبیرم چوو بیخەمەوە شوێنی خۆی، رەسمەکەی هێناو تا هێزی تیا بوو تفی لێکرد وخستیە ژێر پێیەوە، بەمنیشی گوت: دەی تۆیش تفی لێ بکە!

منیش تفم لێ نەکرد، جنێوێکی پێدام وگوتی: دەڵێم تفی لێ بکە..

گوتم: تف لەدەمما وشك بووە، تفم بۆ لێ ناکرێ.. سەیرە لەولاوە خۆشی دەوێ و جوانترین وێنەی داناوە، لەم لایشەوە بە توقیە تفی لێدەکات و دەیخاتە ژێر پێیەوە!!

لێکۆڵینەوەکەی تەواو کرد و گوتی: وەرە ئیمزای بکە..

گوتم: بیخوێنەرەوە بزانم چیت نووسیوە، ئینجا مۆری دەکەم!!

زۆر تووڕە بوو، جنێوێکی پیسی پێدام و گوتی: هەر قسەکانی خۆتم نووسیوە..

گوتم: بم دەرێ با بیخوێنمەوە!!

گوتی: هەی ... من دەڵێم قسەکانی خۆتن!!

ئیتر بەنا چاری رۆیشتم مۆرم کرد، نەیشم زانی چی نوسیوە، و چی نە نووسیوە؟! ئیتر کردمیە دەرەوە و گوتی: لەدەرەوە چاوەڕوان بە..

## گوناحە! هاوەڵێکی بۆ بێنە!:

ماوەیەك لەدەرەوە چاوەڕوانیم کرد، پاش ماوەیەك ئەمنێکی بانگ کرد و گوتی: بیبەرەوە بۆ جێگەکەی خۆی.. یەکێ پەلی گرتم و دەستی راکێشام، لەسەر پلەکانەوە ئەفسەرە هەولێرییەکەمان پێگەیشت، بەکوردی لێی پرسیم: خەڵکی

کوێیت؟

منیش گوتم: سلێمانی.. ئەوە تۆ کوردیت؟

گوتی: بەڵێ، من کوردم!

ئالێرەدا زانیم کە کوردە، و هەولێرییە، گوتم: کوڕە پیاوی چاك بە، ئەگەر دەتوانی هەوڵێکم بۆ بدە، بانەم بەنەوە ژوورە تەنیاییەکەی خۆم.. بەڵکو بم بەنە زیندانە گشتییەکەوە..

ئەمنەکەی دەستی گرتبووم گوتی: دەگەڕێم هەوڵ دەدەم قاچاخچییەك بگرم و بۆت بێنم!! تا بەتەنیا نەبییت!! زیندانە گشتییەکە پڕیەتی لە قاچاخچی و پیاوکوژ و شەللاتی، ئەگەر بەگوێی من ئەکەی هەوڵ مەدە بۆ زیندانە گشتییەکە، باوەڕت هەبێ جێگەکەی خۆت زۆر چاترە!!

ئەفسەرە هەولێرییەکەش گوتی: ئەرێ وەڵلا گوناحە بەڵکو قاچاخچییەکی بۆ بگریت وبیکەیت بە هاوەڵی!!

ئەو شەوە خەوتم، سبەینی بەیانییەکەی تەقەی قوفڵەکان هات، دەرگایان کردەوە و گواستمیانەوە بۆ ژووری ژمارە بیست وسێی تەنیایی، ئەوندەی تر دڵم داگیرا، و ناڕەحەت بووم، چونکە یەك دوو رۆژێك بوو لەگەڵ ژوورەکەدا راهاتبووم، بەهەر حاڵ جڵەوی کار لە دەست منا نەبوو، ئەوان کەیفیان لەکوێ بوایە لەوێ دایان دەنام، ئیتر تا سەری مانگ واتە

28/شوبات لەو ژوورەدا بووم.

لەو ماوەیەدا خەوی زۆرم ئەبینی، لەو خەوانەدا پۆل پۆل زانایان و پیاوچاکان سەریان لێ دەدام، هەندێکیانم دەناسی و هەندێکی تریشیانم نەدەناسی، و وەك لەشوێنێکی دوور بووبم و هاتبمەوە، و ئەوانیش بۆ بەخێر هاتنەوەم هاتبن ئاوەها بوو. یاوەك ئەوە دڵخۆشیم بدەنەوە و بڵێن: نارەحەت مەبە..

## وامزانی ئایەتەکە بۆ من هاتووە:

بەیانی رۆژی یەك شەممە 1/3/ 87 تەقەی قوفڵەکان هات، نیشانەی ئەوە بوو شتێك هەیە، بەڵێ، دەرگا کرایەوە و گوتیان: یەڵلا خۆت بپێچەرەوە، منیش خۆم پێچایەوە، و کردمیانە ژووری 24 دواین ژووری تەنیایی، لەنهۆمی دووەمدا..

تەنیایی هەر بۆخوا باشە.. زۆر دڵم خەمبار بوو، لەدارو دیواری ژوورەکە ورد دەبوومەوە، ژوورەکە بۆیەکەی کرابوو بەدوو بەشەوە، بەشی لای خوارووی بە بۆیەی زەیتی رەنگ کرابوو، بەشی لای سەروویشی بە بۆیەی ئاوی.. لەناو پشتێنە بۆیە کراوەکەیدا ئەم ئایەتە نووسرابوو: " وَاصْبِرْ عَلَى مَا أَصَابَكَ إِنَّ ذَلِكَ مِنْ عَزْمِ الأُمُورِ" (27) واتە: لەسەر ئەو خەم و

27- سورة لقمان/17.

پەژارەیەی تووشت دێت، خۆگربە و صەبرت هەبێ، بێگومان ئەوەش لە کارە چاك و پەسەندەکانە.

ئای چەند ئاوڕشینی دڵی کردم و گوڵی هەڵپڕووزاوی باخی هیوای بووژاندمەوە!! باوەڕتان هەبێ وام دەزانی ئالەو سەعات وکاتەدا ئەو ئایەتە هاتۆتە خوارێ و تەنیا بۆ منیش هاتووە!! بەتایبەت ئایەتەکە رووبەڕووی ئادەمیزاد دەدوێت و فەرمانی خۆگرتنی پێ دەکات و داوای صەبری لێ دەکات، بۆیە لەو شوێنەدا دەردی منی بەتەواوی تیمار کرد، و خەم و پەژارەم بوو بەشادی و دڵم بە تەواوی کرایەوە!!

دوو پەنجا فلسیم پێ بوو، زۆر جار لە گرفانی کراسەکەم دەکەوتنەخوارێ، منیش لەژێر پەتووەکاندا قایمم کردبوون، هێنامنە دەرەوە، و لەسەر دیوارەکە ئەم ئایەتەم نووسی: ئەڵبەت نووسینەکە بە رووشاندنی بۆیەکە بوو: " مَا أصَابَ مِنْ مُصِيبَةٍ فِي الأَرْضِ، وَلا فِي أَنْفُسِكُمْ إلاَّ فِي كِتَابٍ مِنْ قَبْلِ أَنْ نَبْرَأَهَا، إِنَّ ذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ، لِكَيْلا تَأْسَوْا عَلَى مَا فَاتَكُمْ، وَلا تَفْرَحُوا بِمَا آتَاكُمْ، وَاللَّهُ لا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ."[28]

لەپەنای ئایەتەکەدا ناوی خۆم و رۆژەکەم نووسی، هۆی نووسینەکەش ئەوە بو، گوتم: چۆن من بەو ئایەتە دڵخۆش

---

28- سورة الحديد /23،22. پیشتر واتامان کرد..

بووم، و دەروونم ئاسوودەبوو، لەوانەیە کەسانێکی تریش بێنە ئەم ژوورە و بەم ئایەتە ئارامی و ئاسوودەییان بۆ بێت..

## مامۆستا حەسەنی شەمێرانی:

ئێوارەبوو قوفڵەکانیان کردەوە و بردمیان بۆ ئەوبەر جادەکەوە، لەبەردەم خانوویەکدا وەستاندمیان، دوو کەسیان چاو بەستبوو بەمنەوە بوین بەسیان، من عەینەکم لەچاوا بوو، ئەگەر کەمێ سەرم بەرز یانەوی بکردایەتەوە ئەوانم ئەبینی، بەلاّم ئەوان منیان نەدەبینی، ئەو دوانەم نەئەناسی، ئینجا یەکێك لە ئەمنەکان گوتی: دە خێراکەن، حەسەن شەمیرانی بێنن، گوتیان: حەسەن پینجوێنیمان هێناوە!!

گوتی: ئەو نالێم حەسەن شەمێرانی ئەلێم.

زۆری پێ نەچوو هێنایان، شەرواڵێکی بیجامەی لەپێدا بوو، چۆغەیەکی لەبەرابوو بێ پشتێن، بە پەڕۆیەك چاوی بەسترابوو، ئەو کاتە زانیم کە ئەویش گیراوە! پاشان وەك فارغۆنی شەمەنەفەر یەك لە دوای یەك دەستمان بەیەکترەوە گرتبوو، بردینیان بۆ خانووە سێ نهۆمەکە، نەیان دەهێشت کەس ورتەی لەدەم بێتە دەر، ئەمنێك دەستی یەکەم کەسی

رادەکێشا، و منیش چونکە شەل بووم خستبومیانە دوای هەموویانەوە.

بەپلیکانەی خانوە سێ نهۆمەکەدا سەرکەوتین، لەبەردەم ژووری لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجەدا رایان گرتین، گوتیان: رووبکەنە دیوارەکە، و بەملاولادا نەڕوانن، چونکە من عەینەکم لە چاودا بوو، دەمزانی ئەمنەکە دوور کەوتۆتەوە یان نە.. کاتێ ئەمنەکە ئەندازەیەك دوور کەوتەوە ویستم کاك حەسەن حاڵی بکەم، کەمن ئیعترافم نەکردووە، ئەگەر تۆیش ئیعترافت نەکردووە ناوی من هەرمەهێنە.. بۆیە بە ئەسپایی پێم گوت: نەتۆم دیوەو نە ئەتناسم، تمەز ئەمنەکە گوێی تێوە بوو، بەعەرەبی گوتی: ئەوە چ دەڵێیت؟

گوتم: تینوومە ئەگەر زەحمەت نەبێ کەمی ئاوم بدەیتێ!!

گوتی: باشە..

ئەمنەکە رۆیشت ئاو بێنێت، کە دوور کەوتەوە، گوتم: کاك حەسەن! من ناوی تۆم نەهێناوە، تۆیش ئاگات لەخۆت بێ!! یەکەمجار نەی وێرا وەلاَم بداتەوە و قسەبکات، پاش ئەوە کە ئاوەکەم خواردەوە، منیان بانگ کردە ژوورەوە..

دوو زەلام دانیشتبوون، یەکێکیان بالاّ بەرز و پێکەوتوو ، جوانخاس، ناوچاوتالّ. ئەوی تریشیان گردەپیاوێکی رەشتاڵەی خاوەن بەزەیی بوو. سلاّوێکم کرد گردەکەیان لەژێر لچەوە وەلاّمی دایەوە، بەلاّم ئەوی تر هەر لێویشی نەبزواند!!

ئینجا درێژە ناوچاو تاڵەکە تۆمار(مەلەف)ەکەی منی کردەوە و گوتی: تۆ حەسەن پێنجوێنی یت؟

گوتم: بەڵی.

گوتی: تۆ لەناوچەی پشدەر مامۆستا بوویت؟

گوتم: بەڵی.

گوتی: لەرانیە کەس دەناسی؟

گوتم: نەخێر.

گوتی: چۆن چوار ساڵ لەپەنای رانیەدا بوویت و کەسی تیا ناناسی؟

گوتم: من پیاوێکی گۆشەگیر بووم، لەگەڵ خەڵکیدا زۆر تێکەڵ نەدەبووم.

سەرێکی راوەشاند و گوتی: لەو بڕوایەدا نیم..

ئینجا گوتی: بۆرهان موحەممەد ئەمین هەر ئەو کوڕە سوور و سپییە، تێك سمڕاوە بالاّ ناوەندییە، کەتووکی پێشەسەری کەمێ رووتاوەتەوە؟

گوتم: نازانم ئەوە یان نە، بەلاّم ئەویش ئەم سیفەتانەی تێدایە..

گوتی: ماوەی سێ چوار سالّ لە ئێران بووە، وباوکیشی مەلای مزگەوت بوو؟

گوتم: بەلّێ ئەویش وەها بوو..

ئیتر لەسەر ئەو باسە لایدا و گوتی: جا خۆ ئەم ئیفادەیەی تۆ هیچی تیا نییە!! وەللا من بە فلسێ نایکڕم!!

گوتم: بۆچ تۆ دەتەوێ ملم بەپەتا بکەیت؟ چیم زانیوە، ئەوەم گوتووە..

ئیتر گوتیان: بڕۆرە دەرەوە..

## گوتی: من ئیعتیرافم کردووە:

کەمن هاتمە دەرەوە کاك حەسەن یان بانگ کردە ژوورەوە، ئەمنەکە بەمنی گوت: لەپەنای ئەم دیوارەوە دات دەنێم،

بەملاو لای خۆتا لانەکەیتەوە!! پاش ماوەیەك کاك حەسەنیشیان هێنایە دەرەوە و ئەویشیان لەتەنیشتمەوە دانا. بە چپە چۆن وچاکیمان کرد، و گوتم: ناوی منیان لێ پرسیویت؟

گوتی: بەڵێ، لێیان پرسیوم: چۆن ئەی ناسیت؟ منیش گوتومە: چوار ساڵ لە زانکۆدا پێکەوە هاو دەرز و هاو پۆل بووین، ئەوە نەبێ ئیتر ناسراویمان نییە..

گوتم: هەروا بووە و چاکت گوتووە..

گوتی: ئەی تۆ باسی منیان لێ پرسیت؟

گوتم: بەڵێ، بەلاّم قسە هات بەقسەدا و ناوی تۆیان لەبیر چووەوە، و ئیتر دووبارەیان نەکردەوە، و منیش هیچم نەگوت..

گوتی: ددانت بە هیچا ناوە؟ واتە: ئیعتیرافت کردووە؟

گوتم: نە خێر.. هیچمان نەبووە تا ددانی پیا بنێم.. ئەی تۆ؟

گوتی: من ددانم پیا ناوەو ئیعتیرافم کردووە!!

گوتم: چۆن؟

گوتی: لێیان پرسیم: لەگەڵ دکتۆرا ڕێکەوتن؟

منیش گوتوومە: بەڵێ..

گوتم: هەر ئەوەت گوتووە؟

گوتی: بەڵێ..

گوتم: زۆر گرنگ نییە. ئەی هیچ سزاو ئازاریان داویت؟

گوتی: ئەوەی لێ دەرچێ کە لەشارەکەی خۆمانا لێم دراوە ئیتر زللەیەکیان لێ نەداوم و قسەیەکی ناشیرینیان پێ نەگوتووم، و تفێکیان لێ نەکردووم..

ئێمە کە بەچپە ئەم قسانەمان دەکرد حەرەسەکەمان لێ دوور کەوتبوەوە، کاتێ هەستی کرد کە بەچپە قسە دەکەین هاواری لێ بەرز بووەوە و گوتی: بێ دەنگی.. ئیتر ئێمەش بێدەنگ بووین.. پاش ماوەیەك هەرکەسەیان بردەوە بۆ شوێنی خۆی..

## حەمامی دوو دەقیقەیی!!

لەبەغدا خواردنمان خراپ نەبوو، سەریان بۆ چاك کردین، ریشیان بۆ تاشین، بردینیان بۆ حەمام.. بەلاّم چ حەمامێك؟

تەنیا دوو دەقیقە لەبەر دۆشکەکەدا بووم، گوتیان: یەڵلا بۆ دەرەوە..

گوتم: خۆ هێشتا لەشم تەڕ نەبووە؟

گوتیان: هەرئەوەیە یەڵلا وەرە دەرێ. تۆ دەتەوێ لێرەدا بە ئارەزووی‌دڵ خۆت بشۆریت؟ شتی وا نییە. ئێرە زیندانە، خۆ ئوتێل نییە!!

گوتم: بۆچ هێناتانم بۆ حەمام؟ چ سوودێك لەو حەمامەدا هەیە؟

بەتووڕەییەوە گوتی: من دەڵێم هەر ئەوەیە، زوو وەرە دەرێ، تا نەم کردوویتە دەرەوە!! هاوینە هەوارت لە ئێمە دەوێ!!

پارچە جەریدەیەکم لەگەڵ خۆدا هێنا بوو، بەنا چاری بەو جەریدەیە خۆم وشك کردەوەو هاتمە دەرەوە، بڕیارم دا ئەگەر لەمەودوا دە دەقیقە مۆڵەتی خۆشۆردنم پێشەکی نەدەن نەڕۆم بۆ حەمام..

## ڕۆژنامە:

بەشی زۆری کاتەکانمان لەو زیندانانەدا بە عیبادەت و ویرد و ئەورادەوە دەبردە سەر، خوا خوامان بوو دوعای زۆرتر و

قورئانی زیاترمان لەبەر بوایە بۆ ئەوەی لەوێ زیاتر بیانخوێنین.. بەشێکیشم بۆ خوێندنەوەی رۆژنامە دیاری کردبوو. هەموو بەیانییەك پێش خۆرکەوتن لە دەرچەی دەرگاکەوە رۆژنامەیەکی (سەورە)ی زمانحاڵی حیزبی بەعسیان بۆ دەخستینە ژوورەوە!!

تەنیا بەشی حیزبایەتییەکەی نەبێ ئیتر گۆشەکانی ترم دەخوێندەوە، بە تایبەت بەشی هەواڵ و رۆشنبیری و زانیاری و ئەدەبەکەی، بەوەشەوە هەندێ کاتم دەبردە سەر.

هەفتەو هەفتە لەژێر ناونیشانی ریشەکان(الجذور)دا باسی گۆرانی بێژ، یا ئەدیب، یا نووسەرێکی دەکرد، لەم گۆشەیەدا ژیانی مەحموود قەپانچی زۆر سەرنجی راکێشام، هەڵوێستێکی زۆر پیاوانەی لەبەرامبەر ئینگلیزی داگیر کەرەوە هەبووە، و لەبەرامبەر شالاّوی ئافرەتانی ئەوینداریەوە زۆر داوێن پاك و خۆگر بووە، و توانیویەتی خۆی لە گوناح وبێ ئەمری خوا بپارێزێ.. رۆژنامە حەوت لاپەڕەی لەسەر نووسی، هەر حەوت لاپەڕەکەیم بە ئارەزوومەندییەوە خوێندەوە.. پاش ئەویش ژیانی مامۆستا موحەممەدی کوری مەلای کۆیە..

## ئەبو صەباح:

کابرایەکی فرەبڵێ هەبوو، هەموو بەیانییەك دەهات، و لەدەرچەی دەرگاکانەوە تەماشای ژوورەکانی ئەکرد، ودەستی بەقسەو گاڵە گاڵ ئەکرد، دەیگوت: پەتووەکان هەڵبگرن، ئاوەها پاك وتەمیز بن، لەبەر ئەوەی کە زۆر فرە بڵێ بوو من چارەم نەدەویست، پێش ئەوەی ئەو بگاتە ژوورەکەی من خێرا پەتووەکانم دەق ئەکرد و بەدیواری ئاو دەستەکەدا هەڵم دەواسین، ئەگەر لەوناوەشدا رۆژنامەیەك یا شتێ ببوایە خێرا لام ئەبرد، تا بواری قسەکردنی نەمێنێ، و زوو بڕوا..بەلاَم ئەو قسەی خۆی هەر ئەکرد، و ڤیرائەتی خۆی تێك نەئەدا..

رۆژێکیان لەدڵی خۆما گوتم: ئەگەر تەگبیرێکی لێنەکەم ئەم پیاوە وازناهێنێ و بە زۆر بڵێیی خۆی مێشکمان دەبات.. کەدەرچەی دەرگاکەی کردەوە گوتی: ها حەسەن!!

منیش گوتم: ها، چییە؟ بڵێ: سەلامون عەلەیکوم، تا منیش پێت بڵێم: وە عەلەیکەسسەلام!!

بزەیەك گرتی و هیچی نەوت، بەڵام قیرائەتەکەی خۆی تێك نەدا، وەك عادەتی خۆی گوتی: پەتووەکانت هەڵ بخە با پاك بن!!

منیش گوتم: تۆ هەر باسی پاك وتەمیزی دەکەیت، ئێمە سپێ خواردینی، دەرمانی سپێ بێنە..

ئەوی راستی بێ لەو سەرەتایەوە نەبێ شەش حەوت دانەیەکی سلێمانیم تیا مابوو، ئەویش شەوانە جلەکانم دەدۆزی و دەمکوشتن، چونکە ژووری تەنیاییەکان سپێیان نەبوو ئیتر ئەسپێم تێ نەدەهاتەوە، لەبەر ئەوە سپێم تیا نەمابوو. لەسلێمانی دەرمانی سپێیان بەکەس نەدەدا، منیش بۆیە ئەو داوایەم کرد تاتەریق ببێتەوە و جارێکی تر باسی پاك وتەمیزی نەکات، چونکە وامزانی لێرەش دەرمان نادەن! بەڵام کابرا زۆر سەری سوورما و گوتی: پێم سەیرە تۆ وا دەڵێیت!! لێرە ئەسپێ نییە، (مەجید)ی ئەمنی لەگەڵا بوو، بە مەجیدی گوت: برۆ هەرئێستا مەڵهەمێکی بۆبێنە.

ئەویش رۆیشت مەڵهەمێکی هێنا و گوتی: رۆژی جارێك خۆتی پێ چەور بکە، بەم جۆرە ئەو قسەی برِیم.. بەڵام لەو جارە

بەدواوە هەرکاتێك بهاتبایە سەلامی ئەکرد و موحەبەتێکی زۆری دەنواند، وەك ئەوە بەزەیی پیاما بێتەوە!!

رۆژێ لە مەجیدم پرسی: ئەمە کێیە؟ گوتی: ئەوە ئەبو یەباحە، لێپرسراوی ئەم ژوورە تەنیاییانەیە!! لە ماوەی دوو هەفتەدا جارێك یابوونێکی رەقی و یابوونێکی جلەیان ئەداینێ.. لەگەڵ ئسفەنجێکیشدا بۆ شۆردنی قاپی چێشت وخۆرشتەکان. هەر بەو یابونانە ناو بەناو لەئاودەستەکەدا خۆمم دەشۆرد!!

## سوورەتی ئەلحەدید:

لەوکاتەدا کە لەژوورە تەنیاییەکاندا بووم بەتایبەت ژووری 24 وەك بولبولی ناوقەفەزم لێ هاتبوو، بەدڵێکی خەمبار و دەنگێکی ماتەمەوە دەمچریکاند و ئەم ئەم چەند ئایەتەی سورەتی ئەلحەدیدم دەخوێندەوە:" اعْلَمُوا أَنَّمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا لَعِبٌ وَلَهْوٌ وَزِينَةٌ وَتَفَاخُرٌ بَيْنَكُمْ، وَتَكَاثُرٌ فِي الأَمْوَالِ وَالأَوْلادِ، كَمَثَلِ غَيْثٍ أَعْجَبَ الْكُفَّارَ نَبَاتُهُ، ثُمَّ يَهِيجُ فَتَرَاهُ مُصْفَرًّا، ثُمَّ يَكُونُ حُطَامًا، وَفِي الآخِرَةِ عَذَابٌ شَدِيدٌ، وَمَغْفِرَةٌ مِنْ اللَّهِ وَرِضْوَانٌ، وَمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلاَّ مَتَاعُ الْغُرُورِ، سَابِقُوا إِلَى مَغْفِرَةٍ مِنْ رَبِّكُمْ، وَجَنَّةٍ عَرْضُهَا كَعَرْضِ السَّمَاءِ وَالأَرْضِ، أُعِدَّتْ لِلَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ،

ذَلِكَ فَضْلُ اللَّهِ يُؤْتِيهِ مَنْ يَشَاءُ، وَاللَّهُ ذُو الْفَضْلِ الْعَظِيمِ، مَا أَصَابَ مِنْ مُصِيبَةٍ فِي الأَرْضِ وَلا فِي أَنْفُسِكُمْ إِلاَّ فِي كِتَابٍ مِنْ قَبْلِ أَنْ نَبْرَأَهَا، إِنَّ ذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ، لِكَيْلا تَأْسَوْا عَلَى مَا فَاتَكُمْ، وَلا تَفْرَحُوا بِمَا آتَاكُمْ، وَاللَّهُ لا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ."الحديد/19-23.

**واتە: باش بزانن ژیانی دنیا بریتییە لەگەمەو گاڵتە وجوانی و خۆ هەڵکێشان لەناو یەکترا و زۆرکردنی ماڵ ومنداڵ – دەزانن ئەوەش وەك چی وایە؟- وەك بارانێك وایە گژو گیایەکی جوانی پێ سەوز ببێ و کافر پێی دڵخۆش و شادمان ببێ، پاشان هەڵچێ و شەوق پەیا بکات، دوایی زەرد دەبێ، و پاشان دەبێتە قنگەلاش و، - جا ئەو خۆشی و جوانی وسامان ومنداڵ زۆرییە لەرۆژی قیامەتا لێ پرسینەوەی لەسەرە ئەوکاتە – لەدوا رۆژا یا سزاو ئازاری سەخت و بەسوێی دۆزەخ چاوەڕوانتان دەبێ، یا چاوپۆشی و لێخۆشبوون و رەزامەندی لەلایەن خواوە، - جا ئاگاتان لەخۆتان بێ – ژیانی دنیا کاڵای سەرکەشی و یاخی بوونە، - یاخی نەبن – بۆلێخۆشبوونی خوایی پێشبڕکێ بکەن، و بۆ ئەو بەهەشتەی پانی وبەرێنییەکەی بەقەد بەرێنی ئاسمان و زەوییە، و بۆ ئەوانە ئامادە کراوە کەباوەڕیان بەخواو پێغەممەرەکانی هێناوە،**

ئەوەش فەزڵی خوایە، و دەیدا بەوانەی مەیلی باوەڕهێنانیان هەبێ، خوا خاوەن فەزڵی گەورەو هێژایە، هەر موسیبەت و ناڕەحەتییەکتان تووش ببێ، یالەزەوىو دەروونى خۆتانا رووبدات، پێش ئەوەى بیهێنینە دى لە لەوحول مەحفوزدا هەیەو نووسراوە، بێگومان ئەوەش بەلای خواوە ئاسانە، تاخەفەت بۆ شتێ نەخۆن کە لەکیستان چووە، و لەخۆ باییش نەبن بەوەی پێتان دراوە. بێگومان ئەوەی خۆ بەزلزان و فیزاویە خوا خۆشی ناوێ.."

کاتێ کە قورئانەکەم دەخوێندەوە واتای ئایەتەکان پەبووریان بۆ دەهێنام و دڵخۆشیان دەدامەوە، لەو کاتەدا کە قورئانەکەم بە ئاوازەوە دەخوێند بیری ئەو پەلەوەرانەم دەکەوتەوە کە بۆ جوانى لە ناو قەفەز کراون، لەویادا بڕیارم دا: هیچ گیاندارێك بۆ خۆشى و رابواردنى خۆم نەکەمە ناو قەفەزەوە، هەرچەند قیاسی خۆم لەگەڵ بولبولى ناو قەفەزەکاندا هاوکێشەیەکی لاسەنگە، چونکە ئەوان نازدارن و هەمیشە خزمەت دەکرێن، ئێمە وەك دیلێك گیرابووین و وەك دوژمنێك سەیر دەکراین، بەلاّم لە وەدا یەکمان دەگرتەوە کە هەردووکمان ئازادیمان لێ زەوت کرابوو..

## تەنیایی:

ماوەی دوو مانگ  قورئانم لا نەبوو، پاشان لە مانگی چواردا داوای قورئانێکم کرد بۆیان هێنام، بەشی زۆری کاتەکانم بە دەورکردنەوە و لەبەرکردنەوەی قورئانەوە بەسەر ئەبرد، کاتی خۆی قورئانێکی زۆرم لەبەر بوو، بەڵام لە بیرم چووبووەوە، ئەوە هەلێکی باش بوو، بۆ لە بەرکردنەوەی، سووپاس بۆخوا قورئانێکی زۆر، بەڵکو هەموو ئەوانەم لەبەر کردەوە کە پێشتر لەبەرم بوو.

## حاکمی تەحقیق:

لەرۆژی هەینی 4/10/ 87 دا بوو قوفڵەکانیان کردەوە، و گوتیان: یەڵلا عەینەکیان کردە چاوم و ئەمنێك دەستی راکێشام و بەجادەی بەردەم ژوورە تەنیاییەکاندا رۆیشتین، تا گەیشتینە فولکەیەکی بچووك، لەوێشەوە رۆیشتین تاگەیشتینە بەردەم ماڵێك کە لەسەر شێوەی رۆژئاوا دروست کرابوو، رۆیشتینە ژوورێ، منیش هەروەك گوتم: عەینەکێ رەش کوێرم لەچاودابوو، کراسێکی ئاودامان (دزداشەیەك)م لەبەرابوو، دەستێکم بە گۆچانەکەوە بوو، دەستەکەی تریشم بەدەست ئەمنەکەوە بوو، خانووەکەش لەسەر کورسی بوو،

واتە: دوو، سێپلە لەحەوشەکە بەرزتر بوو،  یەکێك لە هەیوانەکەدا وەستا بوو، گوتی: ها ناوت چییە؟

گوتم: حەسەن.

گوتی: باوکت؟

گوتم: موحەممەد ئەمین.

گوتی: پێنجوێنی؟

گوتم: بەڵێ.

ئالەویادا لەدڵی خۆمدا گوتم: ئای پێنجوێنی!!چۆن لێم بوویت بە سێبەر ولێم نابیتەوە؟! ئەوەند باست کراوە بەو لەقەبەدا دەتناسنەوە!! لەوکاتەدا پێم هەڵکەوت، چورتمێکم دا، وەخت بوو بکەوم. ئەوەی پرسیارەکەی لێکردم بەزەیی پیاما هاتەوە، و بە عەرەبی گوتی: گوناحە! چاوی بکەرەوە!!

ئەمنەکەش عەینەکەکەی لەسەر چاوم لابرد، دیتم کابرایەکی تێك سمڕاوی، بالاّ ناوەندی، سمێڵ پانی، ناوچاوتاڵ بوو، گوتی: بیبەرە ژوورەوە، ئەمنەکە پەلی گرتم و بردمی بۆ ژوورێك، پێش ئەوەی بچینە ژوورەوە، بەلای راستا ئاوڕم دایەوە سێ ئافرەتی سەرپۆش بەسەرم بینی دانیشتبوون!! دڵم داچڵەکی،

وا حاڵی بووم ئەو خوشکانەن کەگیراون، لەواقیعیشدا هەروابوو..

ئینجا بردمیانە ژوورێکەوە مامۆستا حەسەن شەمێرانی و عەلی ئیحسان و پێنج کەسی تریشی تیا بوو. لەتەك کاك حەسەندا ئەملاو لای یەکترمان ماچ کرد و ویستمان هەندێ قسە بکەین، ئەمنەکان تێیان گورماندین کە بێدەنگ بین ، و پێکەوە قسە نەکەین، ئیتر مەگەر بەچپە، دەنا نەمان دەتوانی قسەبکەین..

گوتم: ئەو سمێل پانە لە ئەفسەر دەچوو تۆ ئەیناسیت؟

گوتی: ئەوە ناوی ماجیدە، و پێی ئەڵێن: ئەبو دیرع، ئەو تەحقیقی لەمن کرد، زۆر لەتەکما باش بوو، تەنیا جنێوێکی نەدامێ، یا تفێکی لێ نەکردم!!

گوتم: سوپاس بۆخوا، ئەمەی تۆ پێی دەڵێن: ماجید، و ئەوەی منیش پێی دەڵێن: ماجید، هەردویکیان ناوێکیان هەیە، بەڵام تەنیا خوایان یەکێکە. پاشان لەدڵی خۆیشمدا گوتم: جنێو و تف بۆ ئەوەیە کاتێ ئینسان ئیعتیراف نەکات، دەنا ئەگەر ئیعتیراف بکەیت، نە لێت ئەدەن، و نەقسەت پێ دەڵێن، و نە

تفیشت تێ دەکەن، تۆیش ئیعترافت کردووە، من ئیعتیرافم نەدەکرد بۆیە قسەی پێ دەگوتم، بۆیە تفی لێ دەکردم!! دەنا هەر یەك کانزان..

ئەم ژوورە ژووری چاوە ڕوانی بوو، پاش ماوەیەك بانگ کرام بۆ لای حاکمی تەحقیق، ئیفادەو قسەکانی منی لەبەردەستا بوو، رووی تێکردم و گوتی: ئەمە ئەو قسانەیە تۆ کردووتە؟

گوتم: من قسەم کردووە، و وەڵامی پرسیاری ئەفسەرەکەم داوەتەوە، بەڵام نازانم ئەوە قسەی منە یان نە؟! چونکە ئەوەی ئەو نووسیویەتی نەبۆی خوێندومەتەوە، و نە هیشتوویەتی خۆم بیخوێنمەوە، و بەزۆر ئیمزایشی پێی کردووم. ئیتر نازانم چی نووسیوە؟!

حاکم گوتی: تۆ حەسەن پێنجوێنیت؟ گوتم: بەڵێ.

گوتی: خوێندنی سەرەتایت لەشارەکەی خۆت تەواو کردووە، و ناوەندی ودوا ناوەندیشت لە سلێمانی؟

گوتم: بەڵێ.

گوتی: لیسانست لە زانکۆی بەغدا وەرگرتووە، و کۆلیجی شەریعەت تەواو کردووە؟!

گوتم: بەڵێ.

گوتی: لەناوچەی پشدەر مامۆستای قوتابخانەی ناوەندی بوویت؟

گوتم: بەڵێ.

گوتی: هەر قسەکانی خۆتی نووسیوە، و پاش ماوەیەك گوتی: بڕۆ دەرەوە..

کەهاتمە دەرەوە ئەبوو دیرع بە ئەمنێکی گوت: بیبەرەوە بۆ جێگەکەی خۆی.. و هێنامیانەوە بۆ زیندانە تایبەتییەکەی خۆم!!

## دواین رۆژی تەنیایی:

لەرۆژی چوار شەممەی بیست و دووی مانگی چواری هەشتاو حەوتا، واتە: دوو مانگی تەواو بەسەر مانەوەم لە بەغدادا، تەقەی قوفڵەکان هات، دەرگاکە کرایەوە، ئەبو دیرع و مەجید و ئەمنێکی نەناسراو بوون، کامێرەیەکی فلاشیان پێ بوو، ئەبو دیرع گوتی: بوەستە باوێنەیەکت بگرین، منیش دەم بەبزە و لێو بەخەندە وەستام، و وێنەیەکیان گرتم، ئینجا ئەبودیرع گوتی: ئەوە لەم ژوورەدا هەر بەتەنیایت؟

گوتم: بەڵی.

ئەڵبەت بە تووڕەییەوە رووی کردە مەجیدی ئەمن و گوتی: چۆن تەنیایە؟ کێ گوتی: بە تەنیا دای بنێن؟ بە زویرییەوە لەتەك مەجیدا قسەی دەکرد!!

ئەمنەکەش گوتی: گەورەم! ئێمە فەرمانمان پێکراوە!!

گوتم: بۆ زیادە ئاگاداریت، ئەوە پەنجاو هەشت رۆژی تەواوە من بەتەنیام! دوو رۆژیش حاجی رەشید لەتەکما بوو، ئەوە شەست رۆژی تەواوە لێرەم..

گوتی: یەعنی ئەوە دوومانگی تەواوە بەتەنیا لێرەدایت؟! چۆن شتی وا دەبی؟

گوتم: وەڵلا بووە، خوا هەق بسێنێ.. وام داناوە لە ئەشکەوتا چلە دەکێشم!! بەڵام جیاوازیم لەگەڵ چلە کێشاندا ئەوەیە:

1-ئەوان تەنیاچل رۆژ لەوتەنیاییەدا دەمێننەوە، بەڵام من شەست رۆژ ماومەتەوە!

2- ئەوان بە خۆشی خۆیان وبەویستی خۆیان دەڕۆنە ئەشکەوتەوە، و من بەزۆر هێنراوم!!

من وەك تاكتیكێك دەهاتە پێش چاوم تا حەقیقەتێك، بەڵام لە ڕواڵەتا ئاوای پیشان دا..

گوتی: یەڵلا بۆ دەرەوە.. بڕۆرە ژوورەكەی دكتۆرەوە!! ئای لەدڵەوە چەندم پێ خۆش بوو!! بەڵام لە ڕواڵەتدا وام پیشان نەدا و گوتم: ناڕۆمە لای دكتۆر!!

گوتی: نابێ دەبێ بچیتە ئەو ژوورە..

گوتم: ئاخر پێم خۆش نییە بڕۆمە لای دكتۆر!! بم نێرە ژوورەكەی حەسەن شەمێرانی..

گوتی: ژوورەكەی حەسەن خەڵكی زۆری تیایە، بڕۆ بۆ لای دكتۆر..

ئیتر ڕۆیشتمە ژوورەكەی دكتۆر، دیتم سێكەسن: دكتۆر عیسام و موحەممەد سامەڕائی(م. س)، و زەكەرییا ی سووری(ز. س). دكتۆر وموحەممەد ئەملاولایان ماچ كردم، بەڵام كوڕە سورياییەكە تەنیا تەوقەی لەتەكا كردم!!

## ژووری بیست و یەك:

هاوەڵەكانی ژووری بیست ویەك لێیان پرسیم: چەند ڕۆژ تەنیا بوویت؟

گوتم: بلێن: چەند مانگە؟! دوو مانگی تەواوە بەتەنیام!!

زس گوتی: چۆن توانیوتە خۆت بگری؟

گوتم: برام! واقیعێکە و تێیکەوتووین!، ئەگەر ئینسان خۆی بۆ نەگیرێ دەبێ یا شێت ببێت، یا خۆی بکوژێت، شێتی رووخان دەنوێنێ، و خۆکوشتنیش جەزاکەی ئاگری جەهەننەمە!! دەی بۆ خۆ رزگارکردن لە نارەحەتییەکی کۆتاییدار ماقووڵ نییە ئینسان خۆی بخاتە ناو ئازار و سزای هەمیشەیی‌دۆزەخەوە!!

گوتی: نا، نا من هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نیم ئینسان خۆی بکوژێ..

گوتم: ئەی تۆ چەند بەتەنیایی مایتەوە؟

گوتی: من وام ئەزانی، کەس لەمن زیاتر بەتەنیایی نەماوەتەوە!! کەچی تۆ لەمن زیاتر ماویتەوە!! گوتی: من چل و دوو رۆژ بەتەنیایی مامەوە، بەڵام وەخت بوو دیق بکەم، و شێت ببم!! لەسەری چل هەمین رۆژا وازم لەخواردن هێنا، هەر خواردنێکیان بۆ دەهێنام وەرم نەدەگرت و دەمگوت: ناخۆم!!

هەڕەشەو گوڕەشەی زۆریان لێ دەکردم ودەیان گوت: چۆن دەتوانی واز لەخواردن بێنیت و مان بگریت؟! نازانی مان گرتن لەزیندانا قەدەغەیە و بەتاوانێکی گەورە دا دەنرێت، و حوکمەکەی هەڵواسین و کوشتنە و هەرکەس کاری وا بکات چاوپۆشی لێ ناکرێت؟!

گوتی: منیش پێم گوتن: ئەگەر سزای تاوانم کوشتنە بم کوژن، خۆ ئەگەر وایش نییە، بەتەنیا دام مەنێن! چونکە ئیتر توانای خۆ گرتنم نەماوە، بۆیە مانیشم گرتووە تا بم کوژن، و لەم تەنیاییە رزگارم بێ!!

بۆ سبەینێ ئەبودیرع هات وگوتی: بەشەرەف سبەینێ دەتگوێزینەوە دە ئیتر نانەکەت بخۆ، منیش لای ئەو گوتم: باشە، بەڵام ئەو رۆژەش نانم نەخوارد، ئیتر بۆ رۆژی دوایی هێنامیان بۆ ئێرە. زۆرم پێ سەیرە چۆن تۆ ئیدارەت کردووە؟! چۆن توانیوتە بژیت؟!

گوتم: منیش زۆر نارەحەت بووم بەڵام کەدەسەڵات نەبوو چارچییە؟ دەبێ ئینسان خۆی بگرێ، ئینجا هەرکاتێکیش زۆر بێتاقەت ببومایە بەدەنگی بەرز قورئانم دەخوێند، و

بەوجۆرە خەمی دڵی خۆم بەبا دەدا، لەوکاتەشدا کەمێك قورئانم خوێند.

گوتی: ئەمە تۆ بووی بەدەنگی خەمبارەوە ئەو قورئانەت دەخوێند؟!

گوتم: بەڵێ..

گوتی: ناوبەناو ئەم دەنگە حەزینەم دەبیست، هەموو گیانم دەکرد بە گوێ و دڵم زۆر پێی دەکرایەوە..

گوتم: سوپاس بۆ خوا..

## لەگەڵ دکتۆر عیسامدا:

ڕۆژێك لە دکتۆرم پرسی: ئەرێ دکتۆر خۆ من لەتەکتانا نەبووم، بۆچ ناوی منت هێنا؟ تۆ بۆ لەخوا نەترسایت؟ ئاخر دەزانی چەندە ئازاری لاشەیی و دەروونیم پێ چێژراوە؟ ماڵ ومنداڵم چەند نارەحەت بوون؟!

گوتی: کاکە گیان! باوەڕت هەبێ زۆر بەسادەیی ناوی تۆم هێناوە، بەڵام یەك شت هەیە دەبێ بیزانیت، ئەوەش تاوانی منی تیا نەبووە!!

**گوتم: چۆن؟**

**گوتی: كاتی خۆی من لەهەولێر بووم، مەلا ..... و مەلا ..... و مەلا ..... هاتن بۆ ماڵمان، ئەمانە دەزانی كێ هێنابوونی بۆ ماڵمان؟**

**گوتم: نەوەڵڵا..**

**گوتی: جەنابی دكتۆر ب.... هێنابوونی.. هاتنە ماڵەوە و دانیشتن، پاش ماوەیەك د..... گوتی: من كەمێ كارم هەیە، دەبێ بڕۆم، منیش هەستام و خوا حافیزیم كرد، لەدالأنەكەدا لێی توورە بووم وگوتم: تۆ لەخوا نەترسایت؟ بۆچ كاری وات كرد؟ بۆچ ئەم پیاوانەت بۆ ماڵی ئێمە هێنا؟ خۆهیچیان ماڵی ئێمەیان نەدەزانی؟!**

**ئەویش گوتی: بەخوا، بەقورئان خۆیان زانیویانە و بەزۆریش منیان هێناوە!!**

**گوتم: تازە هەرچی بڵێم بێ سوودە، لەپاش باران كەپەنك.. چیت پێ بڵێم؟ ئیتر ئەو ڕۆیشت و منیش گەڕامەوە بۆ لای سێ كەسەكەی تر.. ئەم سێ كەسە بەحساب بۆ ئەوە هاتبوون كەمن لەرێكخراوەی پەیوەندی زانایان(رابطة العلماء)دا ببمە**

هاوكاريان. هەرچيم زانى پێم گوتن، ئامۆژگارييەكى زۆرم كردن، بۆ نموونه گوتم: بنيادەم ئەگەر بييەوێ كارێ بكات پێويستە سەر بەخۆيى خۆى تيا بپارێزێ، چونكە يارمەتى وەرگرتنى بێ قەيد وشەرت، چاولەبەرى بەشوێنەوەيە، و دەبێتە هۆى جلەو لەدەست دان، و نەهێشتنى سەربەخۆيى..

هەروەها پێم گوتن: ئەزموون و تاقيكارى سەلماندوويەتى: ئەوەى ئێوە پشتى پێ دەبەستن، شياوى پشت پێ بەستن نييە!! چونكە خەڵكى تر پێش ئێوە تا توانى يارمەتى دان، بەلاَم ئەوان غەدريان لێ كرد، دڵنيابن ئەو غەدرەش لە ئێوە دەكات، پێغەممەر صلى الله عليه وسلم فەرموويەتى: ئيماندار لەكونێكا دوو جار ناگەزرێ. ([29]).

پێم گوتن: من وەك تاكە موسڵمانێك ئەم ئامۆژگارييەتان دەكەم. (م، ش) گوتى: كاكەگيان! تۆ تەنيا نيت، و بەڵكو لە كۆمەڵدا دەژيت و كۆمەڵێكى رێك و پێكيشت هەيە، بۆچى نازانين تۆ دێيت بۆ سليمانى ودەچيتە ماڵ برهان محمد أمين، و حسن پێنجوێنييەوە؟! ئێمە دەمانەوێ وەك كۆمەڵ لەگەڵمانا بن!!

---

[29]- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ عَنِ النَّبِيِّ صلى الله عليه وسلم أَنَّهُ قَالَ" لا يُلْدَغُ الْمُؤْمِنُ مِنْ جُحْرٍ وَاحِدٍ مَرَّتَيْنِ" أخرجه البخاري في كتاب الأدب برقم: 5668.

گوتی: منیش پێم گوتن: بڕواتان هەبێ من کۆمەڵم نییە، و هیچ پەیوەندییەکی رامیاریشم بەحەسەن پێنجوێنییەوە نییە، ئەو پیاوە کاتی خۆی لە زانکۆدا قوتابی باوکم بووە، و خۆشی ویستووە، بیستبووی نەخۆشەو لەجێگەدا کەوتووە منی راسپارد تا لەبیاتی خۆی سەردانی بکەم، چوونی من بۆلای ئەو تەنیا ئاوەها بووە.. بەهەرحاڵ ئێمە لە قسەکانمانا یەك نەکەوتین و ئامۆژگارییەکانی منیان بەدڵ نەبوو، ئیتر هەستان و رۆیشتن.

# # #

رۆژگار هات وچوو، بیستم ئەو برایانەی بەغدا گیراون، هەندێ کاری پێویستم هەبوو، ویستم جێبەجێیان بکەم و پاشان بۆی دەر بچم، بەلاّم من فریا نەکەوتم و لەناو زانکۆدا گیرام..

کاتێ هێنامیان بۆ بەغدا فایلەکەی خۆمیان پیشاندام، فایلەکەم قەبە و قەڵەو بوو، گوزارشی زۆری تیا بوو، دوو یا سێ شریتی تەسجیلی پێوە چەسپ کرابوو، لە سەرەتاوە هەرچییان لێ دەپرسیم ئینکارم دەکرد، وخۆم وا پیشان دەدا کە ئاگام لە هیچ جۆرە شتێك نییە..

لەئەنجامدا لێدانێکی زۆرم خوارد و ئازارێکی باش درام، و پاشان گوتیان: ئێمە دەزانین خێزاەکەت نۆ لەسەر دەی ئیش و کارت دەزانێ، ئەگەر راستمان پێ نەڵێیت خێزانەکەت دێنین!! لە ژوورەکەیشا گوێم لە زریکەی چەند ئافرەتێکەوەبوو کە گیرابوون، دە رۆژ لەوە پێشیش رووداوێکی دڵتەزێنم بیستبوو.. زۆر پێی نارەحەت بووم..

## درندەکانی مێژوو:

گوتم: ئەو رووداوە چی بوو؟

گوتی: خوشکێکی دکتۆرە بۆی گێڕامەوە و گوتی: شەوێك ئافرەتێکیان هێنا نیشانەی ژنیەتی و دەزگای جینسی تێك چووبوو، و بەتەواوی پەکی کەوتبوو!! منیش خەفەر بووم دەرمانم دەکرد، پێم گوت: ئێوە هەروەك لەخوا ناترسن و ئەم کارە پیسە ئەنجام دەدەن، بۆ بەزەییتان بەخۆتاندا نایەتەوە و ئاوەها خۆتان کەساس وکەنەفت دەکەن؟!

ئەویش پێی گوتم: بۆچ تۆ وادەزانی من خۆ فرۆشم؟! خوشکی باش! منیش وەك تۆ دکتۆرەم و وەك تۆیش موسڵمانم و وەك تۆیش لەچك بەسەرم، بەڵام بە تۆمەتی ئەوە کە لەحیزبی

دەعوەدام گیراوم، و داوایان لێکردووم شت بڵێم، و ناوی خەڵکی بڵێم، و کەسانێکی بێ گوناح تووش بکەم، منیش بوختانم بۆ خۆم نەکردووە و کەسی بێ گوناحیشم تووش نەکردووە، لەسەر ئەوە پانزە حەیتەی بەعسییان کردۆتە لام و ئاوایان لێکردم کە دەیبینی!!خوا هەقم لە بەعس بسێنێ، وەڵلاهی خوشکم من داوێن پیس نیم و لەسەر ئەوە وام لێکراوە کە موسڵمانم..

# # #

دکتۆر گوتی: کە هەڕەشەیان لێکردم و گوتیان ژنەکەت دێنین، ئەو رووداوەم بیر کەوتەوە!! فایلەکەشیان بۆ هێنام و هەڵیان دایەوە و نەوارەکانی پێوە چەسپ کرابوو، زیاد لەوە لا پەڕەیەکیان پیشان دام، کە بەعەرەبی نووسرابوو: بۆ ئاگاداری کەسێك هەیە بەناوی دکتۆر (عصام کاظم فاضل الراوی) ئەڵقەی پێك گەیشتنی رێکخراوی ناوچەی باکوور و ناوەڕاستە، ئەڵبەت پارچە کاغەزێکیان لەسەرو خواری لاپەڕکە دابوو تا چاوگەی راپۆرتەکە نەزانم..

پاش ئەوە لەنیوان من و ئەوسێ کەسەدا چی رووی دابوو هەموویان بۆ باس کردم..

ماڵە فورسان(جاش)ێك لەنزیکی ماڵەکەمانەوە بوو، کاتێ ئەو سێ کەسە هاتوون بۆ ماڵ ئێمە ئەمنەکان خۆیان لەوماڵەدا حەشارداوە، و چی قسەکرابوو، بەدەزگایەك کەبەیەکێکیان بووە گەیەنراوە بەو تەسجیلەی کەئەمنەکان لەوماڵەدا تەسجیلیان کردبوو، لەوەپێش حەرەسەکانی ئەو ماڵە جاشە رێزیان لێ دەگرتین، بەڵام لەدوای ئەو رۆژەوە وەك دوژمن سەیریان دەکردین!! من نەم دەزانی بۆچ وا گۆڕاون؟! تمەز لەبەر ئەو مەسەلەیە بووە. هەروەها یەکێ لە ئەفسەرەکانی ئەمن پێی گوتم: ئەو رۆژەی تۆ لەگەڵ میوانەکانی سلێمانیتدا هاتن بۆ ماڵ دکتۆر (......) ئەوە من بووم کە بەدزداشەکەوە لەبەرامبەر ماڵیانەوە وەستابووم.

هەروەها لەئەمن پێیان گوتم: ئێمە هەموو هەڵس و کەوتێکی تۆ شارەزاین و ئاگامان لێیەتی، جا تۆیش خۆت بەکوشت مەدە و کارێکی وا مەکە خێزانت بێنین، کاتێ هێنامان تۆیش وەك سەببار دەست بەگریان دەکەیت و هەموو شتێ دەڵێیت!!

دکتۆر گوتی: کەباسی ئەو دانیشتنەیان بەتەواوی بۆ گێڕامەوە، وامزانی هەموو شتێ دەزانن و مل بادان لێی

**بێسوود و بێ هوودەیە، بۆیە پێم گوتن: چی بزانم پێتان دەڵێم..**

**ئالەو ناوەدا ناوی تۆیان لێ پرسیم و گوتیان: ئەم حەسەن پێنجوێنییە کێیە؟**

**منیش پێم گوتن: ئەوی راستی بێ ئەم پیاوە سەر بەخۆیە، و تا ئێستا چەند جار بەهۆی کوڕێکی پێنجوێنییەوە بەناوی ئەحمەد عەبدولوەهاب مەجیدەوە رۆیشتووم بۆلای، بەلاّم ئەو رازی نەبووە لەگەڵ کۆمەڵی ئێمەدا تێکەڵ ببێ..**

**باوەڕت هەبێ لەمە زیاتر هیچم نەگوتوە([30])، بەلاّم چۆن خێرا تۆیان گرت و هێنایتیان؟! بۆچ لەناو قسەکاندا زیاتر لە دەجار ناوی دکتۆر (......)م هێناوە کەچی ئەویان نەهێنا؟! وا دیارە تۆ راپۆرتی ترت لەسەر بووبێ!!**

**گوتم: وەڵلا تا ئەو رۆژەش کە گیرام نەم دەزانی کە ئەمنی سلێمانی لەبارەی منەوە هیچ نازانێ، چونکە لە ئەمنی سلێمانیدا من فایلم نەبوو..**

---

**30- لەبەر من ئەم قسەیەی کرد، دەنا هەروەك لەمەولا باسی دەکەین، شتی مەترسیدار تری گوتبو، وەك ئەوە کە (حسن پێنجوێنی)، گورزی دەستەراستی صەلاحە و( برهان م أ) یش گورزی دەستە چەپیەتی !!**

گوتم: دکتۆر خۆ لەراستیدا من لەتەکتانا نەبووم، و لەرێکخراوی ئێوەدا نەبووم، ئێوەش چەند جار هەوڵتان دا و من بەڵێنم نەدانێ.. پێویستی نەدەکرد بەو دریژییە تۆ هەموو شت بڵێیت و بنووسی!!

گوتی: ئێمەش گوتومانە: چەند جار داوامان لێکردووە لەگەڵ کۆمەڵی ئێمەدا کار بکات بەلاَم نەیکردووە ([31]) و نەهاتۆتە ریزمانەوە!!

## تیاچوونی دە برام پێچاترە لە...:

شەوێکی تر پێکەوە دانیشتبووین پێکەوە و باس هات بەباسدا، و پێم گوت: ئێمە وامان دەزانی تۆ ئەندامێکی سەرکردایەتیت، لەبەر ئەوە چاوەڕوانی ئەوەت لێ نەدەکرا کە هەرگیز ئەو هەموو نهێنیانە بدرکێنیت!! چەند باسێکی زیندانی ئەمنی سلێمانیم بۆگێڕایەوە، و گوتم: زۆر حەیف بوو بۆ تۆ کە ئەو هەموو خەڵکەت تووش کرد!!

---

31- بەلاَم شتی خراپتری گوتبوو، گوتبووی: ئەمانە لەبەر ئەوەی فیکری ناوچەیی و قەومایەتیان هەبوو، رازی نەبوون لە گەڵ ئێمەدا بن، دەیانویست رێکخراوی ناوچەیی سەر بەخۆیان هەبێ.

ئەویش ئەو قسانەی منی پێ ناخۆش بوو، زۆر پێی تێکچوو، بەڵکو بەتەواوی ئێشی پێ گەیشت!! و گوتی: کە منیان هێنا بۆ ئەمنی (مدينة الثورة) کوڕێکم دی کوژرا بوو، بەتەواوی وامزانی موحەممەد سامەڕائییە، لەدڵی خۆمدا گوتم: کەمادام ئەو شەهید کرابێ هەرچی شت هەیە دەیکەمە ملی ئەو، با ئەو خوشکانەشمان ئازار نەدرێن، و بەر پەلامار و هەڵمەتی ئەو بێ غیرەتانە نەکەون، ئەگەر دەبرایش شەهید بکرێ هێشتا ئەوەم پێ چاترە تا ئابڕوو تکاندنی خوشکێ، ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی ترەوە ئەفسەری لێکۆڵەر بە ئازاردان و ئابڕوبردنی خوشکان هەڕەشەی لێ دەکردم!!

گوتم: ویستوویەتی خاڵی لاوازیت بدۆزێتەوە، لەوانەیە هەر تەنیا بۆ هەڕەشە بووبێت، تا تۆی پێ بترسێنێت!!

گوتی: نەوەڵلا، لەکانگای دڵیەوە دەهاتە دەر، چونکە خۆم گوێم لە زریکەی چەند خوشکێکەوە بوو کە ئازار و ئەشکەنجە دەدران.. هەروەها ئەو ئەفسەرەی بۆ پرسیار کردن لەمن دانرابوو، پێی گوتم: تۆیش وەك حاجی سەبباری سامەرائی مەکە، دوو رۆژ هەڵمان واسی، و کارەبامان لێدا، و کێبڵ کاریمان کرد، هەر دەیگوت: ئاگام لەهیچ نییە.. تا

خێزانەکەیمان هێنا و دەستمان دایە کراسەکەی رووتی بکەینەوە، وەك ژن دەستی بەگریان کرد!! و گوتی: واز لە ژنەکەم بێنن، چیتان دەوێت پێتان دەڵێم!!

ئەفسەرەکە پێی گوتم: تۆیش وەك ئەو مەکە، با خێزانەکەت نەهێنین، چونکە دەزانین خێزانەکەت نۆ بەش لەدەبەشی کارەکانت دەزانێ و ئاگای لێیەتی!!

منیش گوتم: ئەوخوشکانەی سوریا لەزیندانەکانی حافز ئەسەدا دەستدرێژیان کرایە سەر و هەندێکیان سکیان پڕ بوو، ئایا لای تۆ ئەوانە بەداوێن پیس و بێ نرخ دادەنرێن؟! لە شەرعی خوادا کاتێ ئافرەت تاوانبارە کە بەئارزوی خۆی گوناح بکات، بەڵام کاتێ بە زۆر پێیان کرد، هیچ تاوانێکی نییەو لەگوڵ کاڵتری پێ ناگوترێ.. هەرچەند شتی وا لەتوانا بەدەرە ، بەڵام ئینسان دەبێ بیخاتە پێشچاوی ئایا لەبەر ئەوەی ئافرەتێ دەست درێژی نەکرێتە سەر سەد خانەوادە سەرگەردان بکرێ؟! لە فیقهی ئیسلامیدا گیان لەپێش نامووسەوەیە، واتە: ئەگەر کابرایەك زۆریان لێکرد و گوتیان: ئەگەر لەگەڵ ئەو ئافرەتەدا زینا نەکەیت دەتکوژین، و لێیشی روون بوو دەیکوژن زیناکە دەکات و هیچ گوناهیشی ناگات!

بەڵام ئەگەر گوتیان: ئەو پیاوە نەکوژی دەتکوژین، نابێ بیکوژێ، چونکە چ جیاوازییەکی هەیە ئەم بکوژرێ یا ئەو؟!

من پێم وایە لەم جۆرە جێگایانەدا بەرژەوەندی کۆمەڵ لەپێشترە تا تەنیا کەسێك، و قبووڵکردن ونەکردنی هەرشتێ دەبێ لە روانگەی شەرعەوە بێ، هیچ موسڵمانێ ناتوانێ قبووڵی بکات: پیاوێکی نامەحرەم بەچاوی خیانەتەوە تەنانەت بۆ کچەکەی یا خوشکەکەی بڕوانێ، بەڵام کاتێ نیکاحی دەکات مناڵیشی لێی دەبێ هیچ پێی نا رەحەت نییە، بۆچ؟ چونکە بەپێی شەرع گوناهبار نابێ، راستە ئێمە پێمان ناخۆشە زوڵممان لێدەکرێ، بەڵام لەم لاکەی تریانەوە سەیر بکەین، ئایا ئەو ئافرەتە موسڵمانە لە کاتی دەست دریژیکردنا لەو حاڵەتانەدا هیچ گوناهبار دەبێ؟! ئەگەر گوناهبار بوو، قبووڵ نەکرێ، بەڵام ئەگەر گوناهبار نەبوو، کە گوناهباریش نابێ، و لەنەزەری شەرعەوە پاك و بەحورمەتە، ئیتر بۆ کارێك بکەین سەدان ناموسی تر بکەونە مەترسیەوە؟ دەبێ هەرکەس لە ئێمە پێش ئەوەی بڕواتە هەر رێکخراوەیەکەوە، ئەم مەسەلانە لە خۆی بپرسێ، تا لەکاتی تەنگانەدا ئەم گۆبەندەی بۆ دروست نەبێ.

زەکەریا گوتی: وەڵلا دروستە، و قسەیەکی تەواوە..بەڵام دکتۆر هەر نەی سەلماند..

## برا کوژراوەکان:

گوتم: ئەو برایانە چۆن کوژران و کێ بوون؟

گوتی: لەنزیك باقوبەدا حاجی سەببار باخێکی هەبوو، موحەممەد سامەڕاییش سەرمایەی دابویێ، تا ئەو برایانەی لەسەربازی هەڵدێن ورادەکەن، لەوێ بحەوێنەوە، و لەکێڵگەکەشدا کار بکەن، کێڵگەکە رێك وپێك کرابوو، درەختی باشی تیا نێژرابوو، کشت وکاڵێکی تیا کرابوو، هەنگیشی تیا پەروەردە دەکرا، خانوویەکی خۆشکیلەی تیا دروست کرابوو..

برادەرێك بەناوی موحەممەد زیا(محمد ضياء الدين) دە دوانزە چەکی دەست کەوتبوو، لەگەڵ سەد قومبەڵەی دەستیدا، لەو کێڵگەیەدا شار دبوونیەوە، - ئەگەر بڵێیت وەڵلاهی کاتی خۆی پێم گوت: بابەگیان! پیاوی چاکبە، ئەوچەك و قومبەلانە لەناو ببە، چونکە ئێمە ناتوانین هیچ سوودێکیان لێ وەربگرین، بەدە چەکەوە بەرامبەر

بەحکۆمەتێکی تا دندان پرلەچەك چیمان پێدەکرێ؟ لەناویان ببە، بەلاّم بە گوێی نەکردم، تا ئاوەهای لێهات!!

گوتم: بەراستی قسەکەت بە جێ بووە!!

گوتی: کە ئەوکێڵگەیە باسکرا و پێی زانرا، تەنیا دوو برای تیا مابوو، کە چووبوونە سەریان خۆیان بەدەستەوە نەدابوو، تەقەیان کردبو، تا توانیبوویان شەڕیان کردبوو، نا زانم چەند ئەمنیان کوشتبوو، بەلاّم هەردووکیان شەهید کرابوون..خوا گیانیان بەبەهەشت شاد بکات.

گوتم: ئەوباخە چۆن دۆزرایەوە؟

گوتی: پاش ئەوە کە حاجی سەببار لەسەر ئەو هەموو ئەشکەنجەیە خۆیگرت، و پاشان خێزانیان هێنابوو ئیعتیرافی کردبوو، باسی ئەو باخەیشی کردبوو.

گوتم: چیت کردە ئەستۆی موحەممەد سامەڕائی؟

گوتی: هەرچی شت هەیە. وەك ئەوە کە لێپرسراوی بەشی ئابووری وراگەیاندنە، و ئەندامی بەشی بەڕێوە بەرایەتیشە، زۆر بەگەرمی باسی (سەعد زەکی)یان لێ دەپرسیم.. منیش گوتم: بابە! ئەو پیاوە هەر لەعیراقدا نەماوە، گوتیان: دەزانین

**ڕۆیشتووه بۆ ئێران، و هاتۆتەوه بۆ عێراق، بەڵام هەر لەناو عێراقدایه و دەبێ پێمان بڵێیت لەکوێیه؟**

**پێم گوتن: وەڵلاهی موحەممەد سامەڕائی بەکوڕێکی سووریدا ناردی بۆ ئەردەن([32]). و ئەمانەم هەموو کرده ئەستۆی موحەممەد سامەڕائییەوه..**

## زەکەریای سووریایی:

**کوڕه سوورییەکه ئەوه بوو که له ژوورەکەی خۆماندا بوو، ئیتر رووم کرده زەکەرییا و گوتم: ئەی برا! تۆ چۆن گیرایت؟**

**گوتی: من لەعەممان بووم، لەمەکتەبی شۆڕشگێڕانی سووریایی له بەغداوه، تەلەفونم بۆ کراو گوتیان: وەره بۆ بەغدا..**

**منیش گوتم: بۆچی؟**

**گوتیان: کارمان هەیه..**

**گوتم: خۆ (ئەمن و ئیستیخبارات) داوایان نەکردووم؟!**

---

32- پێم گوت: بۆچ ئەم تاوانانەت کرده ئەستۆی محمد سامەڕاییەوه؟ گوتی بۆیه هەمووشتێکم کرده ئەستۆی ئەو چونکه وامزانی ئەو کوژراوه، که ئەویش کوژرابێ ئیتر سەری دەزووەکه دەر ناکەوێت..

گوتیان: نەخێر، خۆمان کارمان پێتە!!

گوتی: منیش بەپەلە هاتمەوە، لەگەڵ گەیشتمە بەغدا بۆ هیچ شوێنێکی تر لام نەدا، یەکسەر رۆیشتم بۆ مەکتەب، لەخۆمەوە خورپەیەك کەوتە دڵمەوە، واهات بەخەیاڵمدا شتێك هەیە، هەر لەدەرگای مەکتەب هاتمە دەرەوە، باڵیان گرتم، وبەرەو ئیستیخبارات بردمیان..

گوتم: مەکتەبەکەتان لەبەغدادا بریتییە لەچی؟

گوتی: ئێمە موسڵمانانی سووریا دەستەی سەعید حەووایین، لەدەست زوڵم و زۆری حافز ئەسەد هەڵهاتووین، باوکم و دووبرام لەشاری حەمما شەهید کراون، دایکم لە شاری عەممان عەمری خوایکرد، خوشکێکم لە بەغدایە و خوشکێکی ترم لە ئیماراتە، برایەکم وماڵ و منداڵەکەم لە ئەردەنەو شەش سەر خێزانین..

گوتی: ئەم مەکتەبەی بەغدا ئیش وکاری شۆڕشگێران هەڵ دەسووڕێنێ، چەك و زەخیرە و یارمەتی بەهۆی ئەو مەکتەبەوە بەدەستمان دەگات، وەك قونسولگەرییەك وایە بۆ ئێمە..

ئینجا لەدکتۆرم پرسی: تۆ ناوی ئەم برادەرەت دەزانی؟

گوتی: نەوەڵلا..

گوتم: ئەی بۆچ ناوت برد؟

گوتی: بەناو من ناوم نەبرد، موحەممەدی سامەڕائی ناوی برد بوو!!

گوتم: ئەو سەعد زەکییە کێ بوو وا ئەوەندە بەگەرمی هەواڵیان پرسیوە؟

گوتی: برایەکی زۆر ئازاو زیرەك و لێهاتوو بوو، لەماوەیەکی زۆر کەمدا فێری زمانی کوردی بوو، پاشان ڕۆیشت بۆ ئێران و ماوەیەك لەوێ بوو، فێری زمانی فارسی بوو، ئینجا هاتەوە بۆ عێراق، ڕاپۆرتێکی دوورو درێژی لەبارەی وەزعی ئەهلی سوننەت وجەماعەتی ئێرانەوە نووسی و ڕوونی کردەوە کە: لەو وڵاتەدا چەند زەلیل و مەزڵوومن!!و وەزعیان چەند خراپە!!

لەبەر ئەوە کە نەیدەویست بگەڕێتەوە بۆ ئێران ولە عیراقیشدا قاچاخ بوو، م س گوتی: من کوڕێکی سوریایی

دەناسم بەڵكو ئەو بۆمان ببات بۆ ئەردەن. ئیتر ناردبووی بەڵام چۆنی ناردبو؟ نازانم!!

زەکەریا گوتی: دەوڵەتی عیراق پەساپۆرتی بۆ کردووین، منیش بەناوی برادەرێکەوە پەساپۆرتەکەم تەواو کرد و وێنەیەکی سەعد زەکیم لێدا، و مۆرمان کرد، بەو پەساپۆرتە رۆیشتین و دەرم کرد.. ئالەویادا رووی کردە دکتۆر و گوتی: کاری وا بۆچ دەبێ تۆ بیزانی؟! بۆچ دەبێ شتی وا بەهەندێ کەس بگوترێ؟!

دکتۆریش گوتی: ئاخر شوێن وجێگەی من وابوو دەبوا بم زانییایە، و ئاگام لێ بوایە!! ئیتر زەکەریا زۆر خەفەتی پێ دەخوارد و پێی نارەحەت دەبوو..

هەرچەند من زۆر دڵخۆشیم ئەدایەوە، بەڵام تروسکایی نە دەکەوتە دڵیەوە!! شەوانە ئێمە کەم کەم قورئانمان لەبەر ئەکردەوە، بەڵام زەکەریا خەریکی لەبەر کردن نەدەبوو!! پێمان دەگوت: ئەمە هەلەو ئەم هەلە لەکیس خۆت مەدە..

دەیگوت: توانام نییە وبۆم لەبەر ناکرێ..

گوتم: کاك زەکەریا ئێوە بەو پەساپۆرتانەی پێتان بوو نەدەناسرانەوە؟

گوتی: بەناوی خۆمانەوە نەبوو، پەساپۆرتی هەردەستەو کۆمەڵێك لەو پەنابەرە سیاسیانەی لە عیراقدان نمرەو ژمارەیەکی تایبەت بەخۆی لەسەرە، لە فڕۆکەخانەو مەخفەرە سنوورییەکاندا بەو نمرەو ژمارانە دەناسرێنەوە کە ئەمانە عیراقی نین!!

## موحەممەدی سامەڕایی(م،س):

پاش ئەو سەرزەنشتانەی ئێمە، دکتۆر هەستی بەوە دەکرد کە تاوانی کردوە، بۆیە لەبارەی رۆحی و دەروونیەوە وەك خۆی نەما بوو، زۆر زوو تووڕە دەبوو، بەخێرایی ئاگری رقی دادەگیرسا و کڵپەی دەکرد! بەتایبەت لەگەل (م، س) دا، ئەگەر (م، س) بچوکترین قسەی بکردایە و دکتۆر بەدڵی نەبوایە، ئاگری دەگرت و تووڕە دەبوو..

ئەڵبەت لەگەڵ مندا وا نەبوو، منیش زۆر بەزەییم بە(م، س)دا دەهاتەوە، لەبەر ئەوە بەسەر دکتۆرا ئەهاتم، و دەمگوت: ئەوە براتە، عەبدو کۆیلەت نییە!خوا هەڵناگرێ ئاوا لێی تووڕە مەبە!! سەرەڕای ئەوەش پاش هەموو دەمەقاڵە و ناکۆکییەك (م، س) ئەوی ئاشت دەکردەوە، تەنانەت جارێکیان سەری خستە سەر خاك و بەدکتۆری گوت: فەرموو پێی پیا بنێ!!

(م، س)ئەندازیاری میعمار بوو، تا بڵێیت زیرەك بوو، كاری دەوڵەتی نە دەكرد، خۆی قۆنتەراتی دەگرت، كاری ئازادی دەكرد، تا ئەوكاتەی پێكەوە بووین ئەم كوڕە بیست وسێ جزم قورئانی لەبەربوو، فەرموودەیەكی زۆری لەبەر بوو، لەوانەیە بڵێم: هەزار فەرموودەیەكی لەبەر بووبێت، زۆر ئاگای لەفیقهـ بوو، لەوانەیە بڵێم لەهەر چوار مەزەبدا شارەزا بوو!!

ئەو پێش نوێژی بۆ دەكردین، زۆر جار لەشەو نوێژەكانیدا سوورەتی ئەلبەقەرەی تەواو دەكرد، وە لەنوێژی چێشتەنگاودا سوورەتی ئالی عیمرانی لەهەشت ركاتا تەواو دەكرد.. ئێمە هەرگیز وەك ئەومان لێ نەدەهات، هەندێكمان ئەگەر زۆری لەخۆی بكردایە ئینجا سوورەتی ئەحزابی لە چوار ركاتا تەواو دەكرد!!

ئەم كوڕە زۆر خاكی بوو، بۆ نموونە: ئاودەستەكەمان فەخفووری بوو، زۆر چڵكن وچەپەڵ بوو، خۆت دەزانی كە ئاودەست پیس بوو ئینسان دڵ و دەرونی دا دەگیرێ، بۆیە یەكێكمان بەمقەبایەك كڕاندبووی، دیتبووی چڵكەكەی لێ دەبێتەوە، لەبەر ئەوە دەستی كردبوو بەپاككردنەوەی تا تەواو پاكی كردبووەوە، كە برادەران دییان وا سپی كراوەتەوە و

بریکەی لێوە دێ پرسیاریان کرد ئەمە کێ پاکی کردۆتەوە؟ کەس قسەی نەکرد، منیش حیکایەتەکەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی و شاهی نەقشبەندم بۆ گێرانەوە و گوتم: هەرکەسێ بووە ویستوویەتی نەفسی خۆی بشکێنێ..

ئیتر پاش دوو هەفتە کە چلکی پێوە نیشتەوە (م، س) وەك ئاوێنە پاکی کردبوە وە و گوتی: کاکە! منیش وەك ئاوێنەم لێ کردووە، ئینسان حەزدەکات بڕوات لەسەری دابنیشێ!!

بەڵێ،(م، س) ئەوکارەی کرد، ئەوکارەش بەلای دەروونەوە هەروا سووك و ئاسان نییە، لەماوەی ئەو چەند مانگەدا ئیتر کارێکی وا ئەنجام نەدرا!

(م، س)لەبنەماڵەیەکی قەومیدا گەورە ببو، ناو بەناو ئەو مەسەلەیە لە لاشعووریەوە بازرەقەی دەدا و دەهاتە دەر!! هەرچەند لەکاتی ئاساییدا زۆر رقی خۆی لە بەعس و ناسری وهەموو جۆرە قەومی گەرایەك دەر دەبڕی.

ئەم کوڕە باوکی یەکێك بوو لە بەعسیە کۆنەکان و ئەفسەرێکی پایە بەرزی پۆلیس بووە، تا پلەی (لیوا-سەرلەشکر)گەیشتووە، بەڕێوە بەری گشتی پۆلیسی بەغدا

بووە، رۆژێك لە رۆژان پەروەردەی حیزبایەتی سەددامی کردووە و مامۆستای بووە!! هەروەك (م، س) دەیگوت: بەم رژێمە قایل نییە چونکە دەڵێ: رژێمێکی دیکتاتۆرییە نەك رژێمێکی حیزبی!!

## دادگایی کردنمان:

لەماوەی زیندانیماندا سێ جار بردینیان بۆ دادگا: لەسەرەتای تەمموزدا بردینیان بۆ دادگای شۆڕش لەئەبوو غرێب..و لەوێ جارێکی تر دەستیان بەلێکۆڵینەوە کرد لەتەکماندا. بەڵام لەبارەمانەوە هیچ حوکمێکیان دەرنەکرد، وجارێکی تر گەڕاندینیانەوە بۆ زیندان، بەڵام زیندانێکی نوێ کەوەك ئەوەی پێشوو نەبوو. لەوانەیە بڵێم لەهەندێ رووەوە لەو باشتر بوو!! چونکە ئەم زیندانە نوێیە وەك قەفەزێکی ئاسنین وابوو، دەمان توانی لەناو ژوورەکانی ترا یەکتر ببینین، چونکە دیواری ژوورەکان لەئاسن دروستکرابوو، وەك ئەوە زیندانەکە قەفەزێکی ئاسنین بێت ئاوەهابوو!!

## بۆ دووهەمین جار بردینیان بۆدادگا:

لە 16 /07 / 1987دا، جارێکی تر بردینیانەوە بۆ دادگای

شۆڕش لە ئەبوو غرێب.. کاتێك بەرەو دادگایان دەبردین ئەم نەشیدەمان دەگوت:

أخي انت حرٌ وراءَ السدُود أخي انتَ حرٌ بتلك القيــود

إذا كنتَ باللة مُستـــعصما فماذا يضيرُكَ كيدُ العبيد؟!

ماوەی چەند کاژێرێك لەوێ چاوەڕوانیمان کرد، بەڵام لەبەر خەڕۆبوونیان بە دادگایی کردنی کۆمەڵێ زیندانی ترەوە!! نەیانتوانی دادگاییمان بکەن، پاش ئەوە کە زیاتر لە چوار کاژێر چاوەڕوانیمان کرد، جارێکی تر گەڕاندینیانەوە بۆزیندان.. بەڵام ئەم جارەیان بۆ زینزانە تاك نەفەرییەکانی پێشووتر!!

## دواین دادگاییمان:

لەرۆژی 07/23دا بۆ جاری سێهەم بردینیانەوە بۆ دادگاکەی ئەبوو غرێب..و ئەم جارە دەستیان کرد بە دادگاییمان.!! لەهەر کەسەو پرسیاری خۆی کرد، کاتێ گەیشتە نۆرەی من، حاکم لێی پرسیم:

کاتێ عیسام هات بۆ ماڵ ئێوە، بۆ خەبەرت لێ نەدا؟

**گوتم: بەڕێز! من لەماڵەوە کەوتبووم و نەخۆش بووم! تەلەفونمان نەبوو.. ئەگەر ساق بوومایەو تەلەفونیشمان هەبوایە و شکاتم لێ بکردایە، بم وتایە چی؟ بم وتایە: پۆلیس وەرن کابرایەك هاتووە باسی سەبر و خۆگریم بۆ دەکات، و لەو بارەوە ئایەت و حەدیسم بۆ دەخوێنێتەوە!! ئەوکاتە پۆلیس بە منیان دەگوت: کاکە! ئەوە تۆ شێت بویت؟! بۆچی ئێمە کافرین؟! ئێمە دژی قورئان و حەدیسین؟! تا هەرکەس باسی قورئان و حەدیس بکات ئێمە بیگرین و موحاسەبەی بکەین؟ ئەم کابرایە باسی سیاسەتی بۆ من نەکردووە تا من بڵێم: ئەمە باسی سیاسەت دەکات، و دژی دەولەت قسە دەکات..!! من پۆلیسم لەچی ئاگادار کردایەتەوە؟!**

**پاش ئەوەی کە لێ پرسینەوەو وەڵامدان تەواو بوو، مەحکەمە لەبارەی خۆم و هاوەڵەکانمەوە بەم جۆرەی خوارەوە بەپێی ئەحکامی تایبەت فەرمانی دەرکرد:**

## حوکمی کوشتن:

**حوکمی کوشتن بەسەر ئەم شەش برایەدا:** 1- عصام کاظم الراوي، 2- محمد فاضل السامرائي، 3- عبد الحميد حسون، 4- صبار مهدي السامرائي، 5-ماهر عيسى نجم

عبد الله، 6- محمد حمزة البصراوي. لەگەڵ داگیرکردنی هەموو ماڵ و سامانیانیاندا.

## زیندانی هەمیشەیی:

زیندانی هەمیشەیی بۆ هەر یەك لەم هەشت برایە: 1- نێیر عایف التکریتی، 2- محمد علیان عطیة، 3- محمد عبدالرحمن نافع، 4- محمد عبدالرحمن سعید، 5- علاء مکی عبد الرزاق، 6- عبد العزیز حمید لطیف،7- عمر إسماعیل صالح، 8- زکریا وجیه أحمد السوری. . و داگیرکردنی هەموو ماڵ و سامانێکیان..

## پانزە ساڵ زیندانی:

پانزە ساڵ زیندان بۆ هەر یەك لەم برایانەی خوارەوە: 1- عبد الرحمن عبد الصمد محمد سعید، 2- وائل شامل محمد، 3- وئام عبد الحمید، 4- عماد عبد الواحد، 5- عواد یعقوب، 6- حسن محمود شمیرانی،7- عبد الرضا عباس طعمة، 8- ستار محمد عباس، 9- محمود عبد محمد موسی، 10- إسماعیل مجید محمد، 11- مازن عیسی نجم، 12- رعد عبد الوهاب عبد القادر، 13- أحمد شنتر سرحان، 14- ریاض یوسف

عبود، 15- حسين رشيد، 16- عبد الستار عبد الجبار، 17- محمد رحمه الله، و داگیرکردنی هەموو ماڵ و سامانیان.

## دەساڵ زیندان:

دەساڵ زیندانی بۆ ئەم شانزە برایەی تر و داگیرکردنی هەموو مال و سامانیان: 1- عبد الستار محمد 2- محمد إبراهيم عزيز خلف، 3- سهيل نجم عبد الله ، 4- نوفل عبدالباقی، 5- محمد سراج الدين محمد معصوم، 6- عبدالكريم محهدی، 7-أمين أحمد صبار، 8- يوسف غضبان مبارك، 9- نعمان يوسف علوان، 10- عامر عبد الواحد، 11- منذر ناصر محمود، 12- شاكر محمود لطيف، 13- أحمد لفته ياسين، 14- منصف نافع فاضل، 15- خالد هادی حامد، 16عباس يوسف عبد الله..

## پێنج ساڵ زیندان:

پێنج ساڵ زیندانی بۆ هەر یەك لەم چوار برایە: حقی إسماعیل ، فاتح عبد المحمد، حارث عبدالرزاق، عبدالكريم علی یاسین..

## بەر بوون:

ئەم سێ برایەی خوارەوەش لەبەرئەوەی دانیان بەهیچدا نەنابوو هیچیان لە سەر سابت نەبوو حوکم درا بە بەربوونیان: 1- (بەندە) حسن محمد أمين پێنجوێنی، 2-

دکتۆر ئیبراهیمی ئەرمەنی، 3- موهەندیس قاسم تورکمانی..

ئێمە ئەم سێ برایە بە هیچ شێوەیەك لە تەحقیق دا دانمان نەنابوو بەوەدا کە لەرێکخراوێکداین، ئەوەش تەنیا لوتفی خوا بوو ..

ئەوشەش برایەی حوکی لەسێدارەدانیان دەرچوو خۆیان شادمان بوون، بەڵام ئێمە هەمووومان دڵمان پڕبوو، و دەستمان کردە گریان بۆیان..

لەبارەی زیندانییەکەمەوە لەسایتەکەمدا بە 18 ئەڵقە باسم کردووە، بۆ روونکردنەوەی زیاتر دەتوانی سەری لێ بدەیت..

# # #

# نـــــــــــــاوەڕۆك


| بابـــــــــــــەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| **پێشەكی چاپی دووەم** | 3 |
| **پێشەكی چاپی یەكەم** | 5 |
| **چۆن دەستگیر كرام؟** | 11 |
| **ئاسایشی ناوشار(ئەمنی بەلدە)** | 15 |
| **بەڕێوەبەر.** | 16 |
| **تۆپ بارانی ناوشار.** | 18 |
| **چۆن و بەچی خڵەتام؟** | 20 |
| **ئەمنە سوورەكەی عەقاری.** | 22 |
| **ئەمنی پارێزگا.** | 25 |
| **ژووری پێشوازی.** | 29 |
| **مام حسێن.** | 31 |
| **یەك ئاودەست.** | 32 |
| **بانگكردنەوەم بۆ ژووری تەحقیق.** | 33 |
| **دەستەكانی لەكار كەوتبوون.** | 35 |
| **چەند سەر سەختە!** | 37 |
| **ڕۆژی** 2 / 2 / 1987 . | 40 |
| **كاك عەزیز.** | 41 |
| **ئامۆزای خۆی بەگرت داوە.** | 50 |
| **زلـــەی زاڵم.** | 52 |
| **هەمزە سوور.** | 57 |
| **گورچیلەكانی لەكاركەوتبوو.** | 60 |
| **حاجی ڕەشیدی سەرخەتمە.** | 68 |
| **ڕەزا و ئەمیر.** | 69 |
| **كۆێرانە بوونەتە دوژمنی.** | 71 |

| | |
|---|---|
| 72 | ماموٚستا خیٚری زوٚره. |
| 75 | خوٚزگەم بەخوٚت. |
| 79 | هاوەڵی خراپ. |
| 81 | بوٚ ژووری ژمارە یەك. |
| 85 | قەڵای قایم. (حصن الحصين) |
| 86 | پوٚلیسەکەی سەی سادق |
| 87 | حاڵی زیندانیان. |
| 89 | دەرسی شەوانە. |
| 91 | لەسەرەمەرگا لیٚی قەوماوە! |
| 93 | خوٚ بووراندنەوە. |
| 94 | نویٚژی کوٚمەڵ. |
| 95 | بیٚ ئارامی هاوەڵەکەم. |
| 98 | بەرەو بەغدا. |
| 99 | ئاوات خواستن. |
| 100 | لە ئاسایشی گشتی بەغدادا. |
| 102 | خوٚ شیٚت نەبوویت؟! |
| 104 | بەرەو زیندانی تەنیایی. |
| 106 | ژوورەکەمان. |
| 108 | ئایەتی قورئانی. |
| 109 | چەند دەمی گەرمە؟ |
| 111 | ژووری لیٚکوٚڵینەوە. |
| 114 | ماموٚستا بورهان موحەممەد ئەمین. |
| 120 | بەزوٚر ئەو رەسمەتان گرت؟! |
| 122 | ئەسحابول ئوخدوود. |
| 124 | مەسەلەکەی زوٚر گران نییە. |
| 126 | راسپاردە. |
| 127 | فریشتەی رەحمەت. |
| 130 | لیٚزمەی تف و جنیٚو. |
| 131 | ویٚنەی ئیمام خومەینی. |

| | |
|---|---|
| گوناحە! هاوەڵێکی بۆ بێنە! | 132 |
| وامزانی ئایەتەکە بۆمن هاتووە." وَاصبِرْ عَلَى مَا أصابَكَ " | 134 |
| مامۆستا حەسەنی شەمێرانی | 136 |
| گوتی: من ئیعتیرافم کردووە. | 139 |
| حەمامی دوو دەقیقەیی. | 141 |
| رۆژنامە. | 142 |
| ئەبو صەباح. | 144 |
| سوورەتی ئەلحەدید. | 146 |
| تەنیایی. | 149 |
| حاکمی تەحقیق. | 149 |
| دواین رۆژی تەنیایی. | 153 |
| ژووری بیست و یەك. | 155 |
| لەگەڵ دکتۆر عصامدا. | 158 |
| دڕندەکانی مێژوو. | 162 |
| تیاچوونی دە برام پێچاترە لە...خوشکێ | 166 |
| برا کوژراوەکان. | 170 |
| زەکەریای سوورپایی. | 172 |
| موحەممەد سامەڕایی(م.س). | 176 |
| دادگایی کردنمان.. | 179 |
| بۆ دووهەمین جار بردینیان بۆدادگا | 179 |
| دواین دادگاییمان.. | 180 |
| حوکمی کوشتن بەسەر شەش برادا.. | 181 |
| زیندانی هەمیشەیی بۆ ... پانزە ساڵ زیندانی بۆ... | 182 |
| دەسال زیندانی بۆ(16) برا..پێنج ساڵ زیندانی بۆ (4) برا.. | 183 |
| حوکم درا بە بەربوونی سێ برا.. | 183 |